MEM U ZÎN

چاپی دووەم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

٤٤٧

قەڵاتی ئەستێرەی

رۆمان

کەریم کاکە



رۆمان

ئەستێرەی قەڵاتێ

کەریم کاکە

ناوەندی ڕۆشنبیریی

مەم و زین

- ناوی کتێب: ئەستێرەی قەڵاتێ
- نووسەر: کەریم کاکە
- نەخشەسازی ناوەوە: ناوەندی مەم و زین
- نەخشەسازی بەرگ: پەپوولە یوسفی
- تابلۆی بەرگ: محەمەد ئیسماعیل
- بابەت: ڕۆمان
- نۆبەتی چاپ: دووەم - ٢٠٢٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٤٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٧٥٨)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە.

سەرجەم مافەکانی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی مەم و زین©

memuzin20@gmail.com

١

لاوک، لاوک، لاوکەکە کوا؟

لە سەر ئەوە بوو، ئاوی بۆ گەرم بکەن، کەچی لە ناو خوێنەوە لە لاوکەکەی دەپێچایەوە. هەر لەبەر هەندێ، ناوی وی بە پیری لاوک کەوتە سەر زاری هەندێ.

ماڵنووستنانە، لەو سەرە کۆلانە فڕێیاندا کە بە نوێژی نیوەڕۆیێ هەڵیانگرت و هەڵیاندایە ناو تڕومبێلە جام تارەکە. پیری لاوک کە لە رووناکی بزربوو، لە تاریکی دەرکەوتەوە. وەک چۆن لە سەر زەوی جێی نیوە مرۆڤێکی گرتبوو، لە ناو زەویش - ئەگەر گۆڕی پێ رەوا ببینن- لە دوو سێ بستێ جێیدەبێتەوە. تەمەن و دارکاری هێندەیان پێوەنەهێشتۆتەوە. پێویست بە دارەبازەش ناکات. رێی گۆڕستان نزیکە و وەک مەلۆتکە لە سەر دەستان هەڵدەگیرێ.

سـاڵانێک بە سـەر ئەو شـەوە خوێنـاوی و فرمێسـکاویەی پیـری لاوک تێـدەپەڕێ. ئـاخر ئەو شەوەی لە سەر جادە هەڵمگرتەوە، بە دوای ماماندا دەچـووم. تکـای دنیـام لە ژنەکەم کـرد بچیـنە خەسـتەخانە، تکـای وەرنەگـرتم و مامـانی ویسـت. پیری لاوک مامـانی لەبیربـردمەوە. ژنەکەم بە سـەر منداڵەوە چوو. منداڵەکەش لەگەڵ دایکی چوو.

ئەو شەوەی (ئەمن) کاریان بە پیری لاوک نەما و هێنایـانەوە جێی خـۆی، شـەوێکە لەبیرنـاچێتەوە. ئەو شـەوە مەرگـی ژنەکەم پیـری لاوکـی لەبیربـردمەوە، مـرد، نەمـرد! لە کوێیـان ناشـت! لە گۆڕستانی گەورەی شـار، گـۆڕێکی تـازە کەوتبووە تەنیشـت گـۆڕی ژنەکەم. نزیـک گـۆڕی شـاعیری خەنـدەی بـایی. وای بـۆ دەچـم گـۆڕی ئەو بووبێـت. هەرچەندە قسە هەیە، ئەو شەوە بەر لە گیاندانێ:

ئەسـتێرەیەکی تـژی لە ورشـە داکشـایە حەوشـە. روونـاکـ ـ ـ ـ ـاک، کەس چـ ـ ـاوی لە بەری هەڵنەدەهـات، تـا ببینـێ چ روودەدات. بەڵام دوای هەڵکشان و چوونەوەی بۆ ئاسمانێ، پیری لاوک لە سەر جێ نەمابوو.

چیرۆک وا دەخوازێ لێرەوە لە جێی لاوک، پەنهانزان گۆبکەین و ناوی ببێتە پیری پەنهانزان. خۆ منیش لەو شەوەوە ناوی خۆم گۆڕی بۆ (سێزدە) بەو ناوە نەبێ وەلامی کەسم نەداوەتەوە. ئاخر ئەو شەوە لە هەموو شەو و رۆژان سێزدەتر بوو، ئەز لە سێزدەی گەلارێزان هاتوومەتە دنیا، لە تەمەنی سێزدە رۆژی بابم فرۆکە کوشتی، سێزدە سالان بووم دایکیشم هەر بر فرۆکە چوو، سێزدە مانگیش لە باوەشی ئەستێرە نووستم، مردنەکەشی کەوتە سێزدەی مانگ.

لە سەر بانەوە گرتنەکەشیم دیت. چەند خولەکێ بەر لە دەنگی تەقەکە، پیری پەنهانزان بە کووڕە کووڕ و بە هەلەداوان بەرە و ئەو سەرە کۆلانە دەڕۆیشت کە رێی پیاوەکە بوو. ئەو پیاوەی کەس نیە نەیناسێ و کۆتایی چیرۆکەکەشە. ئەو پیاوەی لە بن دیواری قوتابخانەکە بە دەستڕێژێک ساردیان کردەوە، مندال دەوریان دا و گەیاندیانە خەستەخانە، بەلام کار لە کار ترازابوو.

بە چاوی خۆم دیتم، پیری پەنهانزان خۆش خۆش دەڕۆیشت. وەک بلێی دلی تریواندبی. لێ نەگەیشت، ئەوان گەیشتن و بردیان. هەینێ ژنەکەم زگی شەش

مانگـان بـوو، دڵەكـزەی دەگـرت. لەگەڵ مـاڵی پیـری پەنهـانزان ماڵێكمـان بەیـن بـوو، لە شـەوێكی خـراپ هێنایانەوە.

لەو چەنـد سـاڵە دنیـا بە شـێوەیەك گـۆڕاوە، ناناسـرێتەوە. ئەو گـۆڕانە بـاش كەوتەوە، وا نەبـا كەس سەربردەی پیری پەنهانزانی نەدەزانی. رازی ئەوی نەدەزانـی. نهێنیەك لە زۆر جێ بـا بە رەوتـی مێـژوو دەداتەوە و دەیـداتە رێچكەیەكیـدی. سـەربردەی ئەو پیـاوە لە لاوك و داسـتانیش جێـی نـابێتەوە. مێـژوو دەترسـێ لە خـۆی بگـرێ. سەربردەیەكی درێژ و رازدار، لە دەوروبەری قەڵای دمـدمەوە دێ و زۆر جـێ دەكـات و دەگـاتەوە بـن قەڵاتی ئێره.

لە زاری پیـری پەنهـانزانەوە كەس شـتێكی ئەوتۆی نەبیست، خەڵك بۆنی شتێكی وای لێبكات. ئەو پیاوە ئەو هەموو ساڵە چۆن ئەو دنیـا رازەی لە دڵ پاراست و بە زاریدا نەهات! ئێران و تووران و بەغدای كردبوو، سەراو و دەراوی زۆر دیتبوو، دنیا گەڕابوو. تا تەواو دانەكەوت، بە یەكجاری نەهاتەوە زێد. كەمدوو بوو، بەتۆبزیش قسەی نەدەكرد. بە ئا و نـا و زۆر بە كـورتی وەڵامـی قسـە و پرسـیارانی

دەدایەوە. دواتر بیستمەوە لە بارەی رازەکەیەوە لە شێوەی ورێنە، شتێکی کەمی لای نەوەکەی بە گۆڕێ وەرکردبوو، کەس بە هەندی هەڵنەگرتبوو. بەڵام دوای ڕووداوەکە قامچی هێنایە قسە، دیارە قامچی زمان دەخاتە زاری بەردیشەوە.

گۆڕانی دنیا، قامچیشی هێنایە قسە، قامچی پێیلێنا. وەک چۆن پیری پەنهانزان بەرگەی قامچی نەگرت و بن بەڕەی بۆ هێنایە سەر بەڕە، نیو سەدەیەکی بۆ گێڕایەوە، قامچیش هاتە قسە و بە درو داو پیری پەنهانزانی گێڕایەوە. پیاوێک ئەوەی پێش گۆڕانی دنیا مالی کەوتبووە نێوان مالێ مە و مالی پیری پەنهانزان و کەس هێندەی سەرە دەرزیەک گومانی خراپی لێنەدەکرد. ئێستا بە ترس و لەرزەوە، بە هەوکی پڕ گریانەوە دەگێڕێتەوە. ئەو پیاوەی ژنەکەمی لە گۆڕ دەرهێنا و خۆشی نازانێ چەندێ لە شار دووریخستەوە و لە کوێ خستیە بن خۆڵەوە، ئەو پیاوە وا دەگێڕێتەوە. لە قسان بە هەڵە بردوویانە، مەبەستیان ئەو نەبووە. دەزانم ئەو کەسانە جێی باوەڕ نین، بەڵام من باوەڕی پێدەکەم. رازی پیری پەنهانزان وای کرد باوەڕی پێبکەم. چەند رۆژێکیشە لەو دەشت و دەرە دەیگێڕم، ئێ، ئەوە خوایە بە جێیەکە بکەوێتەوە. ژنە گۆڕگومەکەم

ببینمەوە. لە بەدبەختی من ناچێتەوە سەری. ئەو پیاوە دوای ئەو هەموو ساڵە رستەیەکی پیری پەنهانزانی لەبیرنەچۆتەوە، کەچی بە جێی گۆڕێک ناکەوێتەوە.

٢

لە بابم پتر خۆشمدەویست، بەڵام دەبوو زمانی لێبدەم. وام نەکردبا، نەخشەکە دەبووە تڕی ناو رانکێ و نێچیرەکە لە دەستدەچوو. کەمێک پێش گەڕانەوە و دەستبەکاربوون، لە حەوشەوە گوێم لێیە، پیاوە پیرەکە لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

دەیکوژن ئێستا دەیکوژن، دەبێت بیگەمێ و رێ بگۆڕێ.

لە دڵی خۆم گوتم، تۆ بڵێی مەبەستی ئەو بێت، ئای! کوڕە ناوەکەشی گوت، باشە لە کوێی زانیوە؟ تۆ بڵێی لە ناو ئێمە دەستێک هەبێ! گومانم لە خۆم کرد، گوتم رەنگە لە زارم دەرچووبێت. هاتمە دەرێ و دیتم لە سەرە کۆڵانێ سووڕایەوە. تەلەفۆنم بۆ ئەبوو عەلا کرد، کێشەکەم تێگەیاند. وەکات دەستەیەکی نارد، بردمان و پلانەکەمان سەریگرت.

ئەو پیرە پەنهانزانە بەرگەی سەرە سمێک ناگرێ، قامچی چی! هێندەی پشیلەیەکی لێ ماوەتەوە. لە

توورەگەیەک جێی دەبێتەوە. ناکرێ لە ڕێی دارکاری و قامچییەوە قسەی لێ دەربهێنی. ئاخر لەگەڵ قامچیی یەکەم فریای زار هەڵهێنانەوە ناکەوێ و گیانی دەگاتە ئاسمانێ. لە دەستماندەچێ، شارێک، تۆ بڵێ وڵاتێک زانیاریی گرنگ لەگەڵ خۆی دەبات و دەسەڵاتمان دەکەوێتە مەترسی. لە خۆمان دەپرسی:

جگە لە قامچی، چی؟!

نەبوو، قامچی تاکە چارەیە. دنیایان خستە بەردەمی، دەستی بۆ نەبرد و ورتەیەکی نەکرد. بە زۆر شەرابیان بە قوڕگیەوە دەکرد، دەخەوت و لە خەوێش زاری نەدەجووڵا. هەڕەشەی ناردنە دۆزەخیان لێکرد، خۆی تێکنەدا. ئەگەر رستەی ((حەیف، کوشتیان))ی بە زاردا نەهاتایە، هەموو باوەڕیان دەهات کە ئەو پیرە کەڕوولاڵە و لە بنی وشەیەکی گۆنەکردووە. منیش دەکەوتمە گومان، گومان لەوەی ئەو پیرەی رۆژانە چاکۆچۆنیەکی گەرممان دەکرد و من بە کوردی بەیانی باشم لێدەکرد، ئەو بە کوردی و عەرەبی وەڵامیدەدایەوە، هەمان ئەو پیرە بێ، ئەوەتا لە بن قامچی لە پشیلەیەکی گیان تێدا نەماو دەچێ.

+ ئەبوو نەجم، پیرە پشیلەکە بە تۆش نایەتە میاوە؟!

– من...

من نەمدەویست، پیرە پشیلەکە دارکاری بکەم، بەڵام فەرمانە و لە سەر سەرانە. بیرم نیە لەگەڵ قامچیی یەکەم چی روویدا، بەڵام لە بەرزکردنەوەی دووەم، بەو چاوانەی خۆم دیتم، ئەستێرەیەک لە پەنجەرەوە هاتە ژووری. لە سەر سینەی پیرە گیرسایەوە و لە رووناکایی بزریکرد. پیرە خۆی **بوو ئەستێرە. یەکهی هەڵاتم. لە هەڵاتنی بیرمکەوتەوە، رەنگە سۆزی دراوسێتی ئەستێرەکەی** هێنابێ، دەنا ئەستێرە خۆ کەلاشووشە نیە لە ئاسمانێ بکەوێتە خوارێ.

گەڕامەوە سەر پیرەی دراوسێ، نە رووناکایی هەیە، نە ئەستێرە لەوێ ماوە. پیری پەنهانزان لە گوشێکی لوولدراو دەچێ، لە سەر تەنیشتە، هەستمکرد پەڕۆکەکەی چاوی شلبۆتەوە، توندمکردەوە. دەستی کە لە پشتەوە بەسترابوونەوە. دەبینم سەری پەنجەکانی بە شێوەیەک لێکدەدان، وەک بڵێی شتێک بژمێرێ. خێرا خێراش فووی دەکرد، دەتگوت پاروووە نانێکی

گەرمی لە دەستە و ساردی دەکاتەوە. دەنگی خۆم گۆڕی و فەرمانم پێکرد:

هەرچی دەزانی، بیلێ.

بە دەنگێک دەتگوت لەوەوە نا، لە دیوارەکەوە بێتە گوێم:

حەیف، کوشتیان.

چارەی ئەو پیرە قامچیە. بەرزمکردەوە، رامنەوەشاندبوو، دیتم ئەستێرەکە وەک گوللە هات. هەوبوو، ئەستێرە بوو. لە کولانکە گچکەکەوە دیتم لە ئاسمانەوە هات، لە ناو ئەستێرانەوە هات، پیرەی بە رووناکیی خۆی داپۆشی.

سەرۆک هاوارە، ئەوە چیە، ئەو ئەستێرەیە، ئەو کەرتکە ئەستێرەیە بۆ وا دەکات؟ ئەوجارە لە جاری دی پتر ترسام. چاوم گرت و دەرپەڕیم. دەمویست لە قامچی بە دەستان بپرسم، داخوا ئێوەش ئەستێرەی واتان دیوە؟ نەوێرام، پرسیاری وا هی شێتانە. تۆ بڵێی من شێت بووبم! نابێت ئەبوو عەلا بەوە بزانێت، بەزمی ئەستێرەکە بەو بگاتەوە، لە جێی پیرەم دەبەستێتەوە و دەمخاتە ریزی ناپاکانەوە.

کاتی سەردانم بۆ لای پەنهانزانی بە ئەستێرە داپۆشراو گۆڕی. لە شەوەوە کردمە ڕۆژ. بە نوێژی نیوەڕۆیێ ئەستێرە چ دەکات، بۆی چووم. هێشتا قامچیم نەجوولاندبوو، ئەستێرە خۆی بە ژۆرێدا کرد. ئەستێرەی ڕۆژێ لە هی شەوێ ڕووناکترە، ئاوی چاوی دەبرد. نەک پیرە، دەستی خۆم نەدەدیت. لەو دەمەی ئەبوو عەلا گازیکردم، بیرێکی چاکم بە مێشکدا هات:

- پشیلەکەت نەهێنایە قسە؟

+گەورەم، خەمت نەبێت، زۆری نەماوە.

پیری پەنهانزانم ڕاکێشایە چاوەیەکی داخراو، کونبڕ، تاریک، نەک ئەستێرە، پێشکەش ڕێی هاتنە ژۆرێی نیە. تاریکە، چاو چاو نابینێ. لایتێکی گچکەم لە سەر پیرە ڕاگرت، ناوی سەرۆکم لێهێنا.

-ئەستێرەکە ڕێی نەبووبێت، یان لە سەرۆک ترسا؟

+پەلەت نەبێ.

بیرمچوو بڵێم، پێدەچوو ترسی ئەستێرەکەی لە ڕووم خوێندبێتەوە. چوونکێ یەک دوو جارێ

تیچاوێکی دامێ، لەرزم هاتێ. من دەزانم لە بن ئەو جۆرە تیچاوە چ شتێ هەیە. ئەو پیاوە تیچاوی وای دابێتە هەر (رەفیق)ێ، دەبێت قورِ بۆ خۆی بگرێتەوە. ئەگەر زۆر سووک لە بنی دەرچێ، دوورخستنەوەیەتی بۆ بنی دنیا. بۆیە بریارمدا، نەک ئەستێرە، خۆر بە خۆرایەتی خۆی بێتە سەر پشتی پیری پشیلەیی، قامچی خۆم بوەشێنم و بیهێنمە قسە. ئیدی ناوی سەرۆکم لێهێنا.

-تەنها ناوی سەرۆک، ناوی خودات نەهێنا؟

+لە زیندانێ، سەرۆک خودایە، مردن و ژیان لە دەست ئەودایە.

ئێ، بە نوێژی نیوەرۆیێ، لە هۆدەیەکی لە شەو تاریکتر، قامچیم بادا. لە بن تیرۆژی کزی لایتەکە، بە ئاستەم لێوی دەجوولێ:

حەیف، کوشتیان.

گەیشتە کونە لووتم، گوتم:

ئێستا، دەتنێرمە کن ئەو.

هاته سەرم بە پێلەقە بکەومە سەری و سیسرکە ئاسا پانیبکەمەوە. باش بوو بیرمکەوتەوە کە ئەو پیاوە نابێت بمرێت، دەبێت بێتە گۆ، قامچی...

* * * * *

بۆوەی سەربردەی پیری لاوکی پەنهانزان وەک خۆی بچێتە دیرۆکەوە، بە دەردی ئەو سەربردانە نەچێ کە هەرکەسە بە دڵی خۆی، تام و خوێی پێوەکردووە. لێی بڕیوە و تێیبڕیوە و بە سینگی دیرۆکیەوە کردووە. ئەو پیاوە نابێت ببێتە درۆیەکیتری دیرۆک، بۆیە ئەبوو نەجم بەس نیە بۆ گێڕانەوەی وی.

ئاخر ناکرێ دیرۆک لە زاری کەسێکەوە تۆماربکرێ کە سەردەمێک سەرۆکی بە خودا زانیبوو. پیرێکی دراوسێی خۆی بە گرتن دا و هەر خۆشی دارکاری کرد. هەر ئەو پیاوە گۆڕی ژنێکی هیچ لە هیچ نەبووی، بە سەر منداڵەوە چوو، لە گۆڕەکەی خۆی دەربهێنێ. ئەو پیاوەی دەر و دراوسێ سوێندیان بە سەری دەخوارد، کەچی میرغەزەب دەرچوو. بۆیە هیچ نەبێ، یەک دوو کەسێ دەبێت پەیدا بن و گێڕانەوەی ئەبوو نەجم پشتڕاستبکەنەوە.

ســـــەربردەی پیـــــری پەنهـــــانزان، وا چـــــاکە، رۆماننووســـــیش هێنـــــدە خـــــۆی تێهەڵنەقـــــورتێنێ، چوونکێ بە بیانووی هونەرکاری و جوانگێڕانەوە، لە دیرۆکی دووردەخاتەوە.

٣

له هۆدەی ئەشکەنجە دەیانهێنامەوە. چاوم پڕ خوێن بوو. بەردەمی خۆمم نەدەدی. بە دەنگ ناسیمەوە. ناسیمەوە ئەبوو نەجمە. له دەنگیڕا دیار بوو چەند شپرزەیە:

ئەستێرە، ئەستێرە، ئەستێرە هاتە ژووری.

وا تێگەیشتم، پیاوێکی گەورە هاتووە و ناوی ئەستێرەیە.

***

منیش لەوێ بووم. جارێک لە ڕێی ئاودەستێ، ئەو ئەبوو نەجمە بە تەنیشتمدا تێپەڕی و قامچیەکی خێواندمێ و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

پیرە پشیلە ئەستێرە دەپارێزێ.

***

منیش شتێکم لە سەربردەی ئەو پیرە لە زاری خۆیەوە بیست. دوو شەو بەر لەوەی بزربێت، لە ژوورێک پێکەوەبووین. وەها شلوکوتیان کردبوو، خۆی ڕانەدەگرت. سەریم خستە سەر کۆشم، بە دەم خەوەوە پچرپچڕ دەیگۆت:

گۆتم... هەم... شتم گۆت، لە قەڵاتەوە... لۆ... قەڵات...

ئەو شەوە دنیایەک وڕێنەی کرد. وڕێنەی سەرنج ڕاکێش. وڕێنەی ناسک. حەیف، من هەینێ قسەکانی ئەو پیاوە بە وڕێنەکردن تێگەیشتبووم. ئەو پیاوە ئەو شەوە لە خۆشخوانێکی ماندوو دەچوو، بە ڕژد و هەڵدێرا هەڵگەڕێ و سەربردە بگێڕێتەوە. زار شیرنی لە شێوەی ئەو پیاوەم نەدیتبوو. بە تەرزێ سەربردەی دەگێڕایەوە، من ئێستاش دەڵێم یەکێک بووە لەو چیرۆکنووسانەی لە گابەردەوە ئاوی گێڕانەوە هەڵدەقوڵێنن و بەریدەدەنەوە. چەند جارێکیش لێم پرسی:

تۆ کێیت؟ خۆت بناسێنە.

ئەو شەوە پێنەدەچوو ببیستێ، تەنێ زاری دەگەڕا:

هەرچیم هەبوو، شتێکیشم لە کوڕە ئالا وەرگرت، بە ماینەکی شینکی بژ گەزێک درێژم دا. لەو ماینانە بوو، فڕۆکە نەدەگەیشتە تۆزی پێی. لەو ماینانە بوو، بە سەر زێدا بازیدەدا. قەدبڕ چیای دەبڕی. ماینێ من باڵی گرت و مینا فڕۆکەی ئینگلیزی فڕی.

ماین دەتگوت دەزانێ، چیم لەدڵدایە. لە من بلەزتر بوو. لە دەمی ئالیکدانێش پشووی نەدەدا. سەر بە جۆڕکەوە چوار ناڵەی لێدەدا. بۆ ئاو خواردنەوەش **هێندەی نیشتنەوەی چۆلەکەیەکی زارەتەریکی پێنەدەچوو. هەستمدەکرد**، ئەو دەڵێ:

درەنگە، توند خۆت بگرە، دەفڕم.

فڕی، نازانم چەندم پێچوو. عەسرانێ گەیشتمە کوێستانی کێلەشینێ. لەوێ لە بڵندایی دنیایێ، لە زارکی رەشماڵێک گەردنکێلێک کە دەتگوت زادەی زەنوێرە، بە جامێک دۆوە جڵەوی ماینی لێوەرگرتم و گوتی:

سوارە سووکەلانە، دەڵێی لە شامەڕێوە دێی. ماینەکەت رووبارێ عارەقەی دەرداوە.

وابوو، ئاورم لە جێپێی ماین دایەوە، عارەقە جۆگەلەی بەستبوو. لەوێ بایەکی تەزی هەڵیکرد.

قەدپاڵەکان بەفریان پێوە بوو. پشووێکی کورتمان دا. ماین لە من پەلەتر، من لەو پەلەتر، بە نووردووە نانێک و پەنیری مێرێ و پرسیاری کورتترین ڕێی شنۆیێ، ڕەشماڵنشینانم جێهێشت. پێم لە ڕکێف نا و فڕیم. لە شۆڕبوونەوە، تاریکیەکم بە سەردا هات. تارترین شەو، لەو دنیاش شەوی وا تار نیە. دوو بست پێش خۆم نەدەدیت. ماین ڕێی دەدیت، بەڵام وا دیارە ڕێ ڕێی لێدەبێتەوە. ماینش خۆ کچی ئەو وڵاتە نیە، بە چ بزانێ کام لەو ڕێیانە دەمانباتەوە ئەوێ.

نەخشەی ڕێم لە ڕەشماڵنشینانی کێلەشینێ وەرگرت. دەزانم ڕێ چەند ڕێی لێدەبێتەوە و هەر ڕێیە دەچێتەوە کوێ و ڕێی من کامەیانە. بەڵام بەو شەوە ئەنگوستەچاوە وا بڕی ماینەکەم نابینم، ڕێ دەبینمەوە؟ لەوێ لە ماینە شینکە کە منی بە فڕین گەیاندە ئێرە، پەشیمانبوومەوە. دەبوو ماینێکی ئەو هەرێمەم کڕیبا. ئێستا لە سەر پشتی پشتم لێدەکردەوە و دڵنیادەبووم دەمگەیەنێتە کورە بوێرەکەی غەزالی چاو ئەستێرە.

حەیف، بیرم لەوە نەکردبۆوە، شەو ڕۆیشتنم دەکەوێتە ئاقارێ. نە لووتکەیێ، نە گردۆلکەیێ، نە

بنەدارێـــک، نە چەمێکـــی ناســـینەوەی رێ خـــۆ نیشـاندەدەن. هەوکە هەر دەبـێ چـاوەڕێی ئاسـمان بـکەم. مـانگم بـۆ بنێـرێ، مـانگی رێنیشـاندەر. دەی ئاسـمان، مانگـت بنێـرە، هێنـدە کـاتەم بە دەسـتەوە نەمـاوە. مـن دەبێـت بیگەمـێ و پێیبڵـێم بە خـۆت نەکەویت، هێندەت نەماوە.

دەڵێی ئاسمانیش دەستی لەگەڵ ئەوان تێکەڵە. تالە تریفەیەکـــی رێنیشـــاندان شـــۆڕناکاتەوە. ئاســـمان **دەستی لەگەڵ ئەوان** تێکەڵکردبێ، لەدەستماندەچێت. **دڵم دەڵێ ئەوشـۆ نەگەمـێ**، کـار لە کـار دەتـرازێ. **ئاسمان بڕ را دەکـات، ئەدی هەر ئەو** نەبـوو، منـی **بەو رێیە خست؟ هەر ئەو** نەبوو لە سەرخەوشکانێ، **گوتی:**

بیگەیێ، ئەو بچێ، خەونێکی گەورە دەچێ.

لەو تـــاریکە شـــــەوە کە تررووســـــکاییەک نە لە ئاسـمان، نە لەزەویەوە دیـارە، لە سـەر زینـێ نـوێژم دابەسـت. لە هەر رکـاتێ سـەری مـاینم بە لایەکـدا دەسـوورڕاند. دەمگـوت، یەکیـان هەر دەگـات. هەر جارەی بە ناوی پەیامبەرێ لە خـودا دەپاڕامەوە کە مانگ هەڵداتە ئاسمان و تریفە شۆڕبکاتەوە. زەوی و رێی کوڕی غەزاڵی چاوئەستێرە ببینمەوە.

خودا له ئاسمانەوه رووناکایی نەنارد، بەڵام له زەویەوه، ئاگرێ دەرکەوت، له ئاگری دزان دەچوو. دەست له سەر مشتووی خەنجەر، رووەو ئاگرەکه چووم. ئاگر بووه چەند ئاگرێ. تێگەیشتم ئاوەدانیه. بەرەو ئاوەدانی هەیهام له ماین کرد. له دوورەوه سەگ پێشوازییان لێم کرد. دەنگێک دەنگی دام، زۆر له دەنگی تۆ دەچوو.

+دەنگی من؟!

پیری پەنهانزان دەنگی منی نەبیست و له گێڕانەوەی خۆی نەکەوت:

گوتم: منم، له بنی دنیاوه هاتووم. رێی شنۆییم بزرکردووه.

کابرا به زمانێکی له قەند شیرنتر:

تۆ پشووێک بده. چایەک وەخۆ. هەر شنۆ نا، رێی تارانیش له سەر من.

رەنگه گوتبێتم رێی تاران کاول بێ. چایه به گولله دەستناکەوێ، کەچی لەو درەنگانی شەوە، من قۆریەک چایەم هەڵقوڕاند. بەڵام چ پێناچێ تامم لێکردبێ.

+ئەرێ، ئەو ناکەسانە دەبێت چایەکمان نەدەنێ؟ !

ویستم بڵێم دوای نیو سەدە لە قۆریە چایەکەی پێشە تۆ، لێرە مەگەر بە مووشەک پیاڵەچایەک دەستکەوێ. قسەکەم گێڕاوە ئاخر پیری پەنهانزان تەنێ قسە دەکات و قسەی کەس نابیستێ:

ئەرێ من لە کەنگێوە بەرێوەم؟ چەند شەوم بە سەردا هات؟ لە چەند جێ پشووم دا؟ جگە لە دڕیەکەی کێلەشین و سەرسمەکە و پڕووشەی تالگەکەی رێ چ جێیدیم لەبیرنیە، ئێستا خانەخوێ لە بن نیشکی چرارەشکە دەڵێی ئەستێرەی سیوەیلە دەدرەوشێتەوە، بەو درەنگانی شەوە بارۆکەی کوشتەوە. چایە لە دوای چایە تێدەکات. هەینێ کەسێ چایەی هەبا، شا بوو.

چەندێ گوتم: درەنگ دادێ، رێم نیشاندە، دەڕۆم.

بە بۆنی چەلاوی بارۆکە و چایە بەستمیەوە. خۆم بە عەرد دادا، نەیهێشت هەستم. چەندی گوتی:

زۆر رێبواری بەپەلەم دیوە، بەلام هی وەک تۆ نا. چ راسپاردەیەکت لە گیرفانێیە و بۆ کێ؟

هـیچم نەگـۆت. خـودا لە دورِ دەوی خـانەخوێی بەدڵ و چاوتێر بدات. من ئێستاش دەڵێم ئەو پیاوە لە چـاومەوە راسـپاردەکەی دڵمـی خوێنـدۆتەوە. ئەویش داردەستی شا بووە، بۆیە گیری کردم.

نازانم لە چایەی چەندەم بووم، مانگ لە ملەکەی ئەوبەرەوە، لە شـێوەی گـڕی لەپـڕی کـۆلکەی داربەڕوو، دڕی بە تـاریی ئاسـمان و زەوی دا. ئەسـتێرەیەکیش نەرم نەرم هـات، لە شـێوەی گـوجیلەیەکی درەوشـاوە لە بەردەمـم نیشـتەوە. ئامـاژەی رۆیشـتنی کـرد. دیـتم کلکـی تیشکاوێژی رادەوەشـێنێ، ئـاورِم لێدەداتەوە، بە زمـانی چـاو و کلک دەڵێ:

وەرە، بە دوای مندا وەرە.

گۆتمە خانەخوێ:

+ماڵت ئاوەدان، رێم نیشاندە.

-رێ ئەوەتا لەو خوارە- دەستی بۆ رێی گوجیلە ئەستێرەییەکە درێژکرد- بەڵام بەو شەوە تاقە سوار بـۆ کـوێ؟ تـۆ منـداڵی ئەزمـوونی رێوبانـت نـیە. لە دەسـتی چەتەی خۆمـانیش دەرچـی، دەکەویە داوی جەردەی عەجەمەوە.

+ئەوشۆ نەگەمە ئەوێ، دنیا ژێراوژوور دەبێ.

چ دوور نیە، دەرمانی خەوێ، تۆ بڵێ هی مردنی، بۆ لە شیوێ کردبم. لە حیلەی ماینێ شینکە وەئاگاهاتم. تاهوواها! ئەوە چ کاتی رۆژە، خۆر هەر لە چیاوچۆل نا، لە زیندانیش هەڵهاتووە. ماین سمکۆڵان دەکات. سەرەتا وا تێگەیشتم لە برسان، لە تینوێتیە. وا نەبوو، پەلەی بوو، بە چاو قسەی دەگەڵ کردم:

تۆ لە کوێی؟ لەبیرتچوو، ئەدی هەرێت نەدابوو؟

ماین لە زینکردنێ، یارمەتیدام. زاری گەیاندێ و هەڵیدایە سەر پشتی خۆی. باڵمان گرت. لە دەروازەی رۆژاوایێ، خۆم بە شاردا کرد. بە سەر قورپێواندا کەوتم. تێگەیشتم درەنگ کەوتم و وێرانەگەیشتم. تەرمەکەشیان بردبوو.

پیری پەنهانزان هەناسەبڕکێی پێکەوتووە. هەنسکان دەدات. هەستمکرد تینووە. قورگی وشکبووە. ئای بۆ چۆڕە ئاوێک، بە سەر لێویەوە بکەم. بەڵام زیندان لە بیابان وشکترە. پیاو هەیە بۆ دڵۆپە ئاوێ تاوانێ بە ملی خۆیدا دەهێنێ، دوور و نزیک دەستی تێدانەبووە. باش بوو پیری پەنهانزان

ناوی ئاوی بە زاردا نەهات و سواری ماینەکەی بۆوە و پێی لە ئاوزینگێ نا. پرسیم:

تۆ بۆ گێڕانەوەی گیانی ئەو کوژراوە هاتبوویت؟

نەیبیست و ئاوڕی نەدایەوە. پێدەچوو لە گێڕانەوە ماندووبووبێت. هەستمدەکرد، لە جێ جێ سەرهات دەپچڕێ و گرێی ناداتەوە:

کۆمەڵە شێرێکیان خستبووە پشتی ترومبێلێکی گەورەوە بە ناو شاردا دەیانگێڕان. سێ رۆژ گێڕایان. سێ رۆژ بە ناو جادەدا رایانکێشان. منداڵەورتکەی عەجەمان نەدەوێران زۆر لێی نزیکبکەونەوە، لە دوورەوە پەلە بەردیان تێدەگرتن... شا شایی گێڕا...، خۆ لە کەوتنە ناو بۆسەکە ئەگەر بۆ سەر لاشەی کوڕەکەی نەگەڕابایەتەوە، دەردەچوو، بەردەست نەدەکەوت... تەرمەکان وەها شێوێنرا بوون، نەدەناسرانەوە. ژنەکەی بە پەنجە بڕاوەکەی مێردەکەی ناسیبۆوە... سەری خۆم هەڵگرت. خۆم لە کەلاوەی دمدم دیتەوە. دوو سێ شەو لە ناو بەرد و پووشوپەڵاشی ئەوێ مامەوە. ماین لە دەورم دەخولایەوە و بەجێینەهێشتم. ناوە ناوە دەهاتە سەرم. دەمدیت وردە فرمێسکان دەبارێنێ، فرمێسکی گەرم خوێناوی. دەهات بە

نەرمـی لـچ و لێـوی لە شـانم گیردەکـرد. بە ئامـاژە دەیگوت:

سوارۆ، سواربە، با بچینەوە.

دڵی مـاینم نەشـکاند و خـۆم هەڵدایە سـەر زینـێ. ماین نازانم بۆچی ڕێی گەڕانەوەی گۆڕی و بردمیە دەروازەی (هەزاران) تـۆ بڵێـی بـۆ بیسـتنی لاوکەکە بووبێـت یـان... ژنێـک لە سـەر گۆڕێـک بە دەنگێکـی ژنانەی وا پیاوی دەتاواندەوە هەڵیکردبووە لاوک، چ لاوکـێ! پێـدەچێ لاوکبێـژەکە لەوەوە فێـرە لاوکـان بووبێـت. لەو لاوکەدا باسـی مـار و شـای دەکـرد، باسـی ئەوەی دەکـرد، کـاتێ مـار بە پەنـجەی کـوڕەکەی غەزالـی چـاو ئەسـتێرەوە دەدات، وەکـات خەنجەر هەڵدەکێشێ و پەنـجەی خـۆی دەبڕێتەوە و ژەهر بنبڕ دەکات. بەڵام کاتێ شا پێوەیدەدات، ژەهر شـاهانە کـاری خـۆی دەکـات. لاوکەکە هەر دەبـێ ناوی ژەهری شا و مـار بێ. گۆڕەکە گۆڕی کوڕی غەزاڵی چاوئەستێرەبوو. داخی گرانم نەمتوانی وەک جاری گۆڕین بیپارێزم و نەهێلم بکەوێتە داوەوە.

+کام جاری گۆڕین؟

پیـری پەنهـانزان بـوورایەوە، تەخـت بـوو، بەڵام چـاوی دەدرەوشـانەوە. هەسـتمکرد چـاو نـین و جـووتێ ئەسـتێرەن. دوو سـێ میـرغەزەب هـاتن و بردیان. ئیدی نەمدیتەوە.

٤

قـامچیم دانەهێنـابۆوە، لە سـەر سـینگی پیـرە ئەسـتێرە درەوشـایەوە. نەمزانـی لە کوێـوە هـات. پێدەچوو لە بـاخەڵی هەڵیگرتبێـت. نـاوی سـەرۆکم لێهێنا و وەرگەڕامە سەر ئەستێرە. من ئێستا شێتانە قـامچی رادەوەشـێنم و چـاوم نـابینێ بەر چ شـتێ دەکەوێ. گوێم نابیستێ، دەنگی چ شتێ دێ.

چەند رۆژێ، بە رۆژ دەچوومە دارکاریی پیرە و هەمـوو جـارێکیش ئەسـتێرەکە پێش مـن دەگەیشـت. بەڵام لە ترسی گیانی خۆم، ناوی سـەرۆکم لێدەهێنا و وەردەگەڕامە سەری. شـەڕی ئەسـتێرەم دەکـرد و دەست و پێی خـۆم نەدەدیت. لە هـیکەوە وەک بلێی هەسـتی بیسـتنم بۆ گەڕابێتەوە، لە ئەسـتێرەوە، تـۆ بلـێ لە پیـرەوە دەنگێـک هـات. شـتێکی دەگـۆت، رستەکەی پێشتر نەبوو. حەیف و مەیفی تێدانەبوو. وەلێ تێنەدەگەیشتم چ دەڵێ.

دەسـتێکی ئاسـنین شـانمی راتەکانـد و رایکێشـامە دەرێ. گوتی:

تۆ دەتەوێ گیان، یان قسەی لێدەربهێنیت؟ نابیستی دەڵێ قسەدەکەم؟

پیرە پشیلەی حەفت گیان هاتە گۆ:

منداڵ بووم، تازە خەتی سمێڵم دانابوو. ژنێکی چەقۆ بە دەست هاتە خەونم. بە دەم چەقۆ تیژکردنەوە دەیگۆت:

خوێنی برایێ من ئاو نیە، وا بەلاش بڕوات. سورما نەبم ئەگەر تۆڵەی نەکەمەوە.

پێش خەونەکەش دڵم تریواندبووی، دەمزانی پیلانێکی گەورە لە ئارایە. ئەمن زانیبووم برایەکی ئەو ژنە کوژراوە. بکوژەکەش ئێستا بارگەی هێناوەتە بن شار. دڵم گۆتی، وا بەڕێوەیە و بە پێی خۆی دێتە بن چەقۆ.

دڵ نەبوو، ناوی بڵێ، کێ بوو؟

گوێی نەدایە پرسیارەکە و درێژەی بە گێڕانەوە دا:

لە خانەکەی بن قەلاتێ نێرەکەرێکم بە کورتانەوە دزی. بازۆ، بەر لەوەی لە شار نزیکبکەوێتەوە، دەبێت بیگەمێ و وا بکەم یەکپێ بە ڕێی خۆیدا

...ەریــتەوە و نەکەوێــتە داوەوە. نێــرەکەر لە مــن
..ا..تر رێـی پێدەزانی. بـاڵی گرت، لە ئاقـاری مـاڵی
..ەلان تووشی کاروان بووم. لە دوورەوە ناسیمەوە.
لە خەونێش نەمدیتبوو. بە کڵاو و رەخت و فیشـەک
..اسـیمەوە. کــورەکەی غەزالــی چـاو ئەسـتێرەم
..اسـیەوە. تــا ئێســتاش ئەو لە کەس نەچــووە و
کەسیش لەو ناچێ. یەک دوانێک نەیاندەهێشت لێی
..زیکببمەوە. فەرمانی دا، وازم لێبێنن. چاوی لە چاوم
بڕی و گوتی:

+ کــورپێژگە، وا پێدەچێ بە هەواڵــی ناخۆشــەوە هاتبی؟

– ئەزبەنــی، پــێ نەخەیــتە شــارەوە، لە ئینگلیــز دوورکەوە.

+ کێ تۆی نارد؟

لەو ســاتە یەک دوو فـرۆکە پەیـدابوون. چــاو و لوولەی تفەنگی بڕیە ئاسمان.

فرۆکە بۆردومانی کردن؟

پیرەی حەفت گیان، پیری پەنهانزان دەگێڕێتەوە و وەڵامی چ پرسیاران ناداتەوە. خۆی تێکنادات، دەڵێی

لە دیوەخـــانی بکـــوژەکەی بـــرای ســـورماخان دانیشتووە و داستانان دەگێڕێتەوە. پێ لە سەر پێ دانیشتووە. دەستی چەپی بەسەریەوە، پەنجەکانی بە سەری پەنـجەی دۆشـاومژەی تەق تەق لە سـەری دەدات، وەک بڵێی سـەربردە بەبیرخـۆی بهێنێتەوە. دەستی راستیشی بە پیاڵەوە هێند بە تام فڕیدەکات، حەزدەکەیەت لەگەڵـی بخـۆیتەوە. زوو زوو چـایە نوێدەکاتەوە. دەڵێی لە چاخانە دانیشتووە، بە سەری پەنـجە ئاماژەدەکات، فەرمـان دەکات، چایە بێت. بە فەرمـانی ئەبـوو عەلا ئەو پیـاوە هەرچـی ویسـت، وەکات دەبێت بگاتە بەردەمی. پێیگوتم:

ئەگەر داوای ژنەکەشتی کرد، بێ سێ ودوو بۆی دەهێنیت.

فەرمـان لە ســەری ســەرەوە هـات. ئـێمە لە سەرمانە بەرگەی ئەو پیرە بگرین کە هـاتۆتە قسـە. ئەگەر رۆژی نیو رستەش بڵێ پێویستە بە دیاریەوە دانیشـین. ئەگەر حەفتەیەک قسـەی بە لاڕێدا برد و جفارەخۆرێـک هـاتەوە ســەر خەت، لە ســەرمانە بێدڵی نەکەین و گوێی بۆ رادێرین:

جگە لە چەتەی نـاوەخۆ، شـەش دەوڵەت بە دوای کـوڕی غەزاڵـی چـاو ئەسـتێرەوە بـوون. هەستیشـی

پینەکردبوو، وای دەزانی تەنێ عەجەم بە خوێنی سەری وی تینوون. بە چ بزانێ، ئینگلیز کە لە بنی دنیاوە هاتوون، لە بن قەلاتێ داویان بۆ داناوەتەوە. ئەوەتا بە پێی خۆی دێت و بە داوەوە دەبێت، بە دەست دەیگرن و بە دەست و پێ بەستراوی دەیبەنە پێش سورما خان و دەڵێن:

ها، ئەوە جەمی ئەورۆ، ئەوە ئەو چەتەیەی برا نوورانیەکەی تۆی لە هیچ و خۆڕا لە خوێن گەوزاند.

سورما وەک لە خەونەکە دیتم، چەقۆ تیژەکەی دێنێ. پشک پشک گۆشتی لێدەکاتەوە، دەیخاتە ناو تلیانەوە، وەک لە خەونەکە بیستم. دەڵێ:

گۆشتی باشت پێوەیە، بەشی دەرودراوسێ دەکات.

لە خەونەکە گەورەی شاریشم دیت، تی کردمەوە و گوتی:

هیزە، بیگەیێ، چاوم بەرایی نادا، هاوخوێنی خۆم بە بەر چاومەوە بە دەستی نەیاران خوێنی بڕژێ.

گەیشـتمێ، بە قسـەی کـردم و بە رێـی خۆیـدا گەڕایەوە و دایەوە چیا. دەستەڕاستەکەی دەیویست منـیش لەگەڵ خۆیـان ببـات، بەڵام ئەو کیسـەیەکی گچکەی دامێ و گوتی:

گچـکەڵ، بە گیـان قەردارتـم. بـڕۆوە مـاڵێ، هەر خەونێکی وات دیت، ئاگادارمبکەوە.

لە گەڕانەوە پـۆلیس گرتمـی. بردمـی و لە ژۆرێـی کردم، لێدە و لێدە. ئەمن بیرم هەر لە کن خەونەکە بـوو. هێنـدەی نەمـابوو پێلێبنـێم و هەمـوو شـت بە گۆڕێ وەرکەم. پۆلیس دەڵێ:

کەرت بۆ چی بوو، بۆچی دزیت؟!

تاهوواهـا! کەرم لەبیرنەمـابوو. خـوا بـۆی هێنـام و گوتم:

نەمدزیوە، حەزم لە سوارسوارێنێ بوو، ئەوە نیە هێنامەوە.

پۆلیسەکە زللەیەکی دی خێواندمێ و پرسی:

ئەدی ئەو جۆرکە پارەت لە کێ دزی؟ ئەویش بۆ شاباش؟ دوایی بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنیتەوە؟!

نەمزانی چ بڵێم، بۆم هات و گوتم:

پـــارەکەم لە ڕێ دیـــتەوە، دەمویســـت بیـــبەمە مزگەفتێ و بانگەواز بکەم.

پۆلیس دیاربوو پیاوێکی باش بوو، باوەڕی هـات. پارە و کەری لێم گێڕایەوە و بەرەڵلای کردم.

****

هەر مـــن نـــا، زۆر لە بەنـــدییانی بەنـــدیخانە هەسـتیانکرد پیـری پەنهـانزان رووخـاوە و هەمـوو شـت دەڵــێ و بە دڵــی (ئەمــن) قسـاندەکات. داخــوا سـەری چەنـد کەس لە قـوڕێ دەنـێ. مـن سـووکە سـەلامێکم لەگەڵـی هەبـوو، ماڵیـان لە نزیـک هێڵـی شـەمەندەفەر بـوو. پیرێکـی زۆر شـیرن دیـار بـوو. تامەزرۆ بووم، پتر لێی نزیک بکەومەوە. بەڵام ئێستا لەو ناسینە دووربەدووریەش پەشیمانم. دەترسم لە خۆوە نـاوی منـیش بڵـێ. ئەرێ دەیزانـی مـن نـاوم چیە؟ خودایە، ئەگەر زانیویەتیشی لەبیریچوویبێتەوە. ناوم بدات، کێشەکەم تیرتر دەبێت.

ئیـدی هێنـدەی لەو پیـرە دەترسـام، لە ئەمنەکـان نەدەترسـام. یەک دوو جـار لە کەلێنێکەوە دیـتم، لە سەر کورسی دانیشتووە و پیاڵەی چا بە دەستەوە

و زاری دەجـوولا. لەپـڕ بزربـوو، ئـازادیش بـووم نەمدیتەوە، ناویشـم نەبیسـتەوە. ئەوە ئێسـتا لە ڕێی ئێـوەوە ئەو پیـاوە دێـتەوە نـاو قسـان و دەزانـم گـرتنەکەی پەیوەنـدی بە پیـاوی نـاو ئایەتـانەوە هەبووە.

٥

پیـری لاوک ئەرکـی زۆر گـران بـوو. زۆر جـار داوای لاوکـی دەکـرد، نەدەبـوو بێـدڵیی وی بکەیـن. دەنگگرێـک بـۆ لاوک و ئەوی دی بـۆ تۆمـارکردنی سەربردەی ئەو. ئەگەر نەوارەکانتـان دەسـتکەوتەوە، دەبیستن لەگەڵ قسەکانی وی دەنگی لاوک دێ. ئەو پیـاوە تـا تێـر نەبـا لە لاوک، ورتەی لێـوە نەدەهـات. دوایـوە دەبـووە رووبـاری گێـڕانەوە، نـاوە نـاوەش دەیگۆت:

حەیـف، ئەو لاوکەی جارێک بیسـتم، نەمبیسـتەوە، کەس نەیبیست.

پیـــری پەنهـــانزان بە لاوک رانەوەســـتا، ئەی رەقیبیشی ویست.

***

رۆژەکی لە رێی هۆدەی ئەشکەنجە، لە هیکەوە لە دەرگـــایەکەوە ئەی رەقیـــب بەرزبـــۆوە. ئەمـــن وا تێگەیشـــتم مـــیللەت رابـــووە و بە ســـەر (ئەمن)یـــان

داداوە. گۆتمەوە، ئەی رەقیبم گۆتەوە. پشتەدەستێک ئاگری لە چاوم کردەوە. زاری پڕ خوێن کردم. ئەها، هەوکەش کەلۆسم. لە سەر ئەی رەقیبێ دوو ددانم لە سەر دانا. دوو ددانی وا بە زێڕی دنیا ناکێشرێن. ئەگەر دەمزانی ئەوها دەبوو!

زیندانیەکی هاوڕێم خۆی لە سەر ئەی رەقیب گیرابوو. نەواریان لە دەست گرتبوو. گوتی:

منیش گوێم لەو ئەی رەقیبەی ناو زیندانێ بووە، شتێک لەوەدا هەیە، تێناگەم.

نە من و نە ئەو تێنەگەیشتین. ئەوە ئێستا دەزانم بۆ پیری پەنهانزان بووە. بیبینمەوە، دەڵێم:

دوو ددانم لە تۆ دەوێتەوە.

***

لە سەر فەرمانی ئەبوو عەلا ئەگەر پێویست بکات، بە زاری خۆشمان ئەی رەقیب بۆ پیری پەنهانزان دەڵێین. پیرە سەربردەی زۆر دوورودرێژ دەکردەوە. لە لاوکەوە بۆ ئەی رەقیب، لە دمدمەوە بۆ ئێرە، لە یانەوە بۆ مزگەفت، تا گەیشتەوە پیاوی ناو ئایەتان، تەمەنێکی پڕی ویست. ئەگەر رۆژێک

ئەو نەوارانەتـان دیـتەوە کە سـەربردەی ئەویـان بە دەنگـی خـۆی تێـدا تۆمـارکراون، هەیـنـێ دەزانـن، ئەوەی مـن دەیگێـڕمەوە گـۆلمێکە لە گۆمێـک. جـار هەبووە ریکۆردەرمان داناوەتەوە، پەرداخێک چامان لە پێش دانـاوە و بەجێمانهێشـتووە. پیـری پەنهـانزان بە گێـڕانەوەی گرتـووە و چـاو نـاگێڕێ دەورووپشـتی چۆلە یان ئاوەدان، خۆی تێر دەکات لە ئەی رەقیب. ئەوجا سەربردەکەی دەگێڕێتەوە:

ئەو سـالانەی لە بەغـدایێ بـووم، دیجـلە هەوالـی ولاتی شاخاویی بۆ دەهێنام. هەوالی رووداوی پێش روودان. دەچـووم، جاروبـار دەچـووم، بە دیـاریەوە دادەنیشـتم. بە دیـار شـەپۆلەکانیەوە دادەمـام و لەهیکرا دلم دەیتریواند. دیجـلە وێنەی ئەو کەسـەی نیشاندەدا کە نەیـار لە گژن لەنـاوی ببەن. دیجـلە لە شەپۆلەکانیدا شێوەی پیلانەکەشی نیشاندەدا.

پایزە، کزەبایەکی کوێستانی لە دیجلەوە دێ. پەلە هەورەکان دەلێی مێگەلن گورگ لێی داون، پەرتدەبن و خـڕدەبنەوە. هەر یەکەی بە لایەک، لەو سـەری بەغدایێ هەندێکیان وێکدەگەنەوە. بە دیار دیجلەوە رۆیشتووم، پێچەوانەی وی رۆیشتووم. لەپڕ شەپۆل وێنەیەکی بە دیارمەوە راگرت. زوو ناسیمەوە، پێش

چـوار پێـنج سـاڵێ لێـره لەو کەنـاره دیتـوومه. بە کتێـبەوە دەهـاتە ئێـره، هەوە، ناسـیمەوە، کـوڕە سـەرگەردانەکەیە. ئەوەی بەهـیە خـان لە نـاخەوه سـەرگەردانی کـرد و لە رووکـار بە سـەر خـۆی نەهێنا. هەوە، وێنەکەی ناو دیجلە، سەرگەردانەکەی (خەندەکەی بایی)یە. ئەو خەندەیەی تەنێ من دەزانم چ خەنـدەیەکە، بـاییەکەش چ بـایی! جـارەک سـت بەهـیەم لە کەنـاری دیجـلە دیتـووە. لە خەنـدەی ئەوەوە پەڕ پەڕ، پەڕە گـوڵ بەردەبـوونەوە و بـا لە کەنار دەیگێڕان.

پیری پەنهانزان چیرۆکی پیاسەی بەهیەی کەناری دیجـلەی لە دیجـلە درێژتـر کـردەوە. ئەبـوو عەلا سـەردانی بەغـدای کـرد و هـاتەوە. ئەو هێشـتا نەگەیشـتبووە نیـوەی، چەنـدان نەواری بە بەهـیە و خەنـدەکەی بـایی پڕکـردەوە. زۆری پێچـوو تـا گەڕایەوە لای وێنەکەی ناو دیجلە:

ڕێی بەغدا کـاول بێ، خـۆ نـابڕێتەوە. لەوێوە بۆ ئێره دوو شامەڕێ دەبێ. لە چیاش گزنگی نەدابوو، مـن لە ڕێ بـووم. دامنـابوو، سـەر لە ئێـوارەکەی بـگەمە ئێـره. بەڵام چ دەکەی لەگەڵ ئاسـن، لە دوو جـێ ترومبێـل پەکـی کەوت. جـاری دووەم لە بـن

حەمرین، بە دیوی بیاباندا پەکی کەوت و بە گەڕ نەکەوتەوە. من دەبوو بەر لە ماڵنووستنان بگەمە ئێرە و نەهێڵم دەو لەو سێ چوار پشکە گۆشتە بدات. رۆژی دوایی گەیشتم و بە بن دارەبازەکەی راگەیشتم.

پیری پەنهانزان بە ئاماژە داوای چایەی کرد. چایە هات. هەر بە ئاماژە تێیگەیاندین کە ماندووە و پاشماوەی وێنەکەی ناو دیجلە با بۆ سبەی شەو بێت. ئەو پیاوە تەنها بە شەو زاری دەکردەوە. بەشەو ئاوی گێڕانەوەی دەهات و نەدەبڕا. بەڕۆژ دڵۆپە وشەیەک لە زاری ئەوەوە بەرنەدەبۆوە. بردمانەوە هۆدە تایبەتیەکەی خۆی، لە سەر پشت راکشاو لە بن لێوانەوە گوتی:

حەیف، ئەستێرەکەی قەلات رژا، کوشتیان.

قسەکەیم بۆ ئەبوو عەلا کردە عەرەبی. سەری بادا و گوتی:

ئەو سەی کوڕی سەیە، درەنگ دەگاتە سەر بابەتی ئێمە، بەڵام دەبێت ئارام بگرین.

پیری پەنهانزان لە زیندانی زمانی عەرەبیی لە بیر خۆی بردبۆوە. کوشتبات ناوی خوداشی بە عەرەبی نەدەگۆت و بە کوردی دەیگوت:

ئەز عارەبی نازانم.

لە سەر ئەوە زۆر لێی پڕ دەبووم و دەهاتە سەرم خۆم ئاشکرا بکەم و بڵێم: ئەدی تۆ نەبووی لە پێش دەرکەی بە عەرەبیەک قسەت دەکرد لە هی من جوانتر؟

نهێنیی عەرەبیی زانینی پیری پەنهانزانم لای خۆم هێشتەوە و لای ئەبو عەلاش نەمدرکاند. ئەو شەوە لە شەوە ترسناکەکانی ژیانی منە. لەهیکڕا لە هەموو لا ئەستێرە هەڵدەبوون. بەندیخانە بووە ئەستێرەخانە. ئەستێرە ئاوی چاومیان برد. بە لەپگێڕان دەرگام دیتەوە. یەکپێ گەڕامەوە ماڵێ. دەبینم پیری لاوکی ئێوە وا لە سەر کۆسپەی دەرگا دانیشتووە. هێندەی نەمابوو لە بانگ بدەم. لە ترسان بسمیلایەکم بە سەر زاردا هات. وەکات پیری لاوک بزربوو. ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم. تێگەیشتم لەگەڵ کەسێک تێکەوتووم، ئاسایی نیە.

٦

لە پێش دەرگای سینەما نەوارەکەم لێیوەرگرت، لە بن دیواری یانە گرتمیان و بردمیان:

چیە؟ چ بووە؟ بۆچی دەمگرن؟

متەقیان نەکرد، نەوارەکەیان لە گیرفانم دەرهێنا و هەر یەکەو پیلێکیان گرتم و بە رێی خۆمدا گەڕاندمیانەوە. تۆ بڵێی بمبەنەوە پێش دەرگای سینەما؟ نا، پۆلیسخانەیەک کەوتۆتە ئەو نێوانە، نێوان سینەما و یانە، لەوێ نەوارەکەیان خستە سەر ریکۆردەر:

ئەی رەقیب هەر ماوە...

قەوما، دەستمیان لە پشتەوە بەست. چاومیان بەستەوە. بە مست و پێلەقە خستمیانە ترومبێلەوە. هێند تیژ دەڕۆیشت لە پێچکردنەوە هەستمدەکرد ترومبێل دەکەوێتە سەر دوو تایە و تەواو لار دەبێتەوە. حەزمدەکرد وەرگەڕێ و من بە ئەوانەوە تیابچم و کونەڕەشی (ئەمن) نەبینم. بۆیان

باسکردبووم، چ دۆزەخێکە. ترومبێل وەرنەگەڕا و ئەو جێیەی زراوم لێی چووبوو، دیتم .

ئەی رەقیبەکەی من یەک ئەی رەقیب نەبوو. نەوارەکە چوار پێنج ئەی رەقیبی تێدا بوو. هەر یەکەی بە دەنگی ئەی رەقیبێژێ. یەک لەوانە دەنگی خۆم، بە شمشاڵەوە تۆمارم کردبوو. بە قسەی برادەرەکەم بێت لە هەمووان خۆشتر بوو.

بەوەی باش بوو، ئەمنەکان دەنگی منیان نەناسیەوە. ئیدی هەر ئەی رەقیبێک ئەشکەنجەی خۆی هەبوو، پرسیاری خۆی هەبوو. بەڵام ئەو پرسیارەی لە دوای هەر پرسیارێک دەبۆوە پرسیار و دەیانپرسی:

ئەو نەوارەت لە کێ وەرگرت؟ بۆ کێی دەبەیت؟

وەڵامی منیش:

لە هیچ کەسێکەوە بۆ هیچ کەسێ، لەو گۆڕە دیتمەوە.

ئەی رەقیب سێ ساڵ لە زیندانی هێشتمەوە. هەزار جوێنم بۆ ئەی رەقیبنووس و ئەی رەقیبێژان ناردووە. تۆ بزانە بەو چەند وشەیە تووشی چ

دۆزەخێکیان کردم. بن پێم هاتۆتە سەر پێم. چاوێکم هەر زوو رۆیـــی. بینـــاییم رژایە بـــن پـــێم و هەڵنەگیــرایەوە. لاشـــانێکم دەرپەڕی و ئێســـتاش نەهـاتەوە جێ. لە نـاو مێشکیشـم ژاوەژاوێـک هەیە، دکتۆرە ئەمریکیەکەش تێنەگەیشت چ باسە.

لە بـارەی زینـدانەوە زۆر شــتم بیسـتبوو. بەر لەوەی بیبینم دەمزانـی چەنـد جـۆر ئەشـکەنجەدان هەیە. لە کارەبا لێدانەوە تا دەگاتەوە بوتڵ تێوەکردن و بوتـــڵ پێـــوەکردن. لە بـــارەی ئەشـــکەنجەی دەروونیشــەوە هەمـوو شـتێکم دەزانـی. بـۆیە هەر ئەشـــکەنجەیەک دەهـــاتە پێشـــێ، خـــۆم بـــۆی ئامادەکردبوو. وەک بڵێی ئاشنایەتیم لەگەڵی هەبوو. بەڵام چەنـدی ســەرم دەهێنـــا و دەبـــرد، لە ئەی رەقیبەکەی خۆم تێنەگەیشتم. ئەوەی بە دەنگی خۆم و شمشاڵەوە بۆ پیرەمێردەکەیان لێدەدا. ئەوە نوێ بـــوو. شـــتی وام لە هـــیچ هـــاوڕێ و ناســـیارێک نەبیســتبوو. لە هـیچ کتێبێـک نەخوێنـدبۆوە. مـن چ بزانم.

* * *

ئەبـوو نەجـم لە گێـڕانەوەی ســەربردەی پیـری لاوک، هەقـایەتخوانێکی کەم وێـنەیە. هێنـد شــیرن

دێتەگۆ، دەمخاتە گومان. گومان لەوەی ئەو پیاوە قامچیوەشێن بووبێت، زوو زوو دەڵێت:

تا نەوارەکان نەبینەوە و سەربردەی پیری پەنهانزان لە زاری خۆیەوە نەبیستن، تامی سەربردەتان نەکردووە.

نەوارەکان رەنگە نەبینرێنەوە. شتی وا بکەوێتە دەست هەواڵگریی ئەمریکی، دەستی لێ بشۆ. دەڵێمە ئەبوو نەجم:

+ تۆ دەنگی پیری لاوکت نەپاراست، بەڵام من دەنگی تۆ دەپارێزم.

- بیپارێزە، بەڵام تکایە، ناوم بە دنیادا بڵاونەکەیتەوە، دەمکوژن. هەرگیز هێندەی هەوکە لە مردن نەترساوم.

ریکۆردەرەکەم دانایەوە و پرسیم:

+ لە پیری لاوکت نەپرسی چەند دەوڵەت و لە کەیەوە بە دوای ئەی رەقیبەوە بوون؟

- با، سەرو ریشی دەستکردم بۆ خۆم دانابوو، چاویلکەی گەورەی رەشم لە چاو بوو، دەنگی خۆم کەمێک گۆڕی، ئەوە تۆ بە ئاشکرا نەوارت دانایەوە،

بەڵام مـــن بە دزیەوە دەنگـــی ئەوم تۆمـــاردەکرد و پرســـیم، ئەویـــش دوای چەنـــد جغـــارەخۆریێ، مـــن پرســـیارەکەی خـــۆمم لەبیرنەمـــابوو، گەیشـــتە ئەو جێیەی وەڵامی پرسیارەکەی من بوو:

لە سەردەمی کۆمارەوە هەر سێ دەوڵەتی عارەب و تـورک و عەجەم لە ئەی رەقیـب بە رقـدا چـوون. ئینگلیزیش دژی وەستا. دکتـۆرە ئینگلیـزەکە دەستی هەبوو لە ژاراویکردنی سێ چوار پشکە گۆشتەکە.

ئەبوو نەجم هەوڵدەدا ئاخافتنەکانی پیری لاوک بە داڕشـتنی خـۆیەوە، چـۆن بـووە ئەوهـا بگێـڕێتەوە. رەچـــاوی هەڵبژاردنـــی وشـــەش دەکـــات. هەتـــا لە گـۆکردنی وشـــەش دەیەوێـت دەمەلاســـکەی پیـــری لاوک بکـاتەوە. لە پیـاڵە بە دەسـتەوەگرتنیش خـۆی دەکاتە پیری لاوک و دەڵێ:

گـوو بە ترومبێـل، لە بەغـداوە بە سـواری ئەسـپ هاتبـــام لە کـــاتی خـــۆی دەگەیشـــتمە ئێـــرە و نەمدەهێشـت دەسـت بـۆ پشـکە گۆشـتەکە ببـات. شاعیری ئەی رەقیبم لە مردن رزگار دەکرد و ئەی رەقیبەکەیتری دەنووسیەوە.

پیری پەنهانزان فرێکی درێژی لە چایەکەی دا و جغارەیەکی پێکرد و پێی خستە سەرپێی:

قسە گەیشتبۆوە بەغدا، ئەو کوڕە سیسە، ئەوەی لە ناو دیجلە دیتم بە پێی خۆی بۆ یانەی مەرگ دەچوو، بە تەمای شتێکە. کار لە ئەی رەقیب نیە، بە بیستنی شار دێتە ناو شەقام و شەپۆل دەدا. ئەودیوی حەمرین بە سەر بەغدادا کاول بێت، ئەگەر لەوێ ترۆمبێل پەکینەکەوتبا، من ئەو شەوە دەگەیشتمە یانەی فەرمانبەران و سەرم دەخستە بن گوێی و دەمگوت:

ئەوشۆ هەر خواردنێکت هاتە پێشێ، دەستی بۆ نەبەیت، ئیزرائیلی تێدایە.

هێی! ئەو شارە بۆتە شاری مزگەفت و غافڵکوژی. مزگەفت پیاوی ناو ئایەتانی کوشت، دەنگە داودیەکەی شوونبزر کرد، چەندان ئەستێرەی رژاند.

+ کام دەنگ دەڵێی؟!

پیری پەنهانزان خەوی هات و کپ کەوت، بەڵام نەکوژایەوە. لە دەمی خەوتنێش دەمدیت ئەستێرە دەوری دەدەن.

٧

پێشـــترێ لاوكـــی نـــا، نـــاویم بیســـتبوو. هەر ئەو جلـــكەی لەبەرە كە لە وێـــنەكە لەبەریەتـــی. هێنـــد كزومەلـوول دیـارە، دەڵێـی دنیـای بە سـەردا وێـران بـووە. مـن لەو سـەرەوە دانیشـتووم و تیچـاوێكم لە ســـەریەتی. لە هیكـــرا تێیهەڵكـــردە لاوك، چ لاوكـــێ، نیوەی بەغدای لە پێش چاخانەكە خڕكردەوە، باڵدار لە سەر سەری كەپرۆكەیان كرد.

قسەم بە ئەبوو نەجم بڕی:

+ مەبەستی لە دەنگە داودیەكە ئەو لاوكبێژە بوو؟

- منـــیش ســـــەرەتا بەوی تێگەیشـــتم. بەڵام نـــا، كەسـێكیترە. پەلە مەكە بـۆ گەیشـتن بە داود. بە پێـی پیری لاوكـی تـۆ دەڕۆیـن. بـا لەو سـەری لاوكەكەوە بگەڕێتەوە:

خـــوایە، ئەو لاوكبێـژە كێـیە؟ لە كوێـوە هـاتووە؟ كـاتێ عەلـی فلەیـیح و پیاوێكیـدیم دیـت بەرەو لای

هـاتن، شـکێکم کـرد. نـاوی هێنـا، هەوبـوو، پیـاوەکە گوتی:

بەیزافـۆن لێـرەوە تـا قەڵاتـێ داوای لێبووردنـت لێدەکات. هەستە. ئێستا دەچین تۆماری دەکەین.

لاوکبێـژ دیسـان زمـانی گیـرا. تـا دوو سـێ پەیڤـی گـۆت، دوو چـایەت دەخـواردەوە. ناسـیمەوە، هەوە، لاوکبێژەکەیە. ئەوەیە کە بیستبووم جاروبار دەچێتە چاخانەکەی فلەییح و لاوکان دەڵێ. کاتێ ئەو دەنگ هەڵـدەبڕێ، هەرچـی باڵـداری شـارە، لە ئاسـمانی قەڵاتـێ بـاڵ لێـک دەکەنەوە و سـێبەری لێـدەکەن و هەناسە لە خۆ دەبڕن.

بەڵام چ دەکەی لە دەرێــــی لاوک و حەیــــران و بەستە زاربەستەیە. زمان دەگرێ و دوو وشـە وەک خـۆی گۆناکـات. هەر لەبەر هەنـدێش بـووە عەلـی نەیوێراوە بیباتە ماڵی بەیزافۆن. ترساوە لەوێ زمان بگرێ و شەرمەزار بن، وەک گیرا.

لەوێ ویستبوویان بیدوێنن و پرسیاری لـێ بکەن و تـاقیبکەنەوە، داخـوا دەنگـی ئەوە دەهێنـێ بچێـتە سـەر قەوان. لاوکبێـژ زمـانی تێکـدەئاڵێ و چەنـدی

هەوڵـدەدات تێیـانبگەیەنێ کە واز لە قسـە بهێـنن و یەکسەر بچنە سەر لاوکان. گوێنادەنێ و دەڵێن:

بڕۆ بابە، بڕۆ چما قەوان هەوەنتەیە، بە پرتەپرتـی تۆ خەساری بکەین.

بەوەی بـاش بـوو، لە پەنـجەرەی بەیزافـۆنەوە گوێیـان لێبـوو. پەژیوانبـوونەوە و بە مەمنـوونیەوە هاتن بە دوایدا و بەڕێزەوە بردیان. منیش لەگەڵیان چووم. بە دیار منەوە (گەنج خەلیل)ی خستە سـەر قەوان و یەک دوو جاریش گۆتی:

لە چاوی عەلی فلەییح.

خـۆم پێنـاگیرێ و هەڵـدەدەمە قسـان و دەڵـێمە ئەبوو نەجم:

پیری لاوک راست دەڵێ. ئەو پیاوە لە ئاخـافتنێ زمـانی دەگـرت. تـا رسـتەیەکی کـورتی گـۆدەکرد، دەچـوویە رێیەکـی درێـژ و دەهـاتیەوەش. کـێ باوەڕدەکات لە لاوک گۆتنێ زمانی وی لە با دەچێت و ساتمەناکات. ئەوە رازێکە بۆ خۆی.

ئەبوو نەجم گۆتی:

پیری پەنهانزان ئەو رازەشی درکاند و شەوی دواتر تێهەڵچۆوە:

رازی ئەوەش بە قسەی ژنەکەی بێت، لە بەفرەوەیە. بەفر زمانی ئاخافتنی لەنگکرد و بەفر وایکرد زمانی لاوکی لە شەماڵەوە وەربگرێت. بەر لەوەی لە رێی ئاشی بن رەنووە بەفر بکەوێت، ئەو مێرمنداڵە لە ئاخافتنێ بولبول بوو. بەڵام نە دەنگی لاوکی هەبوو، نە چ لاوکێکی دەزانی. دوایەوەی فریشتەیەک گەیشتێ و لە بن رەنووی دەرهێنا و بە فووێک وشکیکردەوە و ناردیەوە لای دایکی، ئەو لاوکبێژەی لێدەرچوو.

پیری پەنهانزان هەناسەیەکی ساردی تیشکاوی هەڵکێشا، دەتگوت لە بەفرەوەیە و گوتی:

داخی گرانم، لاوکێک لە دەستچوو، چ لاوک، وەک ئەوەی نەتەوەیەک لە ناخەوە بە یەک دەنگ بیڵێتەوە، لاوکێک...

بە دەم چایە و جغارەوە:

بەیزافۆن خەنی بوو. نانی کەوتە لاوکان. قەوانی وی بەبەرنەدەکەوت. قەوان شارە و شار چاخانە و چاخانە، ماڵە خواپێدا و خواپێداو دەڕۆیشت.

خەڵکوخـوا لە خـڕ لاوە لە قەوان خڕدەبـوونەوە. بە دیارە ئەو دەنگە چیاییەوە هەناسەیان لە خۆ دەبڕی. لە نـاو لاوکـان لاوکـی مەلیکـۆ، ئەوە نـاڵێم کە ئێـوە دەیـزانن، هەرای نـایەوە. نـرخەکەی چـل قـات بـۆوە. پۆلیس لە نیو درهەمەوە گەیاندیە دینارێک.

پۆلیس؟!

لەو جێیەی من پۆلیسی پرسیارم هـاتە سـەر زار، ریـک لەو جێـیەش هەمـان پرسـیار بە زاری ئەبـوو نەجیمیشدا هاتبوو:

پۆلیس؟!

پیـری پەنهـانزان گـوێینەدایە پرسـیارەکە، نەرمە کـۆخەیەکی کـرد. لەگەڵ کـۆخین، تیشـک بە سـەر سینگیدا پەرتبوون. بە سەر پۆلیسەکەدا بازی دا:

لە گەرمـاوێ هـاتمە دەرێ. قەدی قەڵاتـێ بەفـری گرتبوو. لە ناو بەفرێ ئاوێنەک تیشکی لە چاوم دا. رەنـگە هەر بەفـر بووبێـت خـۆی لە مـن کـردبێتە ئـاوێنە. لە نـاو ئـاوێنەوە وێـنەیەک بە روونـی دەرکەوت. زوو ناسـیمەوە، لاوکبێـژەکەیە. دڵـم تریوانـدی. تێگەیشـتم شـتێکی بە سـەردێ. وێـنەکە گەورەتـر و روونتـر دەرکەوت. جێـی

داودانانەوەکەشی نیشاندا. ناسیمەوە ئاواییەکەم ناسیەوە. خوایە بەو بەفر و ڕێبەندانە چۆن بگەمە ئەوێ. لێرە هێندە بەفرە کەوتبێ، لەوێ لە نیو بەژنی کەمتر تێنەکردووە.

پیرە ئەسپێکم پەیداکرد. خۆزگە بە دزینیش با بە ئەسپێکی باش لە بەفرم دەدا. ملی ئەو ڕێیەم گرت کە پێش چەند ساڵێک بە سواری نێرەکەرێک پێیدا چووم و نەمهێشت کوڕی غەزالی چاو ئەستێرە بکەوێتە داوەوە. چەندی لە شار دوورتر دەکەومەوە، بەفر ئەستوورترە و لێناکاتەوە و دەڵێی پارچە پەڕۆیە دێتە خوارێ. باژۆ، دەبێت بگەمێ، نەهێلم دەنگە چیاییەکە بە دەستی ئاغۆکەی ئاخوڕی قیرەبڕ بکرێ. بەفر ناوە ناوە لێدەکاتەوە. دنیا سپی سپی، زەوی ڕەشاییەکی پێوە نەماوە. جگە لە من و پیرە ئەسپ گیانلەبەر لە دەرێ نیە. بەفر تێدەکاتەوە. ئەسپ لە رووبارە گەورەکە پەڕاندمیەوە.

پێدەچێ دەمەو ئێوارە بێ، پێدەچێ ڕێشم هەڵەکردبێ. لەو ڕێیە چەند گوندێک دێنە ڕێ. دووکەڵێکم نەدیت، حەپەی سەگێک نەهات، سەرباری ئەوەش ئەسپ کەوت. نە بە تکا و قسەی

خـــۆش، نه به هەچە و نەقیـــزە، لە جێـــی خـــۆی نەبزووت. چەندی گوتم:

خۆت گورگان خواردوو مەکە، با بڕۆین.

بە گوێیدا نەچوو. ماڵاواییم لێکرد و بڕۆ. شـەوە، رەنگـی زەوی سـپیە، هـی ئاسـمانێش نـازانم چـیە. زەوی تەخـت تەخـت نە بەرزایـیەک، نە چـاڵاییەک، هـیچ، بـێ گـرێیە. لـووس لـووس دەڵێـی قەوانـی بەیزافۆنە.

بڕۆ، خـوایە بە سـەگێک بڵێ، با بحەپێ، بەڵکو بە ئـاوەدانی بـکەومەوە. بەڵکـو بـزانم بە رێـی هەڵەدا هاتووم یان راست و راست. مـن دەنگـی سـەگی ئەو گونـدانە دەناسـمەوە. خـودا ئەوەی پێبەخشـیوم، لە رێـی حەپیـنەوە گونـد بناسـمەوە. ئـاخر جـۆرە حەپینێکـــی نیـــوە شـــەوان هەیە، ســـەگ نـــاوی خـاوەنەکەی خـۆی، زۆر جـاریش نـاوی گونـدەکەی تێدا دەڵێتەوە. بەدبەختـی مـن سـەگ نەحەپـی. بەڵام خواوڕاستان قەدی درەختێک هاتە پێشم. ناسـیمەوە بەو شەوە و لە بن بەفران ناسیمەوە، شەکران بـوو. لاوکبێژ گۆتبووی:

شـەكران تـاقە داری بەهەشـتێیە لە سـەر زەوی. شـەیتان هێنـدە ئیشـە باشـەی کـرد، دەگەڵ خـۆی هێنای و دوور لە چاوان لێرەی رواند.

هەر لەو ساتەش بووە سەگەوەڕ. تێگەیشتم زۆر لای چەپـم گرتـووە، تەواوێـک رێـم لە خـۆم دوورخسـتۆتەوە. گەڕامەوە و هـاتمەوە سـەر رێـی لاوکەکە.

پێنـاچێ شـەو هێنـدەی مـابێ، گەیشـتم. دوو سـێ سەگ بەخێرهاتنیان کردم. بەڵام پێدەچوو بەفر پێی بەستبن، بۆیە پەلاماریان نەدام. دەنگێک دەنگی دام و فەرمـووی کـرد. کـاتێ تێگەیشـت لە دوای کـێ دەگەڕێم، گوتی:

سـەر لە ئێـوارە سـەری خـۆی هەڵگـرت، ئاغـا دارکاریەکی باشی کرد.

نـاوی دوو گوندیشـی هێنا کە هەر دەبێت رووی لە یەک لەوانە کردبێـت. دوو نـانم لـوول دا و رۆیشـتم. رۆژ لە نـاو بەفـر و تەڕوتووشـی بـۆتەوە، گەیشـتم. هێـی، دنیـا، هەزار حەیـف و مەخـابن، بە دارەبازەشی رانەگەیشتم. لام نەدایە گوند. یەکسـەر رێـی گۆڕسـتانم گـرت. دوا خاکەناسـە خۆڵیـان بە

سەردا كردبوو. لە بن كرێوە گۆڕەكەيان دەپەستايەوە. شێتۆكەك حوسكەيان دەگۆتێ، بە پێيە پانەكانی گۆڕی دەپەستايەوە و بە دەنگە گڕەكەی دەيگوت:

تە قوونێ تەشم وەكر، لاوكبێژ.

لاوكبێژەكەم لەو ديوەی دێرێ لە بن خۆڵ و لە بن بەفر بەجێهێشت. منيش بەسەر بەفر و بن بەفردا گەڕامەوە شار.

گۆتمە ئەبوو نەجم:

وايە، منيش بيستوومە ئاغايەك لە لاوكەكی ئەو لاوكبێژە بەژن و باڵا و چاو و برۆ و سينگ و مەمك و سمت و رانی ژنی خۆی ديتيتەوە، بۆيە داركاريەكی وەهای كرد، لە شەوێك پتر نەژی.

ئەبوو نەجم دەڵێ:

بەڵام پيری پەنهانزان شتێكی دی گۆت، كوشتنی وی پەيوەندی بە ژن و ئەو شتانەوە نيە.

٨

پۆلیس چەشنی چاویەشە دەگەڕان. لە شار و گونـدان دەگەڕان. بە دوای (مەلیکـۆ)دا دەگەڕان. لە هەر چاخانەیەک، جێیەک شکیان کردبا، مەلیکۆ هەیە، دەچوون. چەند کەسیان راسپاردبوو، مەلیکۆ بکڕنەوە و بە پۆلیسی بفرۆشنەوە. پۆلیس بە دینارێکی دەکڕیەوە. دینار هەینی خانووێکی قیتدەکردەوە. پارە دینبەرە، کەم کەس خۆی لە بەر ئەو دینارە رادەگرت. هەبوو بازرگانی بە قەوانی مەلیکۆوە دەکرد. هەرزانتر دەیکڕی و دەیفرۆشتەوە. ئەوانە بە بازرگانیی مەلیکۆ ناویان لە وڵات بڵاوبۆوە، لە بازرگانی شەکر و چا، لە بازرگانی توتن، پتر ناسران و قازانجیان کرد. دەڵێن کەسێک لە ناو خێزانی لاوکبێژەکەشەوە دەستی لەگەڵ پۆلیس تێکەڵ کرد، بازرگانی بە لاوکەوە دەکرد.

ویستم شتێک لە بارەی ئەو لاوکەوە بڵێم، بەڵام ئەبوو نەجمیش دیار بوو دەردەکەی ئەوی گرتبوو،

بـواری قسـەی نەدا و لە زاری پیـری پەنهـانزانەوە درێژەی دایێ:

خەڵـک زوو، بەڵام حـوکمەت درەنـگ تێگەیشـت مەلیکۆ دژ بە خۆیەتی. مەلیکۆ هێرەی بە مەلیک و حوکمەت کردووە و نەیهێشتووە. حوکمەتی هەینێ هێـڕ بـوو. وەکـی هـی هەوکە نەبـوو، زوو لە لاوک تێبگـــــات. زوو قەوان و نەواران بخـــــوێنێتەوە. حوکمەتی هەینێ، منداڵ بوو، تەواو فامی نەکردبوو، درەنگ تێگەیشت و بە خۆکەوت و قەوانی پێچایەوە. بەڵام بە شـــێوەیەکی ژیـــرانە پێچـــایەوە. وەک حوکمەتی ئێستای نەکرد، بە زەبروزەنـگ و کوشتن و بـــڕین. نـــا، پـــارەی هەڵڕشـــت و کەم کەســیش هەستیپێکرد. پۆلیس ئەگەر راستەوخۆش قەوانەکەی کڕیبا، وای نیشـاندەدا، لە خۆشەویستی قەوانەکەیە، نەک دەست بە سەرداگرتنی. هەر بۆیە بە ماوەیەکی کەم مەلیکۆ بنبـڕ بـوو. لە هـیچ مـاڵ و چاخـانەیەک کەس مەلیکـۆی نەبیســتەوە. حـــوکمەت لەوەوە لە لاوکبێـژ بە رقـدا چـوو، بـۆی لە نـاو نـانێکی گەرم هەڵگرت.

ویســتم لە پیــری لاوکــی ئێــوە بپرســم، کەواتە مەلیکۆ سەری لاوکبێژەکەی خـوارد؟ پرسـیارەکەم

گێـڕایەوە، چـوونکە زانـیم بە پرسـیار وەڵامـی چ پرسیارێک ناداتەوە. بەڵام باش بوو لەو شەوە رێک هـاتە سـەر وەڵامی پرسیارەکەی سـەر زاری مـن و گوتی:

حوکمەت دەستی دەگەیشتە لاوکبێژ و بە ئاسانی دەیتوانی بیکوژێ. بەڵام ئەوەی نەکرد. نازانم بۆچی، رەنگە نەیویستبێ بە دەستی خۆی بێت و لە سـەر خـۆی سـاغ بێـتەوە. ئـاخر خـاوەن مەلیکـۆ لە وڵات ناسرابوو. لە کن گەورە و گچکە خۆشەویست بـوو. هەبوو سوێندی بە سـەری دەخـوارد. هەبـوو منداڵی بە ناوی وی دەکرد. چ نـاو کاوێژێـک نـابینیەوە جگە لەو، بە ناوی کەسێکیترەوە کرابێت. لە دەنگیش جگە لە دەنگە داودیەکە چ دەنگێ نەیدەگەیشتێ. مەلیک بە مەلیکـایەتی خـۆی کە نە چیـایی بـوو، نە زمـانی وی زانیوە، بە دیار قەوانی ئەوەوە دانیشتووە.

بۆیە حوکمەت رووی لە ئاغایان نـا، ئاغـایەکی بـن شار هاتە بن بار، گوتبوویە حوکمەت:

ئەوە بۆمن لێگەڕێ، شتێکی وای بـۆ هەڵدەبەستم، لە بەر چـاوی خەڵـک سـووک و چـرووک بێـت. وا دەکەم خەڵک بێنە دیوەخان و بڵێن:

ئاغا، بیکوژە، ئەو سەگە بتۆپێنە، چۆن دەبێ...؟

ئەوە بوو بە ولآتدا بلآوبۆوە، لاوکبێژ بچێتە هەر گونــدێ، لاقەی یەک دوو ژن دەکــات و لە فــلآن لاوکیش بە سەر ژنی فلآن کەسیدا هەڵگۆتووە و...

دیسان خۆم پێنەگیرا و گۆتمە ئەبوو نەجم:

کەواتە، بە هـۆی لاوکـی مەلیکـۆوە، حـوکمەت بە دەستی ئاغایەک کوشتی؟

ئەبوو نەجم دەڵێ:

منیش وا تێگەیشتم، بەلآم پیری پەنهانزان وا ناڵێ. کوشتنی لاوکبێژ بە هۆی لاوکێکەوە بوو، نەگەیشتە سەر قەوان، گۆتی:

ساڵی، توخـوا ساڵی چەنـد بـوو؟ وا تێـبگەم هەر ئەو ســاڵە بـوو کە کـوڕە ئـالآ هـاتە دنیـایێ. دەمەو ئێوارەیەک لە کن ئاوی میری دەورمان دابوو. باسی دەنــگە داودیەکەی دەکــرد. خــۆزگەی دەخواســت دەنگی وەک دەنگی وی با. هەر ناویشی نابوو داود، دەیگوت:

له دوای حەزرەتی داودەوە یەک داودی دی هاتە دنیایێ. ئەویش ئەوەتا لە سەر قەلاتێ، بەلام حەیف لاوکان نالێ.

ئەمن بە شەرمەوە داوای لاوکەکەم لێکرد، بە رێزەوە، بە لالەپتیەوە گوتی:

ببۆ بۆ بۆ تتت تۆی نە نە نەڵێم بۆ کککککێی دەدەدەلللێم

دەستێ خستە بن گوێی و تێیهەڵکرد. هیچ کام لەو لاوکانە نەبوو کە کەوتبوونە سەر قەوان. ئەو لاوکانەش نەبوو کە پێشتر گوترابوون و بیسترابوون. لاوکێک بوو باسی داگیرکاریی عارەب و رۆم و عەجەمی دەکرد، باسی تاوانکاریی ئینگلیز و رووسی دەکرد، باسی خۆخۆریی کوردی دەکرد.

دوا داود لە مزگەفتێوە ئەو لاوکەی بیستبوو. بیستمەوە ئەو ئێوارەیە زۆر گریابوو. شار زوو بەو گریانەی داودی زانی، چوونکێ بە گریانەوە بانگی شێوانی دا. پاشتر گوتبووی:

من دەبێت خۆم فێری لاوکچڕین بکەم.

پیری پەنهانزان لە وەسپکردنی ئەو لاوکە، زمانی تێکدەئالا و قسەی بۆ نەدەهات. دیتم گریا، یەکەمین جارە گریانی وی ببینم. بە دەنگ گریا، فرمێسکی هۆن هۆن هاتنە خوارێ. ئەبوو عەلا خۆی پێنەگیرا و خۆی لێ تووڕە کرد، دەستی بەرزکردەوە، زللەی لێدا. لەو ساتە دیتم دڵۆپە فرمێسکەکانی سەر روومەتی بوونە ئەستێرە و پیری پەنهانزان لە ناو ئەستێران بزربوو. چاوم نووقاند و پشتم تێکرد. کاتێ ئاوڕمدایەوە، ئەبوو عەلا لەوێ نەمابوو. پیری پەنهانزانیش بە قوونەوە لە ناو تیشکان خەوەنووتکەی دەبردەوە. بە دەم خەوەوە قسەی لە لاوکەکە دەکرد:

قسە گەیشتبۆوە بەغدا کە لاوکێک بەڕێوەیە، ئەگەر بگاتە بەیزافۆن و بکەوێتە سەر قەوان، هەرایەکی گەورە دەنێتەوە. هەرایەک چ بزاڤ و شۆڕشێک نەینابێتەوە. حوکمەت بە خۆکەوت و دەستوبردی لێکرد.

٩

+ ئەبوو نەجم، تۆ باوەڕتهات، پیری پەنهانزان دڵی دەتریوێنێ و پێش قەومان بە قەومان دەزانێ؟

- نا، ئێمە پێمانوابوو کەسێک هەیە، هەواڵی دەداتێ. بە تایبەتیش لەو پیاوەی ئەو پێیدەگوت پیاوی ناو ئایەتان، بەڵام ئەبوو عەلا لە کۆتایی بەو باوەڕە گەیشت.

+ تۆ، بە چاوی خۆت دەتدیت ئەستێرە بۆی دێتە خوارێ و دەیپارێزێ، کەچی باوەڕ بەوە ناهێنی ئەو پیاوە پەڕجوودار بێت؟

- ڕاستی جاروبار ئەو خەیاڵەم دەکرد، بەڵام زوو دەهاتمەوە سەرخۆ. من کەسێک بووم باوەڕم بەو دنیا و هێزی نادیار و ئەودیوی سرووشت نەبوو. دەمزانی هاتنی ئەستێرە و بزربوونی پیری پەنهانزانی ئێوە پەیوەندی بە ناسیاری و دراوسێتیەوە هەیە. ئاخر من پێش ئەو تووشبوونە، هەرگیز لەگەڵ دراوسێی خۆم شتی خراپم

نەکـــردووە. زانیبـــام دژی ســـەرۆکیش درووشـــم دەکێشـــێ، چاوپۆشـیم لێـدەکرد. بەڵام ئەوەی پیـری پەنهانزان هی چاوپۆشین نەبوو. چۆن بەوەی زانی؟ ئەگەر کەسـێک پێینەگوتبێـت، نابێـت. کـاری وا لە دەستی پەرجووش نایەت، بۆیە ناچار مام بیخەمە زیندانێ.

بەڵام لە چاوپڕا دیارە، لە دڵەوە وا ناڵێ. پێدەچێ ئەویش بە شـێوەیەک بـاوەڕی بە هێـزە نادیـارەکە هەبـێ، دوورنـیە ئەویـش گەیشـتبێتە ئەو بـاوەڕەی پیـــری پەنهـــانزان دڵـــی دەتریـــوێنێ و لە دنیـــای نادیـارەوە هەواڵـی سـەر دنیـای بـۆ بێـت و پـێش رووداو، رووداوەکە ببینێت.

ئەبوو نەجم نیو پێکێکی کردە فڕێک. پەنجەی برد سـمێڵی بـادات، لەبیریچـوو تراشـیویەتی. بە سـەر خۆی ناهێنێ و نـایگەڕێنێتەوە. دەیگەیەنێتە برۆی و چەند تـاڵێکی دەگرێت و دەیکـاتە کشتەک. پێشـترێ، ئەو دەمەی مـاڵی کەوتبـووە نێـوان مـاڵی پیـری پەنهانزان و ئێمە و مامۆستای قوتابخـانەی گەڕەکـێ بـوو. وانەی ئـایینی دەگـوتەوە. هەینـێش سـەری سـمێڵی وا لێـدەکرد و لە شـێوەی کلـکە مشـک دەیهێنشـــتەوە و زۆر جوانیشـــی لێـــدەهات. قـــلە

زەیتوونێک دەخاتە زاریەوە و ناوکەکەی بە سەری پەنجە تێهەڵدەدات. پاش کەمێک هەردەستێت و دەگەڕێ. ناوکەکەی دەبینێتەوە و دەیهێنێت دەیخاتە ناو تەپڵەی جغارەوە و پەشیمانیی پێوە دیارە:

خۆزگەم بە سالانی پێش هێشتنەوەی سمێل. نە زللەیەکم وەشاندبوو، نە زمانم لە کەسێک دابوو، نە دەستم لەگەڵ هیچ دامودەزگایەگ تێکەڵ کردبوو.

وردتر چاو دەبڕمە سیمای ئەبوو نەجم، سمێڵداریێ نیە لە دنیایێ بە تراشینی سمێڵی وەک ئەو پیاوە هێندە سیمای بگۆڕێ و کەس نەیناسێتەوە. من تا ناسیمەوە زۆری برد. تا وێنەی پێش هێشتنەوەی سمێڵیشی نیشاننەدام، باوەڕم نەهات، ئەو پیاوەی وا لە هۆدەیەکی ماڵێکی لاچەپ سەربردەی پیری پەنهانزانم بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو پیاوە بێت کە دوو کلکە مشکی ناسکی بە لالێوە قیتببوونەوە. کەس نایناسێتەوە، ئەو کوڕەش کەوا لە مێزێ لەگەڵمانە نایناسێتەوە. ئەو کوڕەی لە زیندانێ چەند جارێ بە سمێڵە کلکە مشکیەکانیەوە دیتوویەتی و ئێستاش جێ قامچیی دەستی وی بە سەر پشتیەوە دیارە. ئەویش نایناسێتەوە، ئەبوو نەجم خۆیشی دەڵێ:

کاتێ تەماشای هەر سێ وێنەی خۆم دەکەم، وێنەی بەر لە سمێڵ، وێنەی سمێڵ، وێنەی دوای سمێڵ، چەندی لێوردەبمەوە وێنەی ناوەندێ ناناسمەوە.

ئەبوو نەجم وێدەچێ لە جاران مەستتر بووبێت، چاو لە ساپیتە دەبڕێت. بە دەنگێک هەر ئەوەتە دەیبیستم:

بە کەرتە مووسێک گەڕامەوە سەر سیمای پێش ناسینی ئەبوو عەلا، بەڵام بە چی دەبمەوە مرۆڤەکەی پێش ناسینی وی؟

دەنکە زەیتوونێک دەخاتە زاریەوە و دیسان ناوکەکەی فڕێداتە بن پەنجەرەکە، دیسانەوە هەڵیدەگرێتەوە و دەیخاتەوە ناو تەپڵەی جغارەکە و جغارەیەک دادەگیرسێنێ. لێیدەپرسم:

+لە گەمەی ئەو فڕێدان و هەڵگرتنەوەیە تێناگەم، پیری پەنهانزان شتی وای دەکرد؟

-نا، ئەوە کێشەی جاران و ئێستایە، مرۆڤ کاتێ هەڵەیەک دەکات، ئەگەر وەکات راستی نەکردەوە، دواتر راستنابێتەوە. فڕێدانی دەنکە زەیتوونێک بۆ جێیەکی وا هەڵەی ئێستایە.

+ لات وایە، ئەوانەی تۆ کردوونت، هەڵەن، تاوان نین؟!

- من باسی هەڵەم کرد نەک تاوان، تاوان نە گوناحە، نە هەڵە تا رەشببێتەوە. من لە هەڵەوە دەستمپێکرد، دەستبەجێ راستمنەکردنەوە، بە گوناحدا پەڕیمەوە و گەیشتمە تاوان. لەوە گەڕێ، ئێوە بە دوای نەوارەکاندا بگەڕێن، تا پیری پەنهانزان چۆن بووە وا بیناسن. من چەندی بیگێڕمەوە، ناتوانم بیناسێنم، ئاخر...

قسەکەی تەواوناکات و دەچێتە سەر پێشاوێ. زیندانیە کۆنەکە دەڵێ:

+ بە قسەی من دەکەیت، با ئەو قسانەی بگەیەنینە ئاسایش.

- نە، پێشتری چەندیان لێدەرهێنا، ئێستاش هەر هێندە، دووریش نیە بە دەردی پەڕەکاخەز و نەوارەکان بچێ.

زیندانیی کۆن سەری رەزامەندی دەلەقێنێ.

ئەبوو نەجم دێتەوە و دەڵێ:

بــا ئەوجــارە بەس بــێ، خەوم دێ، ســبەی بە بیرمبهێنەوە، دەچینە کن دوا داود..

پێدەچێ لاسایی پیری پەنهانزان بکاتەوە. دەچێتە ســەر جێگــاکەی و خــولەکێکی نەبــرد، پرخانــدی، زیندانیە کۆنەکە گوتی:

ســەربردەی پیــری پەنهــانزان دەســتی بەســتووم، دەنا ئێستا بە پێلەقە بە سەری دەکەوتم و دەمنـاردە دۆزەخ.

گوتم:

باشنیە، بیر لە شتی وا بکەیتەوە، هەر کەسێ لە ســاتی مەســتی، تونــدوتیژیی بە مێشــکدا هــات، نەخۆشە.

١٠

داودی یەکەم لە سەرەمەرگێ بوو. ئەودەمەی فریشتەی خودا چۆکی لە سەر سینگی دابوو، لێپرسی:

لە سەر راسپاردەی خودا هاتووم تا دوا قسە و مرازی سەر دنیات ببیستم.

داود گۆتی:

بڵێ بە خودا، لە دوای من حەفت داود بێنێتە دنیا، هەر یەکە لە سەردەمێک و شتێکی منی تێدا بێت.

خودا بە قسەی کرد، داودە دەنگیەکەی بەخشیە ئەو قەڵاتەی ئێمە.

+ باشە، تۆ ئەو قسانە لە کوێ دەهێنیت؟

پیری پەنهانزان هەرگیز یەکسەر وەڵامی پرسیارانی نەدەدایەوە، بەڵام نازانم چۆن بوو گوتی:

- خەون، لە خەونێ، خودای ناو خەونێ.

+ قسەی حیزی ناو خەونێ بۆ ئێمە دەگێڕیتەوە؟!

وەک لەگەڵ ئەویشمان نەبێ، وابوو. درێژەی دایێ و بە درووداو گێڕایەوە:

دوا داود ناوی لەگەڵ با رۆیشتبوو. شاران و چیا و دەریـــای بـــڕی بـــوو. لە ئێـــران و تـــووران و عارەبستانەوە دەهـاتن، گوێیـان لە مەقام و بانـگ و ســـەلای وی دەگـــرت. لە وڵاتـــی فیرعەونـــانەوە بە دوایدا هاتن، گۆتیان:

لەگەڵمـــان وەرە، بچیـــنە نـــاو ئەهرامـــان. کلیلـــی دەرگەی گەنجینەی قاڕوونت وەگیردەکەوێت. دەنگت وەک نیـل نەمـر دەبێـت. حەیـفە وا بە قەلەنـدەری لە حەوشەی مزگەفتێ کەوتووی.

دوا داود نەچـــوو. ئەو قەڵاتە کە ســـەردەمانەک دیوەخانی خوداوەندان بوو، هەر کەسـێ سـێ شـەو تێیدا مـابێتەوە دەستبەرداری نابێ. هەر خوداوەندە دەستێکی دەگرێ، پێیەکی دەگرێ. ئەگەر لە دەستی سێیانیش خـۆی راپسـکێنێ، لە دەسـتی خوداوەنـدی چوارەم دەرناچێ. ئەو خوداوەندە لە هەر وەرزێ بە شتێ کەمەندکێشت دەکات، نـاهێڵێ دوورکەویتەوە. پـایزان بە پەلکـی داران، بە چـاوی خۆتـان دەبیـنن،

قەدی قەڵاتــێ پەلکــی زێڕینــی دار دەگــرێ، بــا رادەسـپێرێ سـەمای بازنەییـان پێبکـات. چـاودەنە سـەمای پـایزانەی پەلکـی داری دەوری قەڵاتـێ، کـێ دڵی دێ پشتی تێبکات و رووی لێوەرگێڕێ؟

زستانان دەوری قەڵاتێ پڕدەکات لە نمەی بارانێ. هەر نمەیەک دەبێتە وردە مینـایەک. دنیـا سـاماڵ بـێ یان هەور و لێڵ، شەو بێ یان رۆژ، وردە مینا، مینـا برووسـکەی هەورێ تیشـک دەدەنەوە. تیشـک لە ئێکدی وەردەگرن لە دوورەوە گەرمـایی دەبەخشـن. رێبواری ناو هیشکە سەرمایێ رادەکێشن.

خوداوەنــدێ چــارێ، لە کەژی بەهــارێ قەڵات دەکـاتە قەزمەی بـووکێ، قەزمەی پـڕ کـۆترۆکە. بە خەزێــمە و حــاجیلە دەینەخشــێنێ. لە پەنــجەرە بڵندەکانیشەوە ئاوی رێحـانەی تێکەڵ بە شـنەبای لە شابسـک و کەزیـانەوە هـاتوو، پێدا دەپژێنـێ. بـۆنی بەهــاری قەڵاتــێ دەمــار دەڕوا. بــۆنێکی جــــــادوویی، رێبــــــوار لەوبەری هەردوو زێ دەگێڕێتەوە.

خوداوەندێ چارێ، خوداوەندێ مەزنێ قەڵاتـێ، لە شەوی هاوینان، لە ئاسمانی قەڵاتێ لە سەر جۆلانە دادەنیشێ. بایێ شەماڵ رایدەژەنێ، راژەنینێ لە هەر

بڵندبوونەوەیەکدا دەگاتەوە زێ. خوداوەند لە سەر جۆلانە تەزبێحات بە ئەستێرە دەکات. ئەستێرەکان دەنگە تەزبێحی دەستی خوداوەند، کێ هەیە حەز نەکات بە دیار قل قل ئاودیوکردن و گەڕانەوەی ئەستێرەوە دانەنیشێت.

شار جادووی لە هەمووان کردووە. منداڵەکانی خۆی داکۆنی کردووە. دوو شەو لێی دوورکەونەوە، خەونی پێوە دەبینن، بۆی دەگرین، قوڕی بۆ دەپێون. هەر بۆیە دوا داود نەچوو، نەچووە وڵاتی نیل و دەنگی نەگەیشتە دنیا. لێرە خستیە بن خشتی مزگەفتێ.

گۆتمە ئەبوو نەجم:

تۆش وەک پیری پەنهانزان سەربردان درێژدەکەیتەوە، وا بڕوا، بە سەت شەویدیش ناگەینە پیاوی ناو ئایەتان.

مژێک جغارە و فڕێک عەرەقی بەسەردا کرد و گوتی:

دەزانی من هەر لاپەڕەیەکی ئەوم کردۆتە دێرێک. جغارەخۆرێکی ئەوم کردۆتە مژێک. تا نەوارەکان نەبینیەوە، باوەڕناهێنیت. باوەڕت بێت

تەنها ئەو کەمە سەرهاتەی پەیوەندی بە دەنگی داودەوە هەبوو، من هێشتا بۆ تۆم باس نەکردووە، پیری پەنهانزان شەوێکی پێکوشت. ها، تا پێکێک چێدەکەیت بۆت دەگێڕمەوە:

پیری پەنهانزان، پاش (هێی دنیا، داخی گرانم، پەکوو پەکوو) گوتی:

خەوتبووم، بە دەنگێک بەئاگاهاتم. دەبینم حەزرەتی داودە، لە خەونێک دیتبووم، ناسیمەوە، لە سەر سەرم راوەستاوە و گوتی:

زوو نەگەیتێ دەنگم ئاوەوئاو دەچێ و کەس نامبیستێتەوە و لە دەستی دنیا دەچم. یەکپێ چووم، زانیم مەبەستی دوا داودە. کەمێک پێشتریش دڵم تریواندبووی، خەونیشم پێیەوە دیتبوو، لە ناو ئەو کەرتکە ئاوێنەی ردێنم بە دیاریەوە دەتراشم وێنەیەکی دەنگدار و جوولەدار بە پێشمدا تێپەڕی. ئەو بوو، داود بوو کە لە ترسی دنیا ناوی لە خۆی نابوو شەهابە. کەوتبووە دوای لاوکبێژەکە بە گورانی دەیگوت:

راوەستە، دێمە ئەوێ، لە دنیا جێم نابێتەوە.

تا ئەوم هێنایە رایێ و بەیزافۆنم ئاگادارکردەوە، نەیارانی دەنگ دەرمان خواردیان کرد. لە جێ کەوت و دەنگی کەوت و گەیشتە لاوکبێژەکە. هەر دەنگ نا، گۆڕیشی لە پاش بەجێنەما. ئەنگۆ لەبیرتان نیە، داودی ناو گۆڕیش، لە گۆرانی نەکەوت. زۆر کەس بە لای گۆڕەکەیدا تێپەڕیون و گوێیان لە دەنگی بووە، ترساون و هەڵاتوون. شارەوانی گەیشتێ و گۆڕی داودیان شوونبزر کرد.

بە دەم باوێشکەوە گوتم:

من درەنگمە، زوو وەرە سەر سەربردەی پیاوی ناو ئایەتان.

ئەبوو نەجم باوێشکی لە باوێشک گرێدایەوە:

منیش کاتێ بە دیار پیری پەنهانزانەوە دادەنیشتم لە تۆ پەلەتر بووم، هەوکەش دەمەوێ زوو سەربردەی ئەوم لە مل بێتەوە، لێ خەوم دێ، هەڵیگرە بۆ شەوێکیدی.

١١

بە رۆژ لەو ئاقـــارە بە دوای گــۆڕدا دەگەڕێـــم، گۆڕی ژنەکەم. بەشەویش گوێ لە سەربردەی پیری پەنهانزان دەگرم. ئیدی ئەو ماوە ژیان لەگەڵ ئەبوو نەجمــی گــۆڕدن، ئەبــوو نەجمــی هەقــایەتخوان بە ســـەردەبەم. بە رۆژ زۆر رقــم لێیەتـــی، زۆر جــار دێتەســـەرم ســـەری هەڵکێشـــم. بەڵام شـــەوان نـــا، کتێبـــێکە بە مـــن بێـــت ســـەری لەســـەر هەڵنەگـــرم. کتێبێکی ســەیرە، شـەو هەیە حەزدەکەم زوو بگەمە دوا لاپەڕە و ئیـدی بـیخەمە قـوژبنێکەوە. شـــەویش هەیە بە مـــن بێـــت بنـــی نەیە، درێـــژبێتەوە، لە هەزارویەک شـــەوە درێژتـــر، لە تەمەنـــی دیکتـــاتۆر درێژتر. ئەبوو نەجم بۆ من پیاوێکە لەو چەشنە.

+ بە من بڵێ، مەبەستتان لە دزینی تەرمەکە چی بوو؟

- تـۆ، دەڵێـی شــت لەبیردەکەیـت! وەک گــوتم بـۆ بزرکردنی شوێنەواری پیری پەنهانزان.

+ خەونەکەی ئەبوو عەلا دەڵێی؟

- ئـا، ئەوە نەبـوو؟ ئەو شـەوەی دەبـوو بیـبەنە گۆڕسـتان، ئەبـوو عەلا لە سەرخەوشـکاندنێک، دوو ئەسـتێرەی دیتبـوو. هـاتبوونە سـەر گـۆڕەکەی و خەڵک دەوریان دابوو.

وایە، ئەبوو نەجم چەندان جار سەرهاتی دزینی تەرمەکەی بۆم گێڕاوەتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی خۆم کەسـێکی گومانـاویم و ئەو پیـاوەش سـەردەمێک قامچیوەشێن بووە و گۆڕی ژنەکەشمی دزیوە، بە ئاسـانی باوەڕنـاهێنم. جـگە لەوەش شـتی تـازەم بیردەچێتەوە. لە ناو کۆمەڵێ حووشترالووک شانی ئەبوو نەجم رادەتەکێنم و دەپرسم:

+ دەزانی ئەو گیادڕکە ناوی چیە؟

- نا...

+ حووشترالووک واتە ئالیکی حووشتر.

پێکەنی و گوتی:

- کەواتە ئێوەش پێشتر حووشترتان هەبووە.

+ نەخێر، بەڵام ئالیکی حووشترمان هەبووە، هەر کاتێ حووشتر لەو بیابانە لێی قەومابێت و پەنای بۆ ئێرە هێنابێت، نەمانهێشتووە بە برسێتی بمێنێتەوە.

- بەڵام وەک مـــن تێگەیشـــتبم، حووشـــتر لە لێقەوماندا هەرگیز پەنـای بۆ ئێرە نەهێنـاوە. کۆچی حووشتر لە هێزەوە بووە، دەزانی خۆش نیە تۆ مـن بە حووشـــتر بچـــووێنی، یـــان حووشـــتر بە مـــن بچـووێنی، تـۆ رازی مـن بە هێسـترت بچـووێنم؟! ئـاژەڵی بە سـتەزمان بـۆچی دەکەیـتە هێمـای منێکـی قامچیوەشێنی گۆڕدز؟

هەستدەکەم، گێلانە بە نـاوکەوتووم، بەڵام بەسـەر خۆم ناهێنم. توندتر شانی رادەتەکێنم و دەپرسم:

تـــۆ چـــۆن تەرمـــی ژنەکەی منـــت لە هـــی ئەو جیانەکردەوە؟

سەر بادەدا و دەڵێ:

بەو شـــەوە لە نـــاو کفنـــێ بە چـــی لێکیـــان جودابکەمەوە؟

نابێـت نەیبیـنمەوە، حەفـت سـاڵە لە چـاوەڕێی هـاتنەوەی ژنەکەمـم. ئـای ئەبـوو نەجـم ئەگەر لێت خۆش بم، گوناهم دەکـاتێ. ئەگەر دۆزەخێک هەبێت خـودا بـۆ گوناهکـارانی هەڵکردبێـت، لە سـەر ئەو لێخۆشـبوونە پـیلم دەگرێت و هەڵمـدەداتە نـاویەوە. مەگەر ژنەکەم دەنـا کەس بە دەنـگ و هـاوارمەوە

نـایێ، ئەبـوو نەجـم خـوات بە قوربـانی سـەربردەی پیری پەنهانزان بکات، دەنا دەمزانی دەتنێرمە کوێ.

+ گۆڕەکەتان بە شۆفەڵ لێدا؟!

- وەک گـوتم، شـۆفەڵەکە چەنـد دەوێـک زەوی هەڵقەند و هەڵماندایە نـاوی و زەویەکەمـان تەخت و لووس کـردەوە. چەنـد ڕۆژێکیش پاسـەوانمان لەوێ دانـا، نەوەک کەسـێک، شـوانێک جێـیەکە ببینـێ و گومانی شتێ بکات.

ئەبوو نەجم دەڵێ:

درەنگ داهات، نەچینەوە؟!

وایە، ڕۆژ لە سەر ئـاوابوونە، تـا دەگەیـنەوە سـەر جـادە، تاریـک دادێ، ئەسـتێرە هەڵـدێ. نەگەیشتووینەتەوە کن ترۆمبێل، هەستدەکەم ئەبوو نەجـم خـۆی دوادەخـات، وەک بڵێـی نیـازی شـتێکی هەبێت، نـازانم بـۆچی ئەو بیـرەم بە مێشـکدا دێـت، ئـاخر ئەو پیـاوە وەک تێیـبگەم ئەوەی بیـری لێنەکاتەوە ئەوەیە.

منـیش پـژدێنەکەم تونـددەکەمەوە و جێـی دەمـانچەکەم دەگـۆڕم، بەوە ویسـتم بەبیـریبهێنمەوە،

دەمــــانچەم لایە. کەمێکیتـــر دەڕۆیـــن. لە ڕۆیشـــتن وەستا. دەبینم هەردوو دەستی کەمێک بەرزکردەوە، ڕۆژ ئــاوابووە دەموچــاوی جــوان دیــار نــیە، بەڵام هەســـتدەکەم لەبەر خـــۆیەوە شـــتێک دەخـــوێنێ، تێیناگەم:

چیە، چیتە؟

پرسـیارەکەم چەنـدبارە دەکەمەوە، وەرامنـاداتەوە. تونـد شـانی رادەتەکێنم، رادەچڵەکێت و بە دەنگێک هەر ئەوەتا دەبیستم:

- هات، گەیشت، نیشت...

+ چ نیشت؟ تۆ تێکچووی!

رووە و جــــــادە رادەکــــــات، دەکەومە دووی، دەوەســـتێ و ئــاوڕدەداتەوە، بە دەنگێکــی کەمێــک بەرزتر:

ئەها، دوو چاو، لە چاوی پیری پەنهانزان دەچن، گەیشـتن. نـا، چـاو نـین، دوو ئەسـتێرەن، نیشـتن، ئەوەتان، لە پشتتن، ئاوڕدەوە، چۆن هەڵدەپەڕن...

هێنـدەی نەمــابوو، بــاوەڕبکەم، ئاورمــدایەوە. نە ئەستێرە هەیە و نە هیچ.

+ کابرا، تۆ شێت بووی؟ لە چی ترساوی؟

- چۆن نایانبینی؟! جوان تەماشاکە، رووناکییان وەختە چاوم کوێر بکەن.

ئەبوو نەجم توند چاوی خۆی دەگرێت، خۆ هەڵدەداتە ناو ترومبێل. کۆنە زیندانی لە سەر سووکانەوە داوام لێدەکات کە سواربم و بەڕێبکەوین. لەو ساتە ئاوێنەیەکی خڕ لە شێوەی مانگ، نا، مانگ بوو لە شێوەی ئاوێنە وەک بڵێی لە ئاسمانەوە دابەزی. تەماشادەکەم، چاوی ژنەکەی خۆمم تێدا دیت. ئەوەتا لە پشتم راوەستاوە، ئەو ئێوارەیە هێندە و تەواو.

***

نا، هێندە و تەواو نا، کاتێ بە زۆر رامکێشایتە ناو ترومبێل. مانگە ئاوێنەکەت لەگەڵ خۆت هێنا. ئەبوو نەجمیش بە ئەستێرەوە، تۆ بە شێوەیەک دەستت راگرتبوو، بە شێوەیەک تەماشاتدەکرد و دەتدواند، من لەوە بوو باوەڕبهێنم. نا، باوەڕمهێنا، ئاوێنەیەکت لە دەستە و ژنەکەت لە ناویەتی و قسەی دەگەڵ دەکەیت. من زۆر جار لە سەر سووکانەوە سەرم لاردەکردەوە تا رووی ئاوێنەکەی دەستت ببینم.

بەڵام تـــۆ بە شـــێوەیەک راتگرتبـــوو، نەمـــدەدی. تەماشای نەینۆکەکەی سەرێم دەکرد، بەڵکو لەوێوە ببینـم، نەبـوو، لەوێـوە ئەبـوو نەجـمە و کەوتـۆتە تاریکیەوە، تۆ بە دەنگی بەرز قسـەت لەگەڵ دەکرد. پرسیاری رفاندنەکەت لێی دەکرد. پێدەچوو ئەویش وەڵامبداتەوە، بەڵام دەنگی نەدەگەیشتە گوێی من. تۆ لێت دەپرسی:

ئەو پیـاوە بـوو تـۆی دزی؟ دەی وازی لێبهێـنە. تـۆبەی کـردووە. جێـت سـەرەڕێ نەبـوو؟ بە سـەر زگت نەکەوتن؟ نەیانزانی، گەردنیـان ئازادکە. بە مـن بڵێ ئەدی منداڵەکە؟ کێ بۆی هێنایەوە؟

لە نەینۆکەکەوە ئەبوو نەجمی ناو تاریکی پێدەچێ چـــاوی نووقانـــدبێت، بە شـــێوەیەک دەســـت رادەوەشێنێ وەک ئەوەی شتێک لە خۆی پاسبکات. ئەستێرەی پاسدەکرد. دەنگی ئەو نزم بوو، لە نـاو دەنگی تـۆ بزربووبـوو. جاروبـار وشـەی ئەسـتێرەم دەبیست، یان کەرتێک لە وشەکە.

ئەو ئێوارەیە تا گەیشتینەوە ماڵێ، کەوتبوومە نـاو شێتان. یەکیان بە ئاوێنە و ئەوی دی بە ئەستێرەی گرتبوو. ئەو ئێوارەیە، لە ئێوەوە شتێک لە شێتایەتیم گرتەوە. باوەڕمهێنا شێتایەتیش دەگوازرێتەوە. من

مـــانگەکەی دەســـتی تـــۆم دیـــت کە لە شـــێوەی ئـــاوێنەیەکی خـــڕ لە پـــێش خـــۆ ڕاتگرتبـــوو. لە جامەکەشـــەوە دەمـــدیت ئەســـتێرە لە ئاســـمانەوە بەردەبـــوونەوە و لە پشـــتەوە لە ســـەر کوشـــین لە تەنیشت ئەبوو نەجم دەنیشتنەوە.

ئەو ئێـوارەیە ئێسـتاش نـازانم چـۆن و بە کوێـدا گەیشـتینەوە شـار و مـاڵێ. خـۆ کـاتێ چەکـداری بازگەکە هاتە پێشێ و پرسی:

هیچت لە سندووقێ بارنەکردووە؟

بە دڵنیاییەوە گوتم:

بەڵێ، مانگێک و چەند ئەستێرەیەک.

پێدەچوو بە سەرخۆشم تێگەیشتبێ، بۆیە گێچەڵـی پێمنەکـرد و ڕێیـدام. ئیـدی چیـدی لەگەڵتـان نـایەمە ئاقارێ. بە قسەم دەکەیت، واز لەو گەڕانە بێنە، دەنـا بە تەواوی بە ئاقار دەکەویت و لەدەستدەچیت.

+ تکـادەکەم، ئەو ئێـوارەیە لەبیـری خـۆت بـبەوە. ئەو ئێـــوارەیە تۆمـــان لەگەڵ نەبوویـــت، نەهیچـــت بیست، نە هیچت دیت.

- وا دەکەم.

١٢

مانگی ئاوێنەیی لە ئەبوو نەجمیش دەشێرمەوە و ناهێڵم بەو دابەزینە بزانێ. دەچمە دیار ئاوێنە خڕەکەی چاوەی خەوتن. ئەو ئاوێنەیەی پێش گواستنەوە، لە کاتی ماڵدانان ئەستێرە دەستی لە سەر دانا و کڕیمان. من بزمارەکەم کوتا و ئەو پێوەی کرد. کێشەی بڵند و نەوی داکوتانمان نەبوو، چوونکێ لە بەژن هەر دوو پەنجەیەک کورتی دەهێنا. کەم دێمە ئەو هۆدەیە. بۆ سڕینەوە و تۆز لێتەکاندن نەبێ سەری پێداناگرم. چاوم بەرایی نادات.

دوای ئەو ئێوارەیەی مانگ لە ئاقاری بۆم دابەزیبوو، کردبوومە ئاوێنە و لەگەڵ خۆم هێنابوومە ناو ترومبێلێ. ئاوێنەکەی ماڵێش شێوەی مانگی گرتووە. لەو مانگەوە ئەستێرەکەی خۆم دەبینم. هەمیشە لە پشتمەوە رادەوستێ. دەست بە پرچی خاویدا دادەهێنێ و جاروبار چاوم لێدادەگرێ. ئاوڕدەدەمەوە، دەبێتە چۆلەکە و

هەڵـدەفڕێ. نـاگیرێ، ئەسـتێرە دزراوەکەم نـاگیرێ. ئـای ئەسـتێرەی دزراو لە چ شـەوێکی هەڵە مـردی. لەو شەوە نەبا لە گۆڕەکەی خۆت دەمایتەوە. منـیش هەمــوو پێنجشــەمووان بە گوڵێــک، یــان گــوڵمێ قەنەفرەوە دەهـاتم. گوڵەکەم بە کێڵەکەتەوە دەکرد، قەنەفڵێشـم بەلای سـەرتەوە دەخسـتە بـن خـۆڵ و چەند دڵۆپە فرمێسکێکم پێدا دەڕژاند و گۆڕستانم لە بۆنێـــک دەگـــرت مەگەر لە خەونەکە بـــۆنی وا بەهەشـتی پـڕژا بێـت. خەونەکە وا بـوو، لە سـێیەم شەوی دواکۆچی خۆت و گۆڕەکەت، مـن خەونێکی وام دیت. لەو خەونە لە ئاسمانێ تۆم دیت. لە سـەر باڵی دوو حاجی لەقلەق راکشابووی. هـاتن هـاتن، بە نەرمـی لە سـەر گـۆڕە هەڵـدراوەکەت نیشـتنەوە. لە دەمـی خـۆڵ پێـداکردنێ، لە شـەقەی بـاڵی حـاجی لەقلەقان بەئاگاهاتمەوە.

دەتبیـنمەوە، ژنەکەم، دەتبیـنمەوە. ئەو دەشـت و دەرەم هەمووی بە نینـۆک هـەڵکەندبێت، دەتبینمەوە. دەتناســمەوە، بە پــرچ دەتناســمەوە. بە هێـســکی چەنەگە و پـاژنەی پێـت دەتناسـمەوە. لە هـی کەس نەدەچـــوون. ئەگەر لە پەنجەیـــان نەکـــردبیەوە، بە ئەنگوســـتیلەکەت دەتناســـمەوە. خـــۆ هەرێـــم لە

تەرمشۆر وەرگرت، لە پەنجەت نەکاتەوە. سوێندم دا لێینەکاتەوە. سوێندیخوارد هەر بە پەنجەتەوەیە.

+ تۆ بە من بڵێ، کاتێ بردتتان ئەنگوستیلەکەی بە پەنجەوە بوو؟!

- ئەگەر لە پەنجەی بووبێت، پێیەوە ماوە.

+ لە پەنجەی بوو، چۆن تۆ نەتبینی؟!

- سەربردەی هەڵدانەوەی گۆڕەکە و بردنی تەرمەکە بەو شێوەیە بوو کە بۆم گێڕایەوە. وا دیارە هێشتا... تۆ پێویستە خۆت کۆبکەیتەوە. لە خەون و خەیاڵ وەرە دەرێ. وا بڕوات، ساڵێک قسە بکەین، شارێک نەوار پڕبکەیتەوە، ناگەینە هیچ. قسە بەلاڕێدا دەڕوات. دەیڵێمەوە: ئەو بڕە تەمەنەی ماومە بۆ دیتنەوەی گۆڕە تەختەکەی ژنەکەی تۆی تەرخاندەکەم، بەڵام حەیف، کەسێک نیە سۆراخێکی پیری پەنهانزان و نەوارەکان بکات.

تۆ راست دەڵێیت، من لە داخی ئەستێرەی دزرام زۆر پەرتم. مەگەر بە ئاگر خۆم خڕبکەمەوە. تۆ راست دەکەیت، کەس نیە سۆراخی دەنگی پیری پەنهانزان و خۆی بکات. تۆ میرغەزەبی هەینێ و هەقایەتخوانی هەوکە هەرچی دەیڵێی دوورنیە

راست بێت، تۆ چەند مکوڕی لە سەرئەوەی ئەو شەوە لەو کۆڵانە کورتەوە تەنها یەک دارەبازە خرایە سەر تڕومبێل و بەرەو گۆڕستانی گەورە کەوتە ڕێ. من دەڵێم بیربکەوە، ڕەنگە دوو دارەبازە بەڕێکەوتبێ بەرەو گۆڕستانێک یان دوو گۆڕستان. بیربکەوە ڕەنگە بە هەڵە، هەواڵیان گەیاندبێت! چەند لاملی تۆ، ملنادەیت و سووری لە سەر قسەی خۆت.

ئەز تا درەنگیش هەر وا تێگەیشتبووم، گۆڕی پیری پەنهانزان کەوتۆتە نزیک گۆڕی هەڵدراوە، گۆڕی دزراوی ئەستێرەکەی من. من هەر وا تێگەیشتبووم، ئەو دووە پێکەوە، لە یەک شەو گیانیان سپارد و گەیشتنە گۆڕستانی گەورە. ئەستێرەی من بە سەر منداڵەوە و ئەویش لە بن قامچی میرغەزەبان. بەڵام پاشتر کە سەردانی سەر گۆڕی هەڵدراوەی دزراوی ئەستێرەی ژنم دەکرد، زۆر جار لە سەر گۆڕی پیری پەنهانزان چەند ژنێکم دەدی، لە خۆیان دەدا و ناوی ژنێکیان دەهێنا. من کەسم لەو ژنانە نەدەناسی، کەسیان کەسوکاری پیری پەنهانزان نەبوون، دەمویست پێیانبڵێم:

خوشکینە، ئێوە لە سەر گۆڕێکی هەڵەن، ئەوە گۆڕی پیرەمێردەکەی دراوسێی منە.

زمـــانم دەگیـــرا و دووردەکەوتـــمەوە. کـــاتێ لە زارانیشـــەوە بیســـتمەوە لە کـــاتی گیانـــدانێ چەنـــد ئەســـتێرەیەک لە ئاســـمانێوە دێـــن و دەوری پیـــری پەنهانزان دەدەن و لە چاوان بزری دەکەن. کەوتمە گومـــان و گـــوتم پێـــدەچێ پیـــر بەرەو گۆڕســـتان نەچووبێت، یان ڕێی گۆڕستانێکیتری گرتبێت.

حەیـــف، نە مـــاڵی پەنهـــانزان کەســـیان مـــاوە. نە دەرودراوسێ لێرە ماون، نە کەسوکار شتێکی وایان لەبیرمـاوە. مـن روو لە کوێ بکەم و لە کێ پرسـم، پیری پەنهانزان چووە نـاو دارەبازە؟ ئان ئەستێرە بـۆی بـوونە دەســتەبەرە و هەڵیـانگرت و بردیـان و کردیانە ئەستێرە؟ دەبێت لە ناو ئەستێران بە دوایدا بگەڕێین. نەوارەکانیش ئەگەر بن دەستوپێ، بن خۆڵ و خشـــت نەکەوتـــبن، لە کـــن پەڕەکاخەزەکـــانن، لە بـــاخەڵی هەوالگـــرانن، وەک ئەوەیە لە ئاســـمان بـــن. هێنانەوەی ئەستێرە ساناترە لەو نەوارانە..

+ تـۆ وریـای ئەو نەوارانەی خـۆت بە، بـا دەنگـی ئەبوو نەجمیش بە دەردی هی پەنهانزان نەچێت.

- تۆ راست دەڵێیت.

***

قسـەی کۆنە زینـدانیە، مـن لەسـەرمە وەک چـاوم بیانپـارێزم. ئەو نەوارانە پـوختەی دیرۆکـی پیـری پەنهـانزانە لە زاری میـرغەزەبێکەوە. ئەگەر خـۆی پەیـدانەبێتەوە لە نـووکەوە خـۆی نەگێـڕێتەوە، لە دەنگـی ئەبـوو نەجـم و ئەو سـێ چـوار کـۆنە زینـدانیەوە دەچێـتە نـاو دیـرۆک و بە زینـدوویێتی دەمێنێتەوە. وا چاکە لە بارەی گۆڕی ئەستێرەشـەوە هێندە سەر نەنێمە سەر ئەبوو نەجم و کەمتریش بە ئاقاردا بیگێڕم. باشترە پتر گوێی بۆ رادێرم و کەمتر قسەی پێببڕم.

+ تۆ دوا قسەی پیری پەنهانزانم بۆ بڵێوە.

- ئەوەی گـوتم هەر ئەوەیە، دەسـتی خـۆی دەشکاندەوە و دەیگوت:

بە زۆر رانەگەیشـتم، جێـی زۆریـانم نەدیـتەوە، هەنـدەک پێیانڕاگەیشـتم بەڵام بە قسـەیان نەکـردم، هەشت نۆ دەیەکیشم لە مەرگ پەڕاندەوە.

١٣

گێڕانەوە هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. دوای وی کەس سەربردان نەگێڕێتەوە. ئەو پیاوە لە ئەسپسوارییش بە وێنەی قسە سوارچاکێکە نەبێتەوە. ئەوەتا سواری ئەسپەکی شینی کەوێتە. سیروان و سیروان، باڵی گرتووە. پێی بە زەویەوە نەماوە. سوار دەستی بە بژەوە و دژە زێ و با پێی لە ئاوزینگێ ناوە.

دەیگاتێ، لە دوورەوە بە هەوریی سەری دەیناسێتەوە. هەوە کوڕی عەبابەیلێیە کە بەر چەند شەوێک شەقاوی گەورەی بەرەو زێ دەنا. ژنێک پێدەچوو ژنی بێت، خۆی پێوە شۆڕکردبۆوە. لێی دەپاڕایەوە لە زێ نەدا. لەوبەریش عەبابەیلێ باوەشی کردبۆوە. هەوە، لێ بۆ دڵنیایی پتر دوای چاکوچۆنی دەپرسێ:

ئەرێ، تۆی دەڵێی:

رێگەی ئاسن دەچێتە خاکی هەورەمانەوە؟

منم، سواری خوێندەوار، بڵێ، لە کوێوە دێی؟

دەڵێ:

لە بنی دنیاوە، لە نێوان دوو زێوە دێم.

خەونە ترسناکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. دڵ تریواندنی خۆی بۆ باس دەکات، کەساڵی یەک جار دەیبینێ و تووشی دەبێت و بە راستیش دەگەڕێ. پێیدەڵێ:

عیزرائیلـــی تــۆ لەو بەری ســـیروان چـــاوەڕێتە، نەکەی بپەڕیەوە.

کـوڕی عەبـابەیلێ تفەنـگەکەی لە شـانی دەهێنێـتە خوارێ و دەڵێ:

هەر کەسـێ نیـازی کوشـتنی منـی لە سـەر بێـت، پـێش سـێرەگرتن، پێـی دەخـزێ و بە زێـدا دەچـێ. شـێتۆکە، ئەو رێـیە دوورەت لە خـۆڕا بـڕی، بەڵام شەو مێوانی منی، بڕۆ ماڵمان تا دێمەوە.

پیـری پەنهـانزان ئـاهێکی درێـژ، لە ئەسـتێرەی کاکێشان درێژتری هەڵکێشا:

گەلەک لە کـوڕە قـۆزەکەی عەبـابەیلێ پـاڕامەوە، نەچـی لە زێ نەپەڕیەوە، لە دەسـتدەچی. بە دەردی

عیرفانەکەی ئەوێ ساڵێ دەچی. دنیا و عەبابەیلێم بە گژدا کرد، تکای کەسی نەگرت. لە ڕێی گەڕانەوە پەلە هەورێکی زیل هەواڵی کوژرانی پیاوێکی کەناری سیروانی هێنا. لەوێ بیرمکەوتەوە، لە خەونەکەش ئەو پەلە هەورەم دیتبوو. دیتبووم لە کەلێنی دوو پەلە هەورەوە ئەستێرەیەک ڕژا و شیعر لە شێوەی وردە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ بەردەبوونەوە.

+ ئەبوو نەجم لە بارەی عیرفانەوە چیتری نەگوت؟

- نا، پێدەچوو بە هانای ئەویشەوە چووبێ، بەڵام گوێی لێنەگرتبێ.

+ ئەبوو نەجم، ئەدی کێی لە مردن ڕزگارکردووە؟

- زۆر، بەڵام کەمیانم لەبیرە. خۆزگە نەوارەکانمان دەدیتەوە، هەینێ دەتزانی کێ و کێی لە سەر لێواری مەرگ گەڕاندۆتەوە.

سەربردەی مەلا و مەلاکان، ڕەنگە لە دوا نەوار بێت و دوا سەربردەی پیری پەنهانزان بێ. مەرگ گەیشتبووە سەر سینگی هەر ئەوەتا هەناسەی دەدا،

لە سەر رژان بوو، لە هەندێ جێ هێند پچڕپچڕ گێڕایەوە، چەندی لێکمان گرێدایەوە، یەکیان نەگرتەوە:

رۆژی پێشتر دڵم تریواندی، وەکات بەڕێکەوتم. ئێوارە درەنگ گەیشتم، ئەستێرەی سیوەیل بە ئاماژەیەک ڕێی نیشاندام، لێ ڕێیاننەدا نزیکببمەوە... مەلاکانم یەک یەک دی، بەژنیان لە باینجان دەچوو، سەریان لە قەندی شەکرێ... بەرۆکی گرتم و ڕایوەشاندم، قۆپچەی کراسەکەم بە دوای یەکدا غلۆربوونەوە... ئەگەر ئیزرائیلی، بڵێ، با بچم خۆم کۆبکەمەوە... بگەیێ مەلاکان مەلا دەکوژن...لەوێ بە دەرۆزەکەرم تێگەیشتن، چەندی گوتم مەلا مەلا...لەهیکڕا ئاگر لە هەنیەم هەڵبوو، ئەرێ... چاو دەکەمەوە، نازانم لە کوێم، کەس ناناسم...

چاوم گێڕا، ناسیمەوە. چایەچیەکەی ناو خەونێم ناسیەوە. پێدەچوو ئەویش من بناسێتەوە، ئاخر لە ناو خەونێ گەلەک قسەمان پێکەوە کرد. دوورنیە، ئەویش خەونی بە منەوە دیتبێت. چەندی کردم دەنگم دەرنەهات. زمانم نەگەڕا، بە زمانی ئاماژە تێمگەیاند، تێگەیشت. ئاخر لە خەونێش بەو زمانە قسەم لەگەڵی کردبوو. هەر دەبێت ئەویش

خەونەکەی دیتبێت. نەمدیت بەڵام گێڕایانەوە، مەلای گەورەی خستە پەنای خۆی و مەلاکانیتریش هەر پشکەکیان فرپە جێیەک. بە خۆشی خوێنی تێکەڵی پیاڵە و چایە بوو. خوێنی ئەوم بە باڵی کۆترێکەوە دی. بەغدا، ئیدی یەک وشەی دی لە زاری منەوە نابیستن.

نەمانبیست، ئەو شەوە پیری حەفت گیان، نیو گیانێکی تێدا مابوو. کەڵکی زیندانی پێوەنەما، دەبوو بگاتەوە ئەو جێیەی لێیەوە هەڵگیرا.

+ئەو سەرە کۆڵانەی من تووشی بووم و هەڵمگرتەوە، ئەو شەوەی مامانم لەبیرکرد و ژن و منداڵەکەمم لە سەر دانا.

– تێدەگەم، لە سۆنگەی منەوە بوو، ئیدی...

+ واز لەوە بێنە، با بزانین کەسیتری لە لێواری مەرگ گێڕایەوە؟

کچ و کوڕەکەم جوان لەبیرە، لە پیری پەنهانزان جوانتر، بە دەنگ و رەنگەوە پاراستوومن، ئەها:

بابی کچە هێند دەستڕۆیشتووە، هێند بەسامە، حوکمەت خۆی لێ لادەدا. بە فیکەیێ دوو سێ تیرە

٢٠٢٣/٣/١٢

و هۆز دەست لە سینگ و چەک بە شان لە دەوری ماڵی ریز دەبەستن. ئەوجا بزانە کوڕە خۆی لە چی داوە! کـــچەش بـــۆ چ نەگبەتـــیێ لێـــدراوە! بـــابی بە گوورپێژیش رایناگریێ.

دەستی یەکتر دەگرن و دێنە شار و پەنا دەبەنە ماڵی شێخی گەورە، کچە گوتبووی:

بـــابم خـــۆی موریـــدی شـــێخە و دەســـتی ئەوی بەستراوە و لە قسەی دەرناچیێ.

شـێخ هەرێـی لە بـابی کـچە وەرگرتبـوو کە نە لە زەویەوە نە لە ئاســـــمانەوە لەو ئاشقەوماشـــــووقە نزیک نەبێتەوە.

ئەوجا با گویێ لە پیری پەنهانزان رابگرین داخوا چ دەڵیێ:

بە چـاوی خـۆم ئەوانـم دیـت لە دەرگـای مـاڵی شـێخەوە چـوونە ژووریێ. هێنـدە لە ئـێمەوە دوور نەبـوو. ئەوەشـم بیسـتبوو، هەرکەسـیێ پەنـا بـۆ ئەو مـاڵە ببـات، ئەگەر تەقەی لە سـەرۆکی دەوڵەتـیش کردبـیێ پـارێزراوە و لە ترسـی ئـاگر و زەرگ کەس لەو مـاڵە نزیکنـابێتەوە. چـوار دەوری مـاڵی شـێخ

بازنەی دەرویش و شیرە. بە رەزامەندی شێخ نەبێ، پشیلەش پێی بەودیودا ناچێ.

تۆ چاودێ، کونێکە بە حاڵ رێوی پێوەدەچێ. دوو زەلامی گچکەڵە دەمانچەشیان لە بەر پشتێنییە، بە دوای یەکتـــردا، یەکیـــان هەڵـــدەقەنێ و ئەوی دی دەردەدات. لە ناو کەلاوەیەکی ئەودیوەی ماڵی شێخ چەند قۆمەتە خۆڵێ هەڵدراوەتەوە. خۆم گچکە کردەوە. هەر هێندەی گوجیلەیەکی تازە زاوم لێ مایەوە. کون و کون کەوتمە دوایان. خۆم لە خۆڵێ لادەدا، بڕۆ بڕۆ، دەبێ ئەو کونە بۆ کوێ بچێت؟ ئای ئێرە دەڵێی باخچەی ماڵی شێخە، هەوە، من لە سەر بانی خۆمانەوە زۆر جار لەو باخچەیەم روانیوە. دەیناسمەوە، ئێرە حەوشە و باخچەی ماڵی شێخە. ئەها سەرێک لە بن دارمێوەکەوە دەڵێی کوارگە هاتە دەرێ، بوونە دوو. ئەوەتا لەو پەنجەرەیەشەوە کچە و کوڕە دیارن. ئەها کەوتنە سێرەی دەمانچەوە، هەڵاتن، فڕین.

تا درەنگیش من هەر وا تێگەیشتم ئەوەی دیتم، تەلەڤزیۆن نیشانی دا و فیلم بوو. هێندەی لە فیلم دەچوو لە خەون نەدەچوو. دوای خەونێ چوومە سەر بانێ. چاوم لەو جێیە بڕی دوو سەرەکەی

لێوە هاتنە دەرێ. دڵم تریواندی، لە دووی یەک تریواندی. تێگەیشتم ئەو دوو دڵدارە وا لە بن زەویەوە مردن دەیانگاتێ، بەر لە مردن لە سەرمە بیانگەمێ.

پیری پەنهانزانی حەفت گیان ناولەپێکی لە نێوچەوانی خۆی دا، زرچەی هات:

بەزمی ئەو کونە پار ئەو دەمە، بڕێک زووتر بوو، پیاوی ناو ئایەتان دەدرەوشایەوە، ئاوانەبووبوو.

ئەبوو عەلا خەوی دەهات، منی بە دیاریەوە بەجێهێشت و بە ئاماژە:

ئاگات لە نەوارەکە بێت.

پیری پەنهانزان کە پیری حەفت گیانیشی لێدێ، لە چاوپڕا دیاربوو خەوی دێ، بەڵام پێدەچوو بیەوێ سەربردەی ماڵە شێخ زوو تەواو بکات و لە کۆڵی ببێتەوە، لە سەری رۆیشت:

دەروێشێکی شێخم دەناسی، ئەو دەروێشە چەند باوەڕی بە شێخەکەی هەبوو، سێ هێندە بە من. تیمکردەوە و تێمگەیاند، چاوت لە بن دارمێوەکە

بێت. شیر لە خۆت نەکەیتەوە. ئەو یەک دوو شەوە چاوت نەچێتە خەو. بزانە دوو جندۆکە لەهیکرِا لەو بن دارە دێنەدەرێ. ملیان پەل نەدەیت، هەرایەکی گەورە دەنێنەوە. شێخ دەبەن و ئێوە سەرگەردان دەمێننەوە.

دەروێش ئێشککریی گرت و ئیدی ئەوەی بوو، بوو..

پیری پەنهانزان خەو بردیەوە، بەلاّم نەکوژایەوە. ئیدی دوا پنتی بۆ ئەو سەربردەیە دانا و چیدی نەهاتەوە سەری.

***

وایە، سالّی پێش ئاوابوونی پیاوی ناو ئایەتان، سەربردەی کوشتنی جندۆکە، گەرِەک گەرِەک، کۆلاّن کۆلاّن بە شاردا بلاّوبوویەوە. گەرِەک گەرِەک گۆرِانی تێدەکەوت و شێوەی جیای وەردەگرت. لە گێرِانەوەی گەرِەکە لاچەپەکان، دوایوەی دەروێش جندۆکەی یەکەمی لە بن عەردەوە هاتوو دەکوژێت، جندۆکەکی دی غاردەداتە هۆدەی کورِ و کچەکە، بەلاّم دەروێشی تەرِدەست شیرەکەی دەهاوێ و ملی جندۆکە پەلدەدات. لەو دەمە یەک دوو پشکە

خوێنی جندۆکەیان بەردەکەوێ و وەکات دەبنە دوو ئەستێرە و وەک گوللەی گڕدار ڕێی ئاسمانێ دەگرن و تا ئێستاش هەموو ساڵێ لەو شەوە بەهاریە، ڕێک لە سەر ماڵی شێخ، لە بڵندایی چەند منارەیێ، دوو ئەستێرە لە شێوەی کۆتری سپی هەڵدێن و کەم زۆر کەم دەمێنەوە. دەندووک دەگەیەنە یەکتر و ئاوادەبن. کەم کەس ئەو ئەستێرانەی دیتووە.

کەس نیە لەو شارە سەربردەی کوشتنی جندۆکە و بوونە ئەستێرەی نەبیستبێت، بەڵام کەس نەیزانیبوو، ئەو سەرهاتە لە بن سەری پیری پەنهانزانی ئەستێرەیە.

١٤

ئەستێرەکە تا هەڵات، زۆری پێچوو. هەر بە ناو ئەستێرە بوو، لە چ ئەستێران نەدەچوو. بە سەر دەریا و بیابان و دەشت و چیاوچۆڵدا نەهاتبوو. وەک دەڵێن بە ناو کتێباندا هاتووە. پەڕ پەڕ هەڵیداونەتەوە. درەوشانەوەی لە کتێبان وەرگرتووە. کتێبێک لەوانەی سەری پێداگرتووە قورئان بووە. لە دەو ئاوی نیلی پەڕ پەڕ تیشکی لێ وەرگرتووە. ئایەت ئایەتی لە زێ هەڵکێشاوە و بە خۆیەوە کردووە. لەوێوە تا گەیشتەوە ئێرە و لە سەر ئەو لادیوارەی قەڵاتێ نیشتەوە، بە ناو کتێباندا هات.

ئەو چەند دێرە لە سەر دەرکەیەکی داری بە شمشێری شمشێر لە سەر نەخشاو نەخشابوو. بەر لەوەی دەرگاکە بە دیوارەوە باربکرێ و کەس نەزانێ گەیشتە کوێ، ئەو وێنەگرەی کە وێنەی ئەستێرەی لە سەر مەچەکی کوتابوو، وێنەیەکی گرت و بە بەرۆکی دیرۆکیەوە کرد.

* * *

مەچەک کوتراو بە ئەستێرە دەگەڵ من لە زیندانییە. لێرە ناوی بۆتە ئەستێرەدار. هۆڕ هۆڕ دەگریێ، بۆ ئەستێرەکانی دەگریێ. پێدەچێ ئاسمانە پڕ ئەستێرەکەی پێیەک پێش خۆی گەیشتبێتە زیندانێ. چاودەنێ، ئەستێرەدار ئاسمانێک ئەستێرەی کۆکردۆتەوە و خستوونەتیە ئەلبوومێکەوە و ئەلبووم بۆتە ئاسمان. ئەستێرەدار دەگریێ و ئەستێرەکانی دەژمێرێ. ئێمە نا، بەڵام ئەستێرەدار ئەستێرەکانی خۆی دەبینێت. بە بەر دەمیدا تیژ تێدەپەڕن و وەک گوڵەستێرە دەدرەوشێنەوە. دەستیان بۆ دەبات و ناگیرێن. بەناو بانگیان دەکات. ئەستێرەکانی وی ناوی خۆش خۆشیان لێیە. ئەوە کوڕی خەزاڵی چاو ئەستێرە، ئەوە پیاوی ناو ئایەتان، کوڕە ئاڵا، لاوکبێژی سەر قەوانێ، دوا داود، کچە فەلە، کوڕی عەبابەیلێ، سەرگەردانی خەندەی بایی، زۆرن زۆر، ئاسمانێک پترن. یەکیان نەبێ ناوی خۆی ئەستێرەیە و بە ئەستێرە ناوی دێنێ. جاروبار قەڵاتیشی لەگەڵ دەڵێ. ئەستێرەدار ئاسمانێک ئەستێرەی بە زیندانێ وەرکردووە، هاواردەکات:

بۆم بگرنەوە، ئەستێرەکانم بگرنەوە، تەمەنێکم لە خڕکردنەویان بە سەربرد.

دێـن، دوو سـێ میـرغەزەب دێـن و بە تێهەڵـدان دەیـبەن. گوێمـان لێیە، تـێکەڵ بە زرچەی قـامچی و زڵلەیە، ((ئەستێرەکانم ئەستێرەکانم...)) بەرزدەبێتەوە و نابڕێتەوە. کوتکوتی دەکەن و دەیهێننەوە. دەوری دەدەیــن. بە هەوا برینــی بــۆ تیمــاردەکەین. هەیە یاسینی لە سەر دەخوێنێ. هەیە بە دەنگی نزم ئەی شــەهیدانی بــۆ دەڵــێ. ئەســتێرەدار چاودەکـاتەوە، چـــاودەگێڕێ، بە دوای ئەســـتێرەکانیدا دەگەڕێ. بە ئامــاژەی ســەری پەنجەیــڕا دیــارە دەیــانبینێتەوە. ئەستێرە راکردووەکان وەزمانی دەهێننەوە:

بیانگرنەوە، رۆیشتن.

ئەســـــتێرەکانی ئەســــــتێرەدار نـــــاگیرێنەوە. ئەسـتێرەداریش وەک منـداڵ گڕنـاگەی داگرتـووە و دەگریـێ و ئەستێرەکانی دەوێتەوە. رۆژ نیە جارێ دوو خـــۆی بە دارکـــاریکردن نەدا. وازنـــاهێنێ و نـاهێنێ. بەر لەوەی لە سـەر رانـی مـن چـاو و زاری دابخـــات و بیـــبەن و ئەســـتێرەکان بکـــوژێنەوە، نیوەشـــەوێک شـــتێک لە ســـەربردەی ئەســـتێرەکانی گێڕایەوە:

یەکەم ئەسـتێرەی مـن کـوڕەکەی غەزالـی چـاو ئەسـتێرەیە. ئەوەی بە هەڵاتنـی وی، عەجەم چـاوی

خۆیان دەگرت. لێرە، لە بن شار، روو لە چیا پشت لە شار، لە سەر ئەسپێکی باڵدار کە زینەکەی لە کەرتکە مانگ دەچوو، وێنەی گیراوە. وێنەکەم لە ماڵە قەڵاتیەک دەستکەوت. لەو ئەستێرەیەی کە لە پەڕەشووتەوە هات، بە هەڵە لەو دیوی زێ کەوتە سەر زەوی. ناویان لەو ئەستێرە نا کوڕە ئالاّ، ئەوەی هیتلەر خستیە ناو پەڕەشووتێ. وێنەی کوڕە ئالاّ دوای ئەو دەمەیە کە لە بەغدایێ خرابووە بیرێکی قووڵ. لەو بیرەی یووسفی کەوتێ قووڵتر و تاریکتر، شەمشەمەکۆرە دەوریان داو دەمیان پێوەناو و تیشک تیشک مشتیان، چۆڕبڕیان کرد. ئەوە بوو ناردیانەوە ئێرە و شێتانە بە دەوری قەڵاتێدا دەسووڕایەوە. وێنەکە هی سەر کۆسپەی دەرگای دیوی ئەستێرەی سیوەیلە. دوا ئەستێرەی ئاسمانی من پیاوی ناو ئایەتانە. ئەوەی خۆی لە زێی نیلیش هەڵکێشابوو، ئەوەیانم بە دەستی خۆم گرت و لە سۆنگەی ئەویشەوە بە ئەستێرەوە کەوتمە ئێرە.

+ مەبەستی ئەستێردەردار...؟

– لە گوینە، ئەستێرەکان تێکەڵن، دەڵێی کاکێشانن، من سەرەدەریان لێدەرناکەم، قەلاتیش ئەستێرەی زۆرە.

***

کوڕە زیندانیی ئاشنای ئەستێرەدار، نە ئەبوو نەجم دەناسێ نە پیری پەنهانزان. ئەبوو نەجمیش شتێک لە بارەی ئەو کوڕەوە نازانێ. ئەستێرەداریشی بیرناکەوێتەوە. وەک ئەوەی پێی بە زیندانەکەی ئەو نەکەوتبێت، کەچی هاوزیندانیانی باشی دەناسنەوە. بە گۆریە برینی یەکتریان پێچاوەتەوە، پێکەوە لە سەر بێرۆکە شیویان خواردووە، لە ناو پێڵاوی لاستیق ئاویان خواردۆتەوە. ئەبوو نەجم لە کوڕی لە کن ئەستێرەدارەوە هاتوو هەندێ شتی بیرکەوتەوە:

وایە، من بە دەستی خۆم لە بنە پێڵاوێ، بە زۆری زۆردارەکی ئاوم دەرخواردی زۆر کەس داوە. شۆربای ناو تەنەکەی زبڵم لە بەر دەم بەندیان داناوە. چووزانم... دوای مێواندارییی پیری لاوک، تۆ بڵێ پیری پەنهانزان، لە کەلێنی شیشی پەنجەرانەوە ئەستێرە چاویان لێم زەقکردۆتەوە و تا هۆدەکەی

ئەبوو عەلا بە گورگە لۆقە هەڵاتووم و بەسەر خۆم نەهێناوە.

دوایوەی قامچی پیری پەنهانزانی هێنایە گۆ و دەستمان بە تۆمارکردنی پاکانەکەی کرد. بە درووداو کوڕە ئاڵای گێڕایەوە. چۆن لە پەڕی ڕەنگاڵە و بژی ئەسپەکی کەوێت و لە سەر ئەو مادەیەی کە دەیانگوت لە دایکی زەردەشتەوە ماوەتەوە و دەستاودەست هاتووە. ئاڵایەکی نەخشاند، ئاڵایەک لە ئاڵای چ وڵاتان نەدەچوو.

کوڕە ئاڵا، ئاڵا هەڵیدەگرت، خۆی دابووە دەستی با، ئەستێرە و ئەستێرەی دەکرد. دەبوو لە هەر ئەستێرەیەکەوە تیشکێ لە ئاڵا بنەخشێنێ. نەخشاندی و لە ئاسمان ماندوو بوو. زەویی بیرکەوتەوە، دەمێک بوو لێی دوورکەوتبۆوە، ڕێی زەویی پێنەدەزانیەوە، خۆی دەخیلی فڕۆکەیەکی هیتلەر کرد، فڕۆکە پرسی:

بڵێ، لە کوێ دادەبەزیت؟

کوڕە ئاڵا گۆتبووی:

ڕۆژهەڵاتی قەڵاتێ.

کوڕە لە ناو فڕۆکە خەوت، لە ناو پەڕەشووتێ بەئاگاهاتەوە. لە جێیەک خۆی دیتەوە، نیشتەوە، جێی نیشتنەوە نەبوو. ئەو جێیەی زەوی، لەو دۆخەی هەوکە بۆ هەڵکردنی ئالا دەستنادات. بای شەکانەوە لە هیچ لاوە هەڵناکات. پیری پەنهانزان لە بارەی خەونەکەی خۆی و کوڕە ئالا ئەوهای گۆ:

لە خەونێ ناسیمەوە. بەرلەوەی بکەوێتە رێ، رێی ئەستەمبۆلێ بگرێ، ئەمن دیتبووم. لە کن عەلی فلەیح بە دیار قەوانی لاوکبێژەوە دیتبووم. لە کۆڕی گەرمی دوا داودیش دیتبووم. ئەو ساڵەی چووم بە هانای کوڕەکەی غەزاڵی چاوئەستێرەوەش لە کن ئاوی میری رووم لێنا و دەستی بە رووومەوە نەنا. ناسیمەوە، کوڕە ئالایە، ئەو کوڕەی ئالای بردە سەر ئەستێران. دیتم بە ئاسمانەوە دیتم. دوو هەڵۆ هەڵیانگرتبوو. بە ئاسمانیان ئێخستبوو. هەر دەستێکی بە پێی هەڵۆیەکەوە بوو. پێی دەتگوت کلکی ئەسپن دێن و دەچن. بۆینباخەکەی کە با هەڵیدابووە سەر شانی لە بڕی ئەسپ دەچوو. دیتم، هەڵۆکان لە ئاسمانێ کەوتنە شەڕی ئێکترەوە. دەندووکی وایان لە ئێکتر دەدا، پشکە گۆشتیان بە زاریەوە بوو. بەلام خوێنیش نەدەهات. خۆزی ئاسمان خوێنی لێدەچۆڕایەوە. خۆ خەونەکە بەتاڵ

دەبوو! شەڕە دەندووک گەیشتە دەستی ئەڵەمانیش. دەنــدووکی وایــان لێــدەدا، نینــۆکی کــون دەکــرد. سەیربوو، لە پەنجەی ئەویش خوێن نەدەهات. لەپڕ هەڵۆکـــان ئاشـــتبوونەوە. لە ئاشـــتبوونەوەدا، ئاشتبوونەوەیەک کەس باوەڕی نەدەکرد پێش کەمێ ئەوانە دوژمنـــی بـــابە کوشـــتەی یەکتربـــوونە. لە ئاشـتبوونەوەدا نیشـتنەوە. لە نیشـتنەوەدا کوڕە ئـاڵا کەوتە نـاو ئـاگرێ. لە نـاو ئـاگرێ سـێ کەسیدیشـی لەگەڵ بــوو. ئەوەبــوو، بە رووتوقــووتی هەڵاتــن و خۆیـان گەیانـدە رۆژهەڵاتـی شـار. لەوێ مـن دەبـوو بگەمێ، گەیشتمێ. لە خەونەکە کەسێک دەنگی زۆر لە دەنگی خوداوەند دەچوو، من پێشتر قسەم دەگەڵ خوداوەند کردبوو، گوتی:

هیزە، بیگەیێ، نەکا، خۆی رادەستبکا.

من دەبوو زووتر بگەمێ، پێش نیشـتنەوە بگەمـێ. بەڵام دەنگـم نەگەیشـتە ئاسـمانێ، تـا بڵـێمە شـوفێرە ئەڵەمـــانیەکە، نەکەی، کـــوڕە نەکەی، ئێـــرە جێـــی دابەزینی ئەستێرە نیە. نەگەیشتێ، دەنگم نەگەیشـتێ. ئێ، ئەوە ئێستا گەیشتمێ، لە بن سـێبەری کۆمەڵێک داربیی دەو کارێزێ گەیشتمێ. خەون و دڵتریواندنی خۆم بۆی گێڕایەوە و گۆتم:

خـــۆت رادەســـتکەی، بە ئـــاڵاوە لە نـــاو ئـــاونێ کوتکوتت دەکەن.

گریا، مینا منداڵی داکۆنی، مینا منداڵە قەڵاتی گریا و گۆتی:

من بەڵاگێڕم، نابێ خەڵک ببنە بەڵاگێڕی من.

ئەو خـــواگیرە بە قســـەی نەکـــردم. کەلەپـــچەی ئینگلیزیـان کـردە دەسـتی. شـیری عارەبیـان خسـتە ســـەر ملـــی. هەڵیانـــدایە کونەڕەشـــەی بەغـــدایێ. لەوێشـــەوە لە ئـــاڵا و تیشـــک رووتیـــانکردەوە و ناردیانەوە قەڵاتێ.

١٥

ئەو ئەستێرەیەی لە سەروبەندی رژانی خۆی، چەند کەسێکی ناردە زیندانێ. یەک بووە پیری پەنهانزان و یەک بووە ئەستێرەدار و یەک... ئەو ئەستێرەیە، لە ناویش لە ئەستێرەکانی دی ناچێ. وەک ئەوان ناوی مرۆڤی لە خۆی نەناوە. لە چ ئەستێران ناچێ، جوایەزە، کەس نازانێ چەند چوکلەیە و تیشکی چەند ئەستێرەی تێدا دەدرەوشێتەوە. بۆیە هەر دێرێکی سەربردەی وی لە کن کەسێکە. کەس نیە ئەو ئەستێرەی دیتبێ و لە بارەیەوە قسەیەکی نەبێ، نە پیری پەنهانزان و نە ئەبوو نەجم و نە کەس ناکارن تیشکەکانی نیشانبدەنەوە. ئەبوو نەجم لە ئەبوو عەلای دەگێڕێتەوە کە بە دیتنی وێنەکەی سامگرتوو بووە و چاوی خۆی گرتووە.

***

پەڕە کاخەزێکی لەپێشم دانا:

+ ئەو پیاوە ناناسیت؟

– گەورەم، ئەگەر ئەوە بێت کە بە دیار قەڵاتەوەیە، لە نزیکەوە دەیناسم.

+ هەوە، وێنەیەکی تازە و روونی ئەوم گەرەکە.

ئاسانە، ئاشنایە، کەم شەو هەیە نەیبینم. بەڵام لەو دوورەوە چۆن وێنەیەکی بگرم، وا روون و گەش دەرچێ. سەر لە ئێوارەیەک ئاسمان چەند پەلە هەورێکی تەنک لە شێوەی دووکەڵی سپیی پێوەبوو، دەرکەوت، وەکات سێ چوار وێنەمان گرت، لە وێنەیەکیان کە زۆر لە نزیکەوە بوو، حاجی لەقلەقی سەر منارەکەش دەرچووبوو. ئاماژەم دا وێنەگرەکە وێنەیەک تەنێ رووی ئەو دەرچێ.

لە دەمی ماڵاوایی گوتم:

رۆژ دوای رۆژ درەوشاوەتر بیت.

بزەیەکی هاتێ و گوتی:

دڵم دەڵێ دەمی رژانم هاتووە.

ئەو وێنەیەم دایە ئەبوو عەلا، لە سەر مێزەکەی دانا و سام گرتی و چاوی خۆی گرت و دەستی بە ورێنە کرد:

ئەو هەموو تیشکە! چیە، پرچی چی گرتووە؟ دەڵێی وردە ئەستێرە خۆیان پێوە هەڵواسیوە.

وەک ئەوەی سێ چوار کەسێ دەوریان دابێت، کەوتە دەستراوەشاندن و خۆ راپسکاندن. تێنەگەیشتم چ باسە، بە تەنیا جێمهێشت و چوومە هۆدەکەیدی. لەگەڵ خۆم کەوتمە ورتەورت، باشە ئەو وێنەیە بۆ وای لەو پیاوە کرد! ئەوە کێیە؟ وا ترسناکە! ئەبوو عەلا هیچی نەگۆت.

ئێوارەی دواتر هەردوو ئەستێرە، پیاوی ناو ئایەتان و پیری پەنهانزانم دیت، شان بەشانی ئێکدی دەڕۆیشتن. بە چاوێکی دی روانیمە ناو ئایەتان، بەڵام هێندەی سەرەدەرزیەک گومانم لە هی پەنهانزان نەکرد.

رۆژی پاشترێ بە دوای مەلاکانیدا نارد.

***

سەلامی چەپم دایەوە. ئەفەندیەک لە سەر سەرم راوەستابوو، پێدەچوو لە پشتە من نوێژی دابەستبێ. بە زمانی قورئان گۆتی:

لەگەڵمان وەرە، کەمێ کارمان پێتە.

لە بن چاکەتەکەشیەوە، دەسکی دەمانچەکەی پیشانمدا. بوونە دوو سێ کەس. بێ بێنەوبەردە بەگەڵیان کەوتم. چەندی سەرم هێناوبرد، شتێکم لە خۆم شکنەبرد. لە چ گوتارێ، لە چ دانیشتنێ پلارێک، شتێکم لە سەرۆک نەگرتووە. نە لە من فزەیەک نە لەوان ورتەیەک، باژۆ. کاتێ لە سەر پێبلکەکانی سەرا خۆم دیتەوە، ئاهێکم بە بەردا گەڕا. ئۆخەیش، خۆ نەیانبردمە (ئەمن)، لەوێ تووشی پێنج شەش مەلا بووم. دوور و نزیک دەمناسین. تێگەیشتم شتێکم نەکردووە، بەڵام دەیانەوێ شتێک بکەم.

بە ریز دانیشتووین، مەلایەک بە زمانی قورئان دەدوێ. ناوە ناوەش ئایەتێک و فەرموودەیەک و گوتەیەکی سەرۆکی پێدا دەکات. تێبینیم کرد لە گۆتنەوەی گۆتەکانی سەرۆک هەڵەناکات. بەڵام لە ئایەت و فەرموودان هەڵەی وا دەکات، فەقێی تەمبەڵ نایکات. یەک دوو جار ویستم هەڵدەمێ و

بـۆی راسـت بـکەمەوە، خـۆم کرکـرد. مەلای سـەر مێـزێ زۆری رێسـا. لەپـڕ کتێبێکـی دەرهێنـا. مـن کتێبەکە نا، خاوەنی کتێبەکەم ناسیەوە، گوتی:

لەو کتێـبە سـووکایەتی بە ئێـوە، بە ئـێمە، بە خۆشەویستی خواو و موسڵمانان کراوە. ئێوە چەند کەستان خوێندووتتانەوە؟

کەس دەسـتی هەڵنەبـڕی و ورتەی لێـوە نەهـات، مەلا کەوتە سەرکۆنەکردنمان:

ئێوە، نەوەکانی سـوڵتان مـوزەفەر، ئەو سـوڵتانەی محەمەدەلموسـتەفای لە دزیـن، لە فەرامۆشـکردنی رۆژی هاتنەدنیای رزگارکرد. چۆن دەبێت ئاگاتان لە گـومڕایەک نەبـێ کە لە بـن پیلتـانەوە قیتدەبێتەوە و بەگژ ئێوە و پەیامبەردا دێتەوە، شـارەکەتان دەکاتە تاریکستان!

هەنـدێ رسـتەی نـاو کتێـبەکەی بە زمـانی خـۆی بۆمـان خوێنـدەوە. ئەوجـا پرسـی، یەک یەک لێمـانی پرسی:

تۆ دەڵێی چی، چی بکەین باشە؟

هەر کێ راستبۆوە گۆتی:

ئەوە داخــوا چ عــارەقخۆرێکە، چ شــوعییێکە! لە ســەری نــاچێ. چ لە ســبەینێ زووتــر نــیە، لێــی لە هەڵادەدەم، دەیکەمە سۆدرەی دنیایێ.

نۆرەی وەڵام گەیشتە من، گۆتم:

من تا کتێبەکە نەخوێنمەوە، چ ناڵێم.

زاری هەڵێنا، قسەم بڕی گوتم:

مامۆستا، ئەگەر ڕێمبدەی، تۆ لە هەندەک ئایەت و فەرموودان هەڵەت کرد.

بزەیەکی هاتێ و گوتی:

ئەدی نــاڵێن، مەلاش هەڵەدەکــات! دەی باشــە، تــۆ کتێبەکە بخوێنەوە، ئەوجا لە بارەیەوە قســەی خــۆت بکە و خەڵک لەو گومڕایە ئاگاداربکەوە.

سەر و دانەی داینێ و بەڕێیکردین.

خوێنــــــــدمەوە، پەڕ پەڕ گەڕام، نــــــــازانم نە لە خۆشەویستیی خاوەنەکەی بوو، نە لە ڕقی مەلاکەی ناو سەرا، لاپەڕەیەکم نەدیتەوە سووکایەتی بێت بە من و خۆشەویستی خودا.

ئێوارەی دواتر پیاوی ناو ئایەتانم لە ڕێی خۆی لەو جێـیەی دەیـانگوت، هەمـوو ئێـواران لێـرەوە هەڵدێت، هەڵات و دیتم. هەند ڕووناک بوو، چاوم بە ڕوویـدا هەڵنەدەهـات. بەزمـی مێزەربەسـەرانی نـاو سەرام بۆ گێڕایەوە، گوتی:

ئاگادارم، زۆر تیر بۆیان تێکوشیوم.

ئیـدی مـن لەو ڕۆژەوە جلکـی مەلایەتـیم لە مزگەفتـێ بەجێهێشـت و چـوومەوە بەر مەڕان و پیاوی ناو ئایەتانم نەدیتەوە.

+ چەنـد مەلا فەتـوای کوشـتنی پیـاوی نـاو ئایەتانیان دا؟

- زۆر نەبـوون، بەڵام دەنگیـان دەگەیشـتە ئاسمانێ.

+ هەموویان دەناسیەوە؟

- نـا، هەنـدێکیان، ئەوەی زوو چـووە هەنـدەرانێ، ئەوەی گەیشتە پەرلەمانێ، ئەوەی...

مەلای بەر مەڕێ ئەوەشی گوت:

مـــن پێشـــترێ لە کەلێنـــی گەلەک ئـــایەت و فەرمـوودان تـاریکیم دەدیت. تـاریکیەک بە چ کتێبـان رووناهی تێنەدەکەوت. پەنـام بۆ پیـاوی نـاو ئایەتـان برد، کەلێنەکانم لێ بوونە چراخان.

***

لە رێـی مەلای مزگەفتـی ریزی یـانەکە ئاگـاداری خڕبوونەوەی مەلایانی ناو سـەرا بووم. دیتم، سـەر لە سبیانێ دیـتم بە قادرمەکاندا سـەردەکەوت، پێش بانگـدانی نیـوەڕۆش بە رێکـکەوت دیــتم لە پــێش دەرگــای مــاڵی خۆیــان دایانبەزانــد. شــین و مــۆر هەڵگەڕابوو. تۆ بڵێی شتێکیان لێکردبێت! من جگە لە پرســە بــۆ پێشــاویش پـێم نەخســتۆتە حەوشــەی چ مزگەفتـــێ، بەڵام ئەو رۆژە بـــۆ پـــێکەوتن چـــووم. بانگدانەکەشی تووڕەیی پێوەدیار بوو. دوای نوێژێ، مەلا گوتی:

دوو سێ قسەم هەیە، هەرکەسـێ حەز لە بیسـتنی دەکات، دانیشێت و نەڕواتەوە.

نیوەی پتر مانەوە. چاوم لێبوو مەلا بۆ لای تـاقی پــێڵاوان چـــوو. لەوێ لە بـــن پێڵاوەکـــانی خـــۆی توورەگەیەکی گچکەی هێنا. لە پێشـە خـۆی دانـا. بە

بێزەوە زارکی کردەوە. تیلمە پەڕۆکێکی لە بەرکی دەرهێنا. بە هێڵنجەوە دەستی خستە ناو توورەگەوە. وەک کلکی مشکی گرتبێ وابوو. بەر لەوەی زار هەڵێنێ، سێ چوار تفی لێکرد. زاریشی بە زەندیق هەڵێنا:

زەندیق وا لە ناومانە، بۆیە بەر غەزەبی خوا کەوتووین، تەماشاکەن.

تەماشادەکەم کتێبە، کوڕە خۆ ئەوە کتێبەکەیە، ناسیمەوە. چەند رۆژێکە خوێندوومەتەوە. بەر لەوەی ببێتە کتێبیش خوێندبوومەوە، بە دەم قوڕگپاککردنەوە، بەروپشتی کتێبەکەی نیشان دەداین. بە زمانێک دەتگوت خودا رایسپاردووە وا بڵێ:

لە شاری عوزێر پێغەمبەر، لە شاری سوڵتان موزەفەر، لەو شارەی هەناسەیەکی سەلاحەدینی تێدا بەجێما، ئەو سەلاحەدینەی دنیای پاککردەوە لە خاچپەرست و گومڕا و کوفر، لە شاری خێر، شاری مزگەفت و دینپەروەر، لەو شارەوە عارەقخۆرێکی سەرسەری هەستاوە، ئەها ئەو کتێبە گڵاوەی نووسیوە. هەر کەسێ دەستی بەری بکەوێ، لە سەریەتی خۆی ئاوەگڵبکات. من کە لەگەڵ خۆم

هێناومە بۆ ئەوەیە بیناسن. دەنا سەگ و مزگەفتیان نەگوتووە. ئەو کتێبە کتێب نیە، گووی سەگە.

کتێبەکەی بە تیلمە پەڕۆکەکەوە خستەوە ناو توورەگەکە. پێدەچوو پیسیی کتێبەکە لە تیلمە پەڕۆکەکەوە پەڕیبێتەوە پەنجەکانی، بۆیە بە فووێک پەنجەکانی خۆی خاوێنکردەوە. تێهەڵچۆوە:

ئەو زەندیقە عارەقخۆرە سەرسەریە، هەستاوە بەگژ پێغمەمبەر، درووی خودای لەسەر و بە گژ مەلادا چووە. قسەی بۆمان هەڵبەستووە. بوختان، بوختانی کردووە. دەک خودا لەناو دەوت دا پیاوی بوختانکەر، پیاوی زەندیقی فاسیقی مەلعوونی مولحیدی خوانەناسی داوێنپیسی عارەقخۆر، نابێت نا، لە شاری ئێمە ناکەسێک قیتبێتەوە جوێن بە خودا و پێغەمبەر و مەلا بدات.

هەسترادەگرم، چاودەگێڕم ئەو خەڵکە هەناسەیان لە خۆ بڕیوە و یەکپارچە بوونەتە گوێ. بە خۆم نەوەستام و هەڵمدایێ:

مامۆستا، ئادەی هەندێک لەو کتێبەمان بۆ بخوێنەوە، بزانین چ شەکرێکی شکاندووە؟

مەلا مۆرەیەکی لێکردم، پاش کەمێک دامان گوتی:

کاکە، ئەوە تۆ چی دەڵێی! دەتەوێ لە ناو ماڵی خودا، جوێنت بۆ بخوێنمەوە، جوێن بە خودا!

لە هەموو لاوە چاوی غەزەب کەوتنە سەر من. ویستم بڵێم مەلا تۆ ئەو کتێبەت نەخوێندۆتەوە، بیخوێنەوە. ئەگەر جوێنێکت دیتەوە، منیش لەگەڵ تۆ جوێنی پێدەدەم، نەمکرد. تێگەیشتم لە مزگەفتێ هەرچۆنێک قسەی بکەیت، دۆڕاویت.

مەلا درێژەی دایێ:

ئەورۆ درێژەی نادەمێ، با هەینی دابێ، هەینێ دەزانم چ هێرەیەکی پێدەکەم. وای لێدەکەم لەو شارە جێی نەبێتەوە. دەبێت تڕۆبکرێت. نا، نابێت لە دەستدەرچێ، پێویستە وەک سەگ بتۆپێنرێ. کوشتنی ئەو سەگە شووعیە ئارەقخۆرە حەلاڵە، هەر کەسێک بیکوژێت، دەستی کەسک دەبێت. بێ حەفتوهەشتێ بە پێلاوەوە دەچێتە بەهەشتێ. ها، ئەنگۆ چ دەڵێن، ناڵێن ئەو سەیەی بە خودا و پێغەمبەر و مەلا دەوەڕێ، با بتۆپێ؟

بەشێک لە خەڵکەکە، بە یەک دەنگ:

با بتۆپێ، ئەو سەیە بتۆپێ.

یەکپێ هەستام و بە دوایدا گەڕام. ئێوارەکەی رێک لەو جێیەی رژا، لێم هەڵات. بە تەنێ نەبوو. ئەویدیم نەناسی، بەڵام ئێستا دەزانم پیری پەنهانزان بووە. تیمکردەوە و چوونە سەرا و فەتوای مزگەفتیم بۆی گێڕایەوە. هەستمکرد رەنگی گۆڕا، تەواوێک داما و بە ئاماژە سوپاسی کردم و بەجێمهێشت.

دەڵێمە جوگرافیاناسی دیرۆکنووس:

تۆ گوێت لە وتارەکەی هەینی بوو؟

دەڵێ:

نا، رۆژی پێشتر گرتمیان و راپێچی سەربازگەیان کردم.

دەڵێم:

کە زانی فەتوای کوشتنی دراوە، بۆچی خۆی نەشاردەوە؟

دەڵێ:

وا تێبگەم بە هەندی هەڵنەگرت.

***

ئەو سەر لە ئێوارەیەی رووبەڕوو ئەستێرەکەم لێ هەڵات، لە ناخەوە تووشی درەوشانەوە هاتم. پێشتریێ دووربەدووری دیتبووم. زۆر جار دەهاتە سەرم وێنەیەکی بگرم، تیشک رێینەدەدا، رووم نەدەهات. قەرداری ئەو ئەفەندیەم ئەو ئێوارەیە بانگیکردم خۆی دایە پەنای تیشکی ئەو و چەند وێنەیەکم گرت. لەوەوە شەرم یان ترسم لە تیشکەکەی شکا و وێنەیەکی گەلەک جوانم گرت. لەگەڵ وێنەکی خۆم لە تەک یەکترم دانان و گرتمنەوە، دیسان و چەند جارێک، وای لێهات، هەر کێ دیتبای دەیگوت:

ئەوە چۆن گەیشتیە تەنیشت ئەو ئەستێرەیە؟

ئەمنەکە کاتێ کامێراکەی گرتم و جانتاکەی پشکنی شتێکی لەوانە نەدیتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێ. دەیویست وازم لێبێنی، چاوی کەوتە سەر وێنە دووقۆڵیەکە، من و ئەستێرەکە، هەڵوەستەیەکی کرد و بێ سێ و دوو قۆڵبەستی کردم و بردمی و ئەوە بوو ئەستێرەکانی ماڵێشیان هێنایە زیندانێ.

تا ئێستا لە ئەستێرەدارەوە تەنێ ئەو چەند رستەیە بەجێماوە، ئەو چەند رستەیەی لە سەر بنەپێڵاوێک نەخشاندبوو، رەوانەی دەرێی زیندانی

کردبـــوو. لەو رۆژانە ژنەکەی لە لاپەڕەی حەوتـــی
رۆژنامەیەک بڵاویکردبۆوە.

١٦

وا دیسان لە ئاقاریێ بە دوای گۆڕی ئەستێرەدا دەگەڕێین. ئەو کەرەتە جوگرافیاناسی دیرۆکنووسیشمان لەگەڵە. خەونەکەی دوێ شەوێی ئەبوو نەجم، ئومێدی بۆم گەڕاندەوە. ئەورۆ لەگەڵ وی چاو لە جێی خەونەکە دەگێڕین. دەڵێ:

وێنەی جێیەکە لە هزر و چاوم روون روونە. لە دوورەوە دەیناسمەوە. جێیەکە کەمێک چالاییە، قۆمەتە خۆڵێک کەوتۆتە نێوان دوو قووچەکە بەرد. چوار پێنج پنچکە حووشترالووک دەوریان دابوو. رێک لە قۆمەتەکەوە ئەستێرەیەکی کەزیدار هاتە دەرێ. لە شێوەی گوللەی گڕدار، بێ دەنگ تیشکی دەهاویشت. قووچەکە بەردەکان سووربوونەوە، حووشترالووکەکان هەڵکرووزان. ئەستێرە کەزیدارەکە لە بڵندایی دارتێل شتێک نەویتر رێی شاری گرت و من کەوتمە دوای.

ئەبوو نەجم دەڵێ:

جوان چاو بگێڕن، بگەمە سەر قۆمەتە خۆڵەکەی ناو خەونێ، ئەستێرەت بۆ دەبینمەوە.

جوگرافیاناس دەڵێ:

لە دەرێی خەون بۆی بگەڕێ.

من بە خەونەکە دڵخۆشم و لە بڵندایيش بە دوای چالاییدا دەگەڕێم. لە بستاییەک سەردەکەوم. چالاییەک هاتە پێشم. نزیکدەبمەوە، قۆمەتەخۆلێ دەردەکەوێ. چەند پنچکە حووشترالووکێ دەوریان داوە. هێشتا قووچەکە بەردەکان دەرنەکەوتوون. تیشکێ هاتە دەرێ. بە کەزی ناسیمەوە ئەستێرەکەی خۆمە. ئەو دەمەی بە دوای ماماندا چووم، کەزیی بەو شێوەیە بەستبوو. هەوە، کەس ژنی خۆی نەناسێتەوە من دەیناسمەوە. سووکە ئاورێک دەداتەوە و پشتم تێدەکات و دەڕوات. بانگیدەکەم، دەکەومە دوای. ئەها ئەستێرەیەکیدیش لە قۆمەتەکەوە هاتە دەرێ و دایەوە دوای ئەستێرەی من. هەوە، دەیناسمەوە، بە رۆیشتن دەیناسمەوە، پیری پەنهانزانە. لەو ئاقارە کەوتمە دوایان. لە دوامەوە دەنگەدەنگێک دێ. تێناگەم چ دەڵێن. گەلەک خۆش دەڕۆن نایانگەمێ. پێیان بە زەویەوە نەما. بەرزبوونەوە، من لە دوایان نابمەوە.

گەیشتمە کوێ؟

چـــاودەکەمەوە، فریشـــتەیەک و دوو کەس بە ســـەرمەوەن. جوگرافیاناســـی دیرۆکنـــووس و ئەبـوونەجم، فریشتەکەشـم ناسـیەوە، بە چـاوی ناسـیمەوە. بەڵام نـاویم بیـرنەکەوتەوە، پێشـتر دیتبووم، دەستەخوشکی ئەستێرەکەی من بوو.

***

هەینـێ مـن لێـرە نەبـووم، بە خەمـی خۆمـدا کەوتبـووم. لەو سـەروبەندە پیـاوەکەم گیـرا و سڕگومکرا و نەمدیتەوە.

+ پیاوەکەی تۆش...؟

- بەڵێ.

لەو دۆخەی تێیکەوتبـووم هەواڵـی هەڵـدانەوە و دزرانی ئەستێرەی هـاوڕێمم بیست. ئەمن یەکسـەر بیرم بۆ دکتۆرەکە چوو. نازانم بۆ تۆی گێڕابۆوە یـان نـا؟ ئەو دەمەی دەوروخـولی دەدا و زێـڕ و زیوی قەیسـەریی پیشـاندا، بەڵام جگە لە تف هیچی لێ دەستنەکەوت. بەوەت زانیبوو؟

- نا، ئا، شتێکی باسکرد، بەڵام بیرمنەماوە چۆن بوو.

+ با، دەزانم پتر نیگەران دەبیت، بەڵام نەیڵێم دڵم دەتەقێ، بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە:

هەرەشەشی لێکرد، بەڵام ئەو پێڵاوی نیشاندا. بیرمە جارێک بە پێکەنینەوە گوتی:

لە سەر دەرگا راوەستابووم، ئەو دکتۆرە خوێڕیە لە ناو ترومبێلەوە پەڕە کاخەزێکی لوولدراوی بۆم هەڵدا و تیژ تێپەڕی. هەڵمگرتەوە، خوێندمەوە:

من من بم، سەرجێییت لەگەڵ دەکەم، بە زیندوویێتی نا بە مردوویێتی، لە ناو گۆڕیش بێت دەرتدێنم.

ئەستێرە پێکەنینی بە قسەی دکتۆرەکە دەهات، بەڵام من لەرزم پێگرت. ئاخر سەربردەی جاشە ناکەسەکەم بیستبوو، ئەوەی کچە عازەبەکەی بە مردوویی لاقە کردبوو.

گومانم لە دکتۆرەکە هەبوو، بەڵام نەوێرام بێمە لات و بۆت باس بکەم. باشم کرد نەهاتم، چ بزانم

دەستی ئەو تەرەسەی تێدایە، ئەگەر لە خەستەخانە دەمزانی ئەوە، پەلامارمدەدا و شرتوشۆم دەشکاند و بەگرتنمدەدا.

+ باش بوو، نەتزانی، دەنا چیرۆکی ئەستێرەکان دەپچڕا و...

- ئیدی خۆت دەزانی، بەڵام تکات لێدەکەم، چیدی ئەو ئاقارە لە دوای ئەستێرە مەکە، شێت دەبیت. تۆ خۆت نەدیت چیت بە سەر هات و چۆن گەیاندیانیە خەستەخانە.

بە دیتنەوەی ئەو فریشتەیە گەلەک دڵخۆشم، لە چاوی ئەوەوە تیشکی ئەستێرەکەی خۆم دەبینم. سەربردەی دکتۆرەکەش نەک هەر نیگەرانم ناکات، بگرە خەمی دزینەکەی کەم کردەوە. ئاخر خەمی بە هەڵە هەڵدانەوە سووکترە لە هەڵدانەوە بۆ لاقەکردن، ئێستا دەڵێم باش بوو ئەبوو نەجم زوو بەر لەوەی دکتۆرەکە دەستی بگاتێ، ئەستێرەکەمی بە هەڵە لە بن خۆڵ دەرهێنا و خستیەوە بن خۆڵ، ئەدی ئەگەر دکتۆرەکە لاقەی کردبا!

دەبوو زووتر دەستەخوشکەکەی ئەستێرەم دیتباوە و باسی مێردە شوێنبزرەکەی کردبا.

١٧

دەرگـــام تەواو نەکردبـــۆوە، نـــاولەپێ کە لە هـــی هرس دەچوو، زارمی گرت. لە چاوترووکانێ دەست لە پشـــتەوە، بە ســـتوونەکەی بەر بێـــراییەکەوە بەستمیانەوە و بە سەرنانەکە توند زارمیان بەست. چوار پێنج زەلامی کەتەی باسک ئەستوور، بە مـالێ وەربـوون. کـاتێ رۆیشتن ئەلبوومی ئەستێرەکان و چەنـــد کتێبـــێکم بە دەســـتیانەوە دیـــت. درەنـــگ دەرودراوســـێ هـــاتن و کردمیـــانەوە، دڵـــم گـــۆتی، پیاوەکەم گیراوە، وابوو، هەر ئەو گیرانە بوو.

+ کتێبەکان چ بوون؟

– یەکیان هەر ئەو کتێبە بوو کە مەلاکان لێیان لە هەڵادا، وێـنەی کتێبنووســەکەش لە نـاو ئەلبـوومەکە بوو.

+ئەها...

پیـاوەکەم نـاوی لەو ئەلبـوومە نـابوو ئەلبـوومی ئەستێران، زۆر جار پێمدەگوت:

بـــا وێنەیەکـــی خـــۆم و خۆشـــت بخەیـــنە ئەو ئەلبوومەوە.

دەیگوت:

نابێت، خۆ ئێمە ئەستێرە نین.

ئیـــدی ئەوە تـــایبەت بـــوو بە ئەســـتێران. بـــۆ ئەستێرەیەک دەچووە بنی دنیا. دەگەڕا هەموو جێ دەگەڕا. ئەو جارانەی بە دەستی پڕ دەگەڕایەوە، لە سەر دەرگاوە دەیگوت:

ئەستێرەیەکی دی هەڵات.

دڵی بە ئەستێرەکانی گەلەک خۆش بوو، بیرمە ئەو رۆژەی کتێبنووسەکە یان ئێوە گۆتەنی پیاوی نـاو ئایەتـانی هێنـاوە، لە خۆشـیا جێـی بە خـۆی نەدەگرت. هێنای لە تەنیشت پیرێک جێی بۆ کردەوە و گوتی:

ئێرە شایانی تۆیە، لێرە بدرەوشێوە.

+ پیرەکە کێ بوو؟!

- ئەستێرەیەک بوو، بە رۆژیش دەدرەوشایەوە.

+ پیری پەنهانزان نەبووبێت؟

- نازانم.

مێـــردەکەم ئـــــاواتی بـــــوو هەمـــــوو کەس بە ئەسـتێرەدار نـاوی بێنن. بەڵام تـا نەکەوتە زینـدانێ سـەری لە سـەر دانەنـا، ئـاواتەکەی نەهـاتەدی. مـن بیـرمە دوو سـێ شـەوێ پـێش گیـرانەکەی خۆشـی بـووە ئەسـتێرە. لە لاپەڕەیەکـی کتێبـی پیـاوی نـاو ئایەتان، ئەستێرەداری مێردم بووە ئەستێرە. بیرمە لە تەنیشـت یەک راکشـابووین، کتێبەکەش لە سـەر سـینگمان، چەنـد لاپەڕەیەکـی دەخوێنـدەوە، دەیـدایە مـن، دەمخوێنـدەوە و دەمـدایەوە، کتێبەکە لە سـەر سـینگمان دەستاودەسـتی دەکـرد، ئێمە زۆر کەڕەت بەو شـێوەیە کتێبمـان دەخوێنـدەوە، جـار هەبـووە کتێب لە نێوانمـان خەوتـووە، کـاتێ بەئاگادەهـاتینەوە لەیەکترمان دەپرسی:

گەیشتبووینە لاپەڕە چەند؟

لە دیتـنەوەی لاپەڕە دەبـووە کێشــە، ئەو دەیگـوت ئێـرە، مـن دەمگـوت نـا لێـرە راوەسـتابووین، لەوە پێدەکەوتین کاممـان زووتـر خەوی لێکەوتـووە. ئەو شـەوەی بـووە ئەسـتێرە لەگێـنە مـن زووتـر خەوم لێکەوتبێـت، کتێـبەکە بە دەسـت مـنەوە بـوو، لەو لاپەڕەیەی کە ئایەتێکی سـوورەتی نـووری تێدابوو،

دواتــر نــاوم لەو لاپەڕەیە نــا لاپەڕەی ئەســتێرە، ئەوەی دەڵێ:

(الله نور السماوات والارض.....)

ڕێـک لە نێـوان نـووری ئاسـمانێ و گلـۆپەکەی ئەدیسـۆن، دیـتم ئەسـتێرەیەکی گچـکە هەر بە قەد گوڵەستێرەیەک دەبوو، هەڵهات. ئەستێرەکە شـەوقی لەگلۆپەکەی سەر سەرمان بڕی. ئەستێرە بەرە بەرە شێوەکەی دەگۆڕا. گۆڕا گۆڕا، ڕێک شـێوەی مرۆڤـی گـرت. لێیوردبـوومەوە، دەبیـنم مێـردەکەمە. دەسـتم گیرا، چاوم گیرا لە تەنیشتم نەما بوو. هەوە چۆتە نــاو کتێــبەکە لە نێـوان ئـایەت و ئەدیسـۆن بـۆتە ئەسـتێرە. تیشـکی زۆر بەهێز بـوو. ئـاوی لە چـاوم هێنا. هەرگیز چ پیـاوێکم نەدیتبـوو وا بدرەوشـێتەوە. پێدەچێ هاوارم کردبێ، لە نـاو دێرەکـان هـاتە دەرێ و لە تەنیشتم ڕاکشایەوە و گوتی:

هاتمەوە.

گوتم:

تۆش بوویتە ئەستێرە.

گوتی:

نا، پێکەوە دەبینە ئەستێرە.

هەوکەش نـاوە نـاوە سـەر لە لاپەڕەی ئەسـتێرە دەدەمەوە. شـتێک لە درەوشـانەوەی ئەو شـەوە دەبینمەوە. مـن و ئەسـتێرەدار پـێکەوە کتێبەکەمـان خوێنـدەوە. ئەو کتێـبە نیشـانەی پرسـیار و سەرسـوڕمانی لە سـەر هەمـوو پیرۆزیەکـان دانـا. پێشـتر بـێ دەسـنوێژ لە سـەرت دابـام، دەسـتم نەدەگەیانـدە قورئـانەکەی بـابم. بەڵام دوای خوێنـدنەوەی کتێـبەکە و بە ئەسـتێرەبوونی ئەسـتێرەدار و بزربـوونی و پێداهەڵگۆتنی بـابم بەو کتێـبەدا، چ پیـرۆزیەک لە کـن مـن نەمـا. بـابم کە مەلایەتی لە بابیەوە بۆ هاتبوو، بابەلباب مەلا بوون، دوایـوەی ئەسـتێرەدار کتێـبەکەی بـۆ بـرد و خوێندیەوە گوتی:

پێویستە هەمووماڵێک ئەو کتێبەی تێدا بێت.

بیـرمە بـابم لە دەمـی نـانخواردنێ کتێـبەکەی لە سەر چۆکی دانابوو، گوتی:

کەم کتێـب هەیە درۆی زلـی تێـدا نەبێـت. سـوێند بەو زادە، ئەو کتێبە هێندەی سـەرەدەرزیەک درۆی تێدا نیە.

دوایوەی ئەمن ئەستێرەدار و کتێبەکەیان برد، من دانەیەکیترم لە کتێبەکە کڕی. لە بەرگم گرت. ئەو پەڕی کلکی کۆترەش کە ئەستێرەدار لە دەمی خوێندنەوە دەیخستە کەلێنی پەڕەکانەوە، خستمە لاپەڕەی ئەدیسۆن و نوورەکە. بەڵام چەندی کردم بۆنی دەست و هەناسەی ئەستێرەداری نەگرت. من هەوکەش بە دوای ئەو دانەیەی کتێبەکەدا دەگەڕێم کە ئەمنەکە بە بەرچاومەوە بردی.

+ کوشتنی پیاوی ناو ئایەتان، یان ئێوە گۆتەنی کتێبنووس، بە هۆی کتێبەکە بوو؟

– نازانم، لەگینە پێوەندی بە ئامێرەکەوە هەبووبێت.

+ ئەو ئامێرەی...

ئا، لە ئەستێرەدارم بیست، سوێندی دام کەس لە زارم نەبیستێ، تەماشای وێنەی پیاوی ناو ئایەتانی دەکرد و قسەی بۆ من دەکرد:

لە سایەی تۆوە دەبینە خاوەن ئەو ئامێرەی هەرکاتێ بمانەوێ وێنەی سەرۆک لنگاوقووچ بڕوات، دەنگی سەرۆک غژەغژی تێکەوێت و کەس تێینەگات.

هێندەی گوت و تەواو.

ژنی ئەستێرەدار دەگریێ، بە کوڵ دەگریێ. فرمێسکی درشت بە سەر ڕوومەتیدا ڕێچکە دەبەستن. دەست دەبەم بۆی بسڕمەوە، خۆم دەگرم و دەست دەکێشمەوە. سەردادەخەم، پاش کەمێک سەرهەڵدەبڕم تنۆکە فرمێسکێ لە کەلێنی نێوان لووت و ڕوومەتی دەدرەوشێتەوە. دەبێتە ئەستێرەیەک بە قەد کەلاشووشە، گەورەتر دەبێت، دەموچاوی دادەگرێت، گەورەتر، ژنی ئەستێرەدار بەو ڕۆژە ڕووناکە، لە بن ئەو سێبەری درەختە، بە بەرچاومەوە دەبێتە ئەستێرە. دەمویست دوورکەومەوە، ئەو هەستا و ڕۆیشت و گوتی:

ماڵاوا، ئەورۆ هێندە و بەس.

ڕۆیشت، بە ئەستێرەیی ڕۆیشت. چاوم لێیە بە بن سێبەری درەختەکاندا پێی هەڵێنا. تیشک تیشک تیشکی دەهاویشت. کوکوختیەکان دەستیان بە ککوو کوو کرد. گەڵاکان ڕەنگی تیشکی ڕەنگاورەنگیان گرت. شوێن پێیەکانی هەستمکرد کاکێشانە و منیان بەگەڵ خۆ دا. دەستەکە نەبا، من ڕۆیشتبووم. ئاسمان و ئاسمان ڕۆیشتبووم. ئەبوو نەجم نازانم

لە کوێ پەیدابوو، منی هێنایەوە بن درەختەکە و
بەرەو ماڵێ گەڕاینەوە.

١٨

له بارەی وەرگێڕانی کتێبەکەوە قسە دەکەین. دەڵێن باسی گورگ بکەیت، دەردەکەوێت. دیارە وایە، ئەوەتا وەرگێڕ لە تەلەڤزیۆن دەرکەوت. لە تەنیشت پیاوێک دانیشتووە، بە یەک ئاماژە شار بە سەر شاردا دەدات. ئەبوو نەجم ناسیەوە و گوتی:

ئەها، ئەو پیاوە کتێبەکەی بۆمان کردە عەرەبی.

+ ئەو پەرلەمانتارە؟

- بەڵێ، من لەوێ بووم کاتێ دایەوە دەستی ئەبوو عەلا و مستەک پارەی وەرگرت و دەست لە سەر سینگ دوو سێ شەقاو پشتاوپشت کشایەوە و ڕۆیشت.

چاوم بەو کتێبەدا خشاند. جێ جێ چەند لاپەڕەیەکم خوێندەوە. بایی هێندە کە بزانم لە چی دەدوێ. دەڵێن ئەو کتێبە بە کوشتی دا، بەڵام پێناچێ وا بێ. کێشەی ئەو زۆر ئاڵۆزکاوە، پڕ نهێنیە. ئەگەر پیری پەنهانزان، دەنا کێ نهێنیی پیاوی ناو ئایەتان

دەزانی. هەر من نا، پێناچێ ئەبوو عەلاش شتێکی وای لێ زانیبێ. ئەویش فەرمانی بەغدای بەجێدەهێنا. پێش کوشتنەکەی یەک دوو جارێ لێمپرسی، سەری بادەدا و دەیگۆت:

زۆر ئاڵۆزکاوە، سەرەدەری لێدەرناکەم.

لەگینە کتێبەکە کەمێک کوشتنی پێشخستبێ. ئەو پیاوە دەبوو بکوژرێ، بۆ؟ تێینەگەیشتم، تۆ بڵێی بە هۆی ئەو ئامێرەوە بێ کە تۆ باسی دەکەیت؟ نازانم. من بەو ئامێرەم نەزانی بوو، یان ئەوەی کتێبێکی بە دەستەوەیە ئەگەر بڵاوبێتەوە شار هەڵدەگێڕێتەوە، نازانم. لا بە لا قسەیەکی وام بەر گوێ کەوت، بەڵام بە هەندم هەڵنەگرت، یان ئەوەی لە دووکانەکەیەوە گێرەشێوێنی بڵاودەکاتەوە، نازانم. من هێندە لێی نزیک بووم و زوو زوو سەردانم دەکرد، هەستم بە هیچ نەکرد. ئەو پیاوەم هێندەی پیری پەنهانزان، لەویشم خۆشتردەویست.

شتێکم بیرکەوتەوە، ئەو شەوەی پیری پەنهانزانمان هەڵدایەوە ئەو سەرە کۆڵانەی لێیەوە هەڵمانگرتبوو، وەک ئەوەی لە بنی بیرەوە قسەبکات، رستەکانی پچڕ پچڕ بوون، هێندەم لێهەڵهێنجا:

نەیانهێشت پیاوی ناو ئایەتان لە ناو کارێزەوە هەڵبێت و...

لە سەر ئەو قسەیە، لە دەستم نەبوو، دەنا دەمگێڕایەوە زیندانێ.

ئەبوو نەجم خەوەنووتکەی دەبردەوە، سەری بە تەنیشت پێکەکەی کرد و پرخەی هات. لە نەوارەکە گوێت لە پرخەکەی دەبێت. جغارەکەی لە دەست کەوت. تا جغارەکەم هەڵگرتەوە و تەپڵەکەم خاوێنکردەوە، ئەبوو نەجم وەک ئەوەی ئاویان پێداکردبێت، راپەڕی و چاوی بە هۆدەکەدا گێڕا و گوتی:

+ نەمردووە، دێتەوە.

- کێ؟

+ پیری پەنهانزان.

- وای لەو خەونە!

+ یەک خەونی ناو سەرخۆشیم نیە، نەهاتبێتەدی.

لەو جێیەی بە زیندوویێتی هەڵمانگرت و بە نیوە مردوویی فڕێماندا، لەوێ لە ناو تاریکی

راوەستابووم. لەهیکرا رووناکبوومەوە، وا تێگەیشتم گلۆپی دارتێلەکە داگیرسا. سەرمەهەڵبڕی ئەستێرەیە، نەرم نەرم دادەبەزی، بەر لەوەی من بیناسمەوە ئەو منی ناسیەوە و گوتی:

لەو رۆژانە دەگەڕێمەوە.

ئەوەشی گوت:

گەردنت...

تەواوی نەکرد، بەئاگاهاتم، تۆ بڵێی (ئازاد)ی گۆتبێت، یان مار پێوەیدات!

+ ئەگەر هاتەوە! پێیدەڵێم با (ئازاد)ەکە بڵێ!

- گاڵتە بکە، هەر دیتت ئەستێرەی ئاوابوو، هەڵهاتەوە.

خەونەکە خەوی ئەبوو نەجمی ڕەواندەوە، من خەوم لێکەوت. ئەو تا شل بووبوو بە دەم خەوەوە قسەی کردبوو، هێندەی ڕیسابوو، نەوارەکەش نەیگرتبوو:

پیری پەنهانزان دێتەوە، خۆمی پێدەناسێنم، دەڵێم من بووم زمانم لێدای، من بووم بە زەبری قامچی

بە قسەم هێنای. مـن بـووم هـاتم لە گۆڕت دەربێنم، بە هەڵە تەرمـی ئەسـتێرە ژنەکەم بـرد و لەو ئاقـارە خسـتمە بــن خــۆڵەوە و ئێســتا بە جێــیەکەی ناکەومەوە. ئـا مـن بـووم، ژنـی ئەو پیـاوەم گـۆڕبزر کـرد، ئەو پیـاوەی وا قسـەی بـۆ دەکەم و خەوتـووە. ئەو پیـاوەی نـاوی سـێزدەی هەڵگرتـووە، بەڵام مـن حەزدەکەم بە سـەرهاتنووس نـاوی بێنم. مـن بـووم، پیـری پەنهـانزان ئەوە مـن بـووم، وێنەیەکـی تـازەی پیاوی ناو ئایەتانم گەیاندە دەستی ئەبوو عەلا.

من بووم ئەو هەموو نەوارەم پێت پڕکردەوە. مـن بووم، نەتناسیمەوە دەنگ و رەنگی خۆم گۆڕی بوو. مــن لەگیــنە گومــان لە خــۆم بــکەم، تــۆ چــۆن باوەڕدەکەیــت. نــا، ئەگەر دڵــت نەیتریوانــدبێ، باوەڕناکەم باوەڕ بە قسەکانم بکەیت.

لەو دەمەی ئەبــوو نەجــم بــۆ منــی خەوتــوو قســەدەکات، منــیش خەونێــک دەبیــنم. خەون بە ئەســتێرەکەی خــۆمەوە، لەو خەونە مــن و پیــری پەنهانزان لە سەر بانێ روو بەڕوو دانیشتبووین. لە قـادرمەکەوە کەسـێک سـەردەکەوت، بە دەنگـی پێـی ناسیمەوە، هەو بوو، هات کتێبێکی بە دەستەوە بوو، بۆی راگرتین و گوتی:

ها، ئەوە پیاوی ناو ئایەتانە.

ویستم لێی وەرگرم بزربوو. گوێم لە دەنگی بوو، هێندەی تێگەیشتم:

چیدی لە زەوی بۆم مەگەڕێن، من لە ئاسمانم.

لە دەنگی وی بەئاگاهاتم، دوای لێدانەوەی دەنگی ئەبوو نەجم خەونەکەم بۆی گێڕایەوە، ئەویش ئەوهای بۆم لێکدایەوە:

گیانی لە ئاسمانە، گۆڕەکەی لە زەویە و دەیبینینەوە، تۆ نازم غەزالیەکەی بخە سەری.

ئەبوو نەجم ماوەیەکە بێ غەزالی زاری تێکدەئاڵێ و قسەی بۆ نایێ، دەڵێ:

ئێستا تێدەگەم پیری پەنهانزان بۆچی داوای لاوکی دەکرد.

١٩

لێرە ساڵانێک پێکەوە بووین، بەڵام هێندەی ئەو دانیشتنە کورتەی سەر زێی نیل نەمناسی. لەوێ زانیم لە دەو زێ لە تەک زێیەک دانیشتووم. ئەو پیاوە لە قسە نیل بوو. زێ چکی کردبا، ئەو فەرمووەدەی لێنەدەبڕا. من درەنگتر ناوم لە گوتەکانی وی نا فەرموودە. هەرچەندە مامۆستاکەی برادەری فەرموودەی لە دڵ خۆش نەبوو. بە پێکەنینەوە پێیگوتم:

کوفران مەکە، قسەکانی وی فەرموودە نین، ئایەتن.

پیاوی سەر نیلێ، خەڵک گۆتەنی پیاوی ناو ئایەتان پاشتر دەیگۆ:

چ جێ وەک وڵاتی فیرعەونان، وەک ناو ئەهرامان، وەک کەناری نیل بۆ تێگەیشتن لە ئایین، لە ئایەت و فەرمووەدان لەبار نیە. حەیف، من لەوێ کەم مامەوە، دەنا لە فیرعەونان جوانتر تێدەگەیشتم.

وڵاتی من تەنێ کڕنووش و پاڕانەوە دەزانێ، دەچلە و فڕەهات لە ملکەچیەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام نیل نا، نیل لە یاخیبوونەوە دێ.

پیاوی ناو ئایەتان کە من ناوم نا ئەستێرەی ناو نیلێ، پاشتر ئەستێرەیتریشی بەسەردا بڕا. هەر بە راستی ئەستێرە بوو. ئەستێرەیەک لە خڕ ئەستێران پرشنگدارتر. ئەستێرەیەک لە سەر زەوی و لەبەر دەست، دەتوانی دەستی لێبدەیت، دەتوانی لە تاریکایی پێشی خۆتی بدەیت. هەر جارێ لە تاریکیی ناو کتێبان بزردەبووم، ئەو چەند تیشکێکی خۆی دەنارد و بەر هزرم دەبووە چراخان. بەر لەوەی بگەمە وڵاتی فیرعەونان و لە سەر نیل بیبینم، کەوتبوومە کۆڵانە تەنگ و تاریکەکانی مامۆستا شافیعی. ئەو تیشکی نارد و بەر پێمی روونادەکردەوە. جارەکی لە بن تیشکی وی لێمپرسی:

ئایینی ئێمە کەوتۆتە زۆنگاوێ، ناکرێ بیخەینە نیلەوە، جوولەی تێبخەینەوە، نوێی بکەینەوە؟

بە زمان نا، بەو تیشکانەی لە چاویەوە هاتن، لە سەر لمەکە بە هێڵی تیشک نووسی:

ئایین کۆن و نوێی نیە.

لە دیدارەکەی نیلیٚ، بە بەر چاوی خۆمەوە خۆی بە نیـــل دادا و لە بــن ئـــاویٚ دەتگـــوت گەلاوێـــژە دەدرەوشایەوە. کاتیٚ هاتە دەریٚ، تیشکی تەڕی لێوە دەچـۆڕایەوە. شـــان بە شـــان ســـەردانی ئەهرامـمـــان کـرد. ئەوٚ ئەســـتێرە بزێـوە دەیویســـت لەگەڵ مـن لە ئەزهەر بمێنێـتەوە، نەمـــایەوە. لە باڵیـــدا و گەڕایەوە ئاســـمانی قەڵاتـــیٚ. بەڵام لەوێشـــەوە تیشـــکی ئەوم دەدیت.

مـــن درەنـــگ هـــاتمەوە. درەنگتـــریش دیـــتمەوە. ڕۆژێکی هەوراوی لە ناو ئەو ئەشکەفتە تاریکەی بە ئەشکەفتی دەنگ دەچێتە ناو جوگرافیا و دیرۆکەوە، دیتمەوە. لەویٚ درەوشانەوەی ئەو نەبا، چاو چاوی نەدەدی. هەر لە ڕێی ئەویشەوە دەنگی ئەشکەفت بە دنیادا بڵاوبۆوە. ئەوەشم لەبیرە شتێکی لیٚ ئاڵۆزکابا و ســـەرە وایەرەکـی دەنگـی لـیٚ بزربـــا، ئەو پیـــاوە یارمەتی دەدا کە ئێستا دەزانم پیری پەنهانزان بووە.

+ تۆ پیری پەنهانزانت نەدەناسی؟

- چەنـــــد جــــارێکم دیتـــــووە، بەڵام هەرگیـــــز ئەستێرەییم تێدا نەدیتبوو. چ بزانم...

دیرۆکنووسی جوگرافیاناس پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت. دەستی خۆی دەشکێنێتەوە. چۆن لە بن دەستی خۆی بووە و نەیناسیوە. دیرۆکنووس دەڵێتە من:

ئەو ئەبوو نەجمەت لە کوێ دیتەوە؟ ئەگەر ئەو سەربردانەی دەیگێڕێتەوە، لە زاری پیری پەنهانزانەوە بن و بۆی هەڵنەبەستبن، کتێبی (دیرۆکی ئەستێرەکانی قەڵاتێ) ڕووناکی نابینێت. نابێت بکەوێتە بەر دیدان، دەبێت سەر لەنەوێ بینووسمەوە. لە دیرۆکی کوڕەکەی غەزالی چاو ئەستێرەوە بۆ لاوکبێژ و کوڕی عەبابەیلێ و دوا داودەکە. لەوانەوە بۆ کوڕە ئالا و سەرگەردانی خەندەی بایی و مەلاکە و کچە فەلە تا دەگاتەوە پیاوی ناو ئایەتان، هەموویان بێ سەربردەی پیری پەنهانزان کرچوکاڵن.

جوگرافیاناس دەڵێ:

من وا لە سۆراخی کونی بن زەویی ناو خەونی پیری پەنهانزانم. ئەگەر گەیشتمە کونێکی وا، شار دەبێتە خاوەن جوگرافیا و دیرۆکێکی وا، کەس لە خەونێش نەیخوێندۆتەوە و نەیدیتووە.

دیرۆکنووسی جوگرافیاناس:

من بە دوای نەوارەکاندا دەچمە ئەمریکا. لە ناو داخراوترین چاوەی هەواڵگرییش بێت. دەبێت بە دوایاندا بچین.

هەستا. لە سەر دەرگا ئاوڕیدایەوە و گوتی:

چۆن لیمۆ دەگوشی، ئەبوو نەجم وا بگوشە، دوا وشەی لێ داچۆڕێنە.

٢٠

کـاتێ گەیشـتمە سـەری، گیـانی تێـدا مـابوو. تەقەکەران بە بەر چـاومەوە قووچانـدیان. دەسـتم خستە سـەر دڵی، وەک من هەناسـەی دەدا. دەستم خستە بن شانی، خوێنی گەرم وەک قسـەکانی گەرم لە کەلێنی پەنجەکانمەوە چوڕاوگەیان بەست. لە ناو چـۆڕاوگەی خـوێنێ وردە ئەسـتێرەی بە قەد زەنگیانەم دیت، بە سـەماوە بەرەو سـەر شۆستەکە رێچکەیان بەست. لە چاوە نیوە کراوەکانی تیشکم دیـت، لە دیوارەکەیـان دەدا و هەڵدەکشـان بەرەو ئاسمان و بزر دەبوون. پێدەچوو منی ناسیبێتەوە، وەستام بوو. شاگردێکی زیرەکی وی بووم، لەوەوە فێربووم کە لە پارچە تەنەکەیەک و پاتریەک و سێ چوار وایەرێک...و دەنگ و دەنگدانەوە بێنمە بوون. ئـا، ناسـیمیەوە، ئەو دوو پەنـجەیەی پێنووسـی پێدەگرت، بۆ بەرکی چەپی چاکەتەکەی درێژکردن و بە دەنگێکی پڕ لرخ لرخ گوتی:

کاخەزەکە هەڵگرە.

دەستم بە باخەڵیدا کرد، پەڕەکاخەزێکی گەورەی چەند جار نووشتاوەم دەرهێنا و خستمە گیرفانمەوە. خەڵک خڕبوونەوە، منداڵان بە کتێبەوە بە سەر دیواری قوتابخانەوە بازیان دا و دەوریان دا، بەر لەوەی بیخەینە ناو ترۆمبێل، گوتی:

پێیانبڵێ، مەلا لە سەرم نەخوێنێ.

ئەوە دوا قسەی وی بوو. چەندی هەوڵمدا شتێک بڵێ، زمانی شکا، چیدی نەگوت. لە خەستەخانە دەهاتمە دەرێ، پەڕە کاخەزم دەرهێنا بیخوێنمەوە، لێکمنەکردبۆوە، کاخەز درەوشایەوە. لەو ساتە قۆڵم کەوتە ناو دەستێکی ئاسنینەوە. فیلەتەنێ بوو لەو گۆڕە. کاخەزەکەی لێوەرگرتم. بە زللە و شاپێک هەڵیدامە سەر جادە.

+ راسپاردەکەت بەجێهێنا؟

- نا...

+ لۆ؟

- ویستم بە کەسوکاری بڵێم، نەوێرام.

+ لە چی ترسای؟

- تۆ ئەو خەڵکە دەناسی، لە خۆیان ترسام، بڵێم گوتوویەتی: قورئانم لە سەر مەخوێنن؟ باوەڕیان نەدەکرد و بە شێتیان دادەنام.

+ راستە، نەمبیستووە کەس هەبووبێ، لە سەرەمەرگێ گوتبێتی: پرسەم بۆ دامەنێن، قورئانم بۆ مەخوێنن.

- لەو شارە هەر کەسێ شتی وا بڵێ، کەسوکاری چەند قورئانخوێنێکی بۆ دەگرن، بۆوەی گوناهی سووکتر بێت.

+ خەتێکیشت لە کاخەزەکەی نەخوێندەوە؟

- نا، هیچ

+ تا گەیشتنە خەستەخانە مابوو؟

- ئا، هەناسەی دەدا، هەناسەی تیشکاوی.

+ چۆن تیشکاوی؟

- وەک چۆن رەژووی داگیرساو باوەشێن دەکەیت، وابوو. لە هەناسەیەوە هەستم دەکرد پرووشکەی ئاگر بڵاو دەبێتەوە.

+ هەناسەی گەرم؟

- نا، پرووشکە ئاگری دەوی وی، فێنک بوون، لە بای باوەشێنەی بن کەپرێ فێنکتر.

+ ئەمنەکە کووی زانی، کاخەزەکەی دەستی تۆ هی ئەوە؟

- نازانم، دوور نیە کەسێک لەوانەی لەوێ لە بن دیوارەکە لە سەری بوون، زمانیان دابێت.

+ ئەها، باشە تۆ بۆچی بەجێتهێشت و لای نەمایتەوە؟

- دەریانکردین، نەیانهێشت کەس لە کنی بمێنێتەوە. پێموایە چارەسەریان کردبا، نەدەمرد.

+ ئەمنەکەت نەناسیەوە؟ نەتبینیەوە؟

- ناسیمەوە، چەند جارێ لە نوێژی هەینی دیتبووم.

+ نوێژی دەکرد؟

- لە ریزی نوێژکەران نوێژی دادەبەست.

+ پاشتر تووشی نەبوویەوە؟

- نا، تا سێ چوار رۆژ رۆژ دوای رۆژی هەستانەوەی گەورە.

+ ئێ؟

- ئەوە بوو لە کۆلانی ماڵی ئەو مەلایەی فەتوای رژانی پیاوی ناو ئایەتانی دا و لە هەموو مەلایان رشتتر بوو لە سەر رژانی.

+ پێرانەگەیشتی پرسیاری کاخەزەکەی لێبکەیت؟

- راستی تا لە خوێنیان وەرنەدا، کاخەزەکم بیرنەکەوتەوە. چوومە سەری، سەرم بڵندکرد، لرخەلرخی بوو، دەمویست پرسیاری کاخەزەکەی لێبکەم، دوا هەناسەی دا.

+ لە خوێنی ئەو هیچت نەدی؟!

- نا، خوێن و هیچ.

+ تۆ بە راست لە ناو خوێنی پیاوی ناو ئایەتان وردە ئەستێرانت دی؟

- درۆ ناکەم، لە خوێنەکەیەوە وردە ئەستێرە رژانە سەر شۆستەکە، لەوێوە لە باڵیان دا و ستوونی سەرەو ئاسمان هەڵکشان.

سێ چوار جارێ چوومە تاقیگەکەی، کەم کەس ئەو جێیەیان دیتووە، ئاخر دەبوو هونەری ئەستێرەت زانیبا و جێ متمانەش بی، ئەو دوو مەرجە لە کەم کەس هەبوو.

+ هونەری ئەستێرە؟!

شاگردەکەی پیاوی ناو ئایەتان، ئەوها هونەری ئەستێرە پیشاندەداتەوە:

تاقیگە کچگەیە، جێی حەفت کورسی لێنابێتەوە، لێ پڕە لە ئەستێرە. وەستام بە ئاسمانی تاقیگەوە هەر سەرە وایەرێک گلۆپێکی گچکە لە شێوەی ئەستێرەی پێوەکردووە. بە دوگمەیەک ئەویش لە شێوەی ئەستێرەیە دایاندەگیرسێنێ. بەڵام بەر لە داگیرساندنی ئەستێرەکان خۆی دادەگیرسێ. رووخساری دادەگیرسێ. لە خڕ ئەستێرەکان درەوشاوەترە لە شێوەی مانگە، جۆخینەی بەستووە، تاقیگەی وەستای من مانگەشەو بوو.

هەر کاتێ سەرم بە دەرگای تاقیگەدا دادەگرت، تەونی جاڵجاڵۆکەم دەدیت. وام هەستدەکرد ئەشکەفتی حەڕام هاتۆتە خەونێ. ئەو هەموو وایەرە تێکئاڵۆزکاوە، کەس سەرەدەری لێدەرنەدەکرد.

کەچــی وەســتام یەک یەک دەیناســینەوە، ســەرە وایەری دەدیتنەوە، دەیزانی دەگاتەوە کوێ و کام ئەستێرە هەڵدەکات و دەیکوژێنێتەوە.

رۆژێـک تەختە دارێکـی کـچە لە نـاولەپ شـتێک گەورەتـــر، ئەستووریشـــی پەنـــجەیەک شـــتێک ئەســـتوورتر، لە تەنیشـــتیەوە وایەرێکـــی وەک داوەدەزی بارێــک هـــاتبووە دەرێ و گەیشـــتبۆوە ئەستێرەیەکی حەفت تیشک، گوتی:

جـگە لە خـۆت کەس بەوە نەزانـێ، بیـبە مـاڵێ، ئەوشـۆ زوو زوو تەماشـای بـکە بـزانە دادەگیرسـێ یان نا، سبەی زوو هەواڵەکەم بۆ بێنە.

ئەوەبوو لە سەرە کۆڵانی ماڵێ، ئیستۆپێک دنیای لەرزانـد و دوو قـات زەیتـوونی هەڵیانـدامە نـاو ترومبێل، بەرکیان پشکنیم و هەندێ پەرەکاخەز و تەختەدارەکەیان لە گیرفانی ساقۆکەم دەرهێنا. لەو ساتەی دەیانویست دەستوچاوم ببەستنەوە، کەوتینە بەر رێژنەی گوللە. دارتێلێک ترومبێلی گرتەوە و من دەرپەڕیم و ئاورمنەدایەوە. نەمزانی چی روویدا و تەختە دارەکەی وەستام گەیشتە دەستی کێ.

دەمویست ئەو شەوە هەواڵەکە بگەینمە وەستا، نەوێرام. نەچوومەوە ماڵێش، لەوێش زگچوونێکم تووش هات، تا سبەینێ لە رێی ئاودەستێ بووم. سبەی زوو چوومەوە کن وەستام. لە رۆژان درەوشاوەتر دیاربوو. بەر لەوەی زار هەڵبێنم گوتی:

گلۆپەکە هەڵبوو؟

کاتێ سەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، داما، زۆر داما، گوتی:

هەواڵێکی خراپ بوو، نەمبیننەوە باشە.

+ ئەو رووداوە پێش کتێب و فەتوا بوو؟

- نازانم کتێبەکە، بەڵام فەتوا نەدرابوو.

+ گرتنەکەت بە هۆی تەختەدارەکەوە بوو؟

- باوەڕناکەم پێوەندی بەوەوە هەبووبێت، نازانم.

+ ئەدی کوشتنی وی، تۆ بڵێی...

- نازانم، بەڵام دوور نییە ئەستێرەکان وەستاکەمیان بە کوشت دابێت. ئەو ئەستێرانەی لە تاقیگەکەی مانگەشەویان بە دەوریەوە

درووستکردبوو. ئەو تاقیگەیەی لە سەر دەرگاوە لە ئەشکەفتی حەڕا دەچوو.

+ بە قسەی تۆ بێت، کتێب بە کوشتی نەدا؟

- نا، وایەر، وایەر، وەستای من وایەر بە کوشتی دا، وەستام ئێوە گۆتەنی پیاوی ناو ئایەتان، وایەر کوژاندیەوە.

شـــاگردەکە بە قـــورگی پـــڕ گریـــانەوە باســـی وەستاکەی دەکات. ئاخان هەڵدەکێشێ کە لە نیوەی ڕێ بەجێیهێشـــتووە. شـــاگردەکە لە چـــۆکی خـــۆی دەدات و دەڵێ:

ئـــــای ئەگەر ئەمنێکـــــی گەورەی هەینـــــێم دەستدەکەوێ، چۆن بە دوو پارچە وایەر پاتریەکی گەورە بە قســـەی دەهێـــنم و کوشـــتنی وەســـتاکەم ئاشکرا دەکات.

شاگرد نازانێ ئەبوو نەجم لە بن دەستی خۆمانە.

٢١

وایە، لەو جێ و دەمەی ئەو دەیڵێ ڕووداوێکی وا ڕوویدا، ئەبوو عەلا دەستبەجێ هەواڵی دامێ کە (موخەریبین) لە نزیک منارە دەستیان لە(ریفاق) وەشاندووە. بەڵام شتێک لە بارەی تەختەدارەکەوە نازانم، نە دیتوومە نە باسیان کردووە.

+ بەڵام شاگردەکە دەڵێ: دوو وایەری لە گوێ بێخم، تەختەدارەکە دەبینێتەوە!

– منارەش لە گونم بێخێ، شتێ لە تەختەداری دەستناکەوێ.

دوورنیە، تەختەدارەکە گەیشتبێتە (ئەمن) لێ من لێی بێ ئاگام. دەزگای ئەمن ئاڵۆزە، شت هەیە لە بن سەرت ڕوودەدا، ناتگاتێ. ئەبوو عەلا بەرچاومەوە دەمانچەی لە نێوچەوانی پیاوێک بەتاڵکردووە، نەمزانیوە کێیە و بۆ؟ بۆم نەبووە پرسیاریش بکەم. ئەبوو عەلاش زۆر شت هەیە

کردوویەتی و نەیزانیوە بۆ، پێکهاتەی ئەو دەزگایە ئەوهایە.

پیاوی ناو ئایەتان کێشەیە، ئاڵۆزە. وەک گوتم ئەبوو عەلاش سەرەدەری لێدەرنەدەکرد. من نازانم وشە بە کوشتی دا یان وایەر. ئەوەی لە بارەی ئەو پیاوەوە دەیزانم لە پیری پەنهانزانەوەیە. لە رێی ئەویشەوە پێکەوتم کوژانەوەی ئەو ئەستێرەیە تاریکیەک بە دوای خۆیدا دەهێنێ، شار تاریکایی وای بە خۆوە نەدیوە. بیرمە لە خەوێ دەیگۆت:

پاش تۆ شار پاشەوپاش دەکشێتەوە، دەگاتەوە سەردەمی ئۆسمانی، تاریک تاریک، ئەستێرەیەک بە ئاسمانیەوە نامێنێ.

ئەبوو نەجم دەنگی دایە نازم غەزالی. نیو پێکەکەی کردە فرێک و کووزە لیمۆیەکی مژی و گوتی:

لە بارەی ئەستێرەکانەوە هەر هێندە دەزانم کە لە پیری پەنهانزانەوە بیستوومن. شەو و رۆژ وەک لیمۆ مێشکی خۆم دەگوشم قسەیەکی ئەوم بیربکەوێتەوە. ئەو هەموو عەرەقە دەخۆمەوە هەر بۆ ئەوەیە قسەی ئەوم بیربکەوێتەوە. نەوارەکان

ببینـنەوە، مـن لە کـۆڵ گێـڕانەوە بـکەنەوە. پیـری پەنهانزان بە من ناگێڕدرێتەوە. کاتم کەمە با بەشـی دیتنەوەی ئەستێرەکەی بن خـۆڵێ بکات. نەیبینمەوە لە ناو گۆڕیش کەڵەکەم ناکەوێتە عەردێ.

+ تۆ بکوژەکانی پیاوی ناو ئایەتانت نەهاتەوەبیر؟

– وەک گوتم هەینێش نەمزانی کێ و کێن، ئەبوو عەلا دیاریکردبوون.

ئەهـا، زەنگـی دەرگـایە، دەنـگەکە کـزە، رەنـگە لە نەوارەکە دەرنەچێ.

***

شاگردەکە بەرانبەر ئەبوو نەجم دانیشتووە. تاوێ لێـی رادەمێنـێ. تـاوێ پەنـجەی بیرکـردنەوە لە روومەتی دەچەقێنێ و دیار نیە چاوی لە چی بڕیوە. هەبـــێ نەبـــێ ئەو پیـــاوە دەناســـێت، بەڵام بیریناکەوێتەوە کێیە و لە کوێ دیویەتی. پاش یەک دوو پێک، روو لە ئەبوو نەجم:

وێنات دەکەم، نایتەوە بیرم.

ئەبوو نەجم لەسەرەخۆ:

سمیڵم بێتەوە، رەنگە بیرتبکەوێتەوە، بەڵام من تۆ ناناسم.

پاش بەینێک دەست دەخاتە سەر شانی و دەڵێ:

هەڵە نەبم، تۆم لای وەستام دیتووە، برادەری ئەو نەبووی؟!

ئەبوو نەجم دادەمێنێ، هەستدەکەم دەیەوێ خۆی ئاشکرا بکات. بە چاو پێیدەڵێم شتی وا نەکەیت، بە قسەم دەکات و دەڵێ:

وایە، من برادەری وی بووم.

شاگردی وەستا هەڵدەستێ و دەستی لە مل دەکات و بەر ماچانی دەدات:

وەستام تۆی زۆر خۆشدەویست.

ئەبوو نەجم گریا، جوان گریا، لە دڵەوە گریا، ژنانە گریا. پیلم گرت و بردمە لای دەستشۆرەکە. سوورە لە سەر ئەوەی خۆی ئاشکرابکات. تکای دنیام لێکرد تا پەژیوانم کردەوە:

+ تۆ ئەو کورە ناناسی، بزانێ دەستی تۆشی تێدایە دەتکوژێت، ناگەینە چیرۆکی ئەستێرەکان.

- باشـه، لەبەر خـاتری ئەستێرەکەی تـۆ و پیـری پەنهانزان، بە قسەت دەکەم.

شـاگردی وەسـتا دێ و دەسـت لە ملـی ئەبـوو نەجم دەکات و دەڵێ:

+ بمبوورە برینم کولاندیەوە. وەستای من وابوو، هەر کەسێ جارێ دوو لەگەڵی دانیشتبێ، چووەتە دڵی و بیریناچێتەوە.

- وایە، بە تایبەتی من، ئاخر دەزانی...

پێدەچوو بن بەرە بهێنێتە سەر بەرە. دەستم برد قـونجڕکەیەکی لێـدەم، لەو سـاتە زرمەیەک، وەک قەڵات تەقیبێـتەوە وابـوو. جـامی پەنـجەرە هـاتنە خـوارێ. بـوتڵەکە کە لە سـەر لێـواری مێـزەکە بـوو، کەوتە عەرد و عەرەق رژا و کارەبـا کـوژایەوە. ئەبوو نەجم دەڵێ:

ئەوە تۆپی بەعسە، نەگەیشتبێتەوە شار؟

شاگرد دەڵێ:

نـا، نـاوەخۆیە، وا تێـبگەم تـۆپی یەکەمـی شـەڕی براکانە.

قسەی شاگرد دەرچوو.

دەنگی دەرگایە، بە مەستی و بە ناو تاریکی و بە سەر وردە شووشەدا چووم:

کێیە؟

بە تووڕەییەوە:

بیکەوە.

کردمەوە، لایتی لە ناو چاوم راگرت:

+ کوا ئەو بەعسیە خوێڕیە؟

- بەعسیی چی!

+ با ناو دەمت پڕ نەکەم لە گوللە، ئێوارێ بە چاوی خۆم دیم هاتە ئێرە.

چوار پێنجی بە زۆرێ کەوتن، لەو ساتە کارەبا هاتەوە. پیلی شاگردیان گرت:

خوێڕی، بەعسی، رادیۆ بۆ حیزبی خایەن چاکدەکەیتەوە، بۆ ئێمەی چاکناکەیتەوە؟

شاگرد گوتی:

هەرچی بم بەعسی نیم، خۆتان بەعسین.

دایانە بەر شەق و قۆنداخە تفەنگان و بردیان و ئێمەش هیچمان لە دەست نەهات. ئەبوو نەجم گوتی:

تەڕ بەعسیان ناسیەوە!

لە ناو تەقوهۆڕی ئەو شەوە، دەسڕێژێک رایچڵەکاندم. چەند جارێ هاتمە دەرێ و تا ئەو سەر و ئەو سەری کۆلانێ دەچووم. گیزەی گوللە لە ژۆرێی دەکردمەوە. نەخەوتم، ئەو شەوە نەخەوتم، بەیانی دابوو نەدابوو، لە کۆلانێ سووڕامەوە دیوی قوتابخانەکە. لەو جێیەی کاتی خۆی وەستایان لە خوێنی خۆی گەوزاند، شاگرد لە خوێنی خۆی گەوزابوو.

گۆڕەکەشی کەوتە نزیک گۆڕی وەستاکەی. لە پرسەکەی دەهاتمەوە، پۆلیس گرتمیان. لە پۆلیسخانەوە بۆ دادگا، من دەستم لە کوشتنی شاگردەکە هەیە! دوو دیدڤانیش هەیە. دەڵێن، ئەو شەوەی کوژرا بە چاوی خۆمان دیومانە لەو ماڵە بووە، ئەو دیدڤانانە خراپیان بۆ تێکوشیم و بە

دەستچێنی بەعسیان دانام. پاشتر گواستمیانەوە زیندانەکەی پیری پەنهانزان.

من دیدڤانەکان دەناسمەوە، بکوژەکانن. ئەبوو نەجمیش دەیانناسێتەوە، بەڵام نەمهێشت ئەو تێکەڵ بێ. ئەو دەبێت دوور بێت لە کێشە و بەڵا، ئەو چیرۆکی ئەستێرەکان دەگێڕێتەوە. دێ، ئەبوو نەجم بە پارچە پاکەتەوە دێتە سەردانم، بە چرپە:

+ ئەها، لەو هۆدەیەی تەنیشتت، پیری پەنهانزان چیرۆکی خۆی دەگێڕایەوە، لەو هۆدێهی...

- وا دیارە چیرۆکەکە لە زیندانێ کۆتایی دێ.

+ وا مەڵێ، هەر دیتت بەربووی.

- تۆ ئاگاداری خۆت بە. چیت بیردێتەوە، تۆماری بکە. با بە دەردی ئەوانی دی نەچن.

کورە زیندانیەکەش هەر جارێ دێ، هەواڵی رووخانی لایەکی شار دەهێنێ. هەواڵی کوشتوبڕ، راونان، قاتوقڕی دەهێنێ. بەڵام پێکەنینێکی هەند خۆشی پێدادەکات، وەک ئەوەیە مزگێنیی ئازادیی پێبێ.

ژنی ئەستێرەدار سەرم لێ نابڕێ و پێیەکی لە زینداندییە. گوێ ناداتە تیروتوانج و سووکایەتی پاسەوانەکان. زوو زوو بە مەنجەڵێ دۆڵمەوە دێ. ئێستا بە خوێندنەوەی نامەی ناو سێوەکە خۆم ڕاگرتووە.

ئەو لە ئەستێرەوە بۆم هات. ئەو ڕۆژە ئەو ژنە چەند بە ئەستێرە دەچوو. لە هەر لایەکەوە بۆم دەڕوانی ئەستێرە بوو. دەنگیشی دەنگی وی بوو. ئەستێرەکەم دوای ئەو هەموو ساڵە لە گۆڕێ هاتە دەرێ و بە سێوێکی نامەدارەوە هاتە بەر شیشەی زیندانێ. نزیک بوو، هەر گەزێ لێم دووربوو. چەند حەزم دەکرد لە ئامێزی بگرم، نەگەیشتمێ. پاسەوان نەیهێشت دەستم بیگاتێ.

ئێستا بەو نامەوە دەژیم. خۆزی لە ساڵی یەکەمی زیندانێ دەینارد.

٢٢

لە ژنی ئەستێرەدارەوە بۆ سێزدەی جوان

سڵاوی ئازادی

پێش ئازادی، ئەستێرەدار پێدەچێ لەو جێیەی تۆ، لە پشت ئەو شیشانەوە ئەستێرەکانی خەیاڵی خۆی ژماردبێ. ئەو رۆژە کە لەو دیو شیشەکانەوە تۆم دی، نازانم بۆ وا هەستمکرد بە دیار ئەستێرەدارەوە راوەستاوم. خۆ ئەوم لەوێ نەدیبوو، بەڵام نازانم بۆ تۆ بەو دەچووی، یان ئەو بە تۆ دەچوو. رەنگە لە زیندانێ لە پشت شیشەکانەوە مرۆڤەکان شێوەیان لە یەک بکات.

پیاوی زیندانی، زیندانیی دوای ئازادی، تۆ بە لەدەستدانی ئەستێرەکەت و من بە لە دەستدانی ئەستێرەدارەکەم چەندان جار مردین و زیندوو بووینەوە. تۆ بە دوای گۆڕەکەیدا وێڵی و من بە دوای هەواڵێکی، دڵم دەڵێ نەمردووە و ماوە، بەڵام دەزانم نایبینمەوە. کاتێ لەو دیوەی شیشەی

زینـدانێوە تەماشـای تـۆ دەکەم، چەنـد بەو دەچـی!
ئەرێ ئێوە لە چی خزم دەبنەوە؟

زیندان جێی تۆ نیە، دڵنیام زوو بەردەبی.

ژنێک چاوەڕێتە و پێویستی پێتە.

نامەکەم خستبووە ناو سێوێکەوە. کونێکی کچگەم تێکردبوو. بە مووکێش ناویم دەرهێنابوو. نامەکە پەڕەکاخەزێکی گچکە بوو. لوولمدابوو، خستبوومە ناوی. لە سەر سێوەکەش بە نینۆک نووسیبووم (تەنها خۆت)، نامە وا نەبێت ناگات. لە دەرگا بن نینۆکیش دەپشکنن. ئاخر پێش ئازادی و دوای ئازادی زیندان هەر زیندانە.

راستی، ریگەیەکیتریش هەبوو، بەڵام نازانم بۆ حەزمکرد لە ناو سێوێکدا بۆی بنێرم.

لە سەر دەرگا هێشتا پێیەکم لە دیوی زیندانێ بوو، ویستم بگەڕێمەوە، چەند هەوڵمدا پۆلیسەکە رێینەدا و گوتی:

کاتی دیدار تەواو.

لە نامەکەم پەژیوانبوومەوە، بە تایبەتی لە دوا رستە. بە درێژایی ئەو شەو و رۆژە لە خودا پاڕاومەتەوە، سێوەکە بەر کەسێکی تر کەوتبێ و لە تامەزرۆیی بۆ سێو پەڕە کاخەزەکەشی قووتدابێت و بەر چاوی مێردی ئەستێرەی دەستە خوشکم نەکەوتبێ. ئەرێ ئەو پەشیمانیە چیە وا پەنجەم پێدەگەزێ!

* * *

سڵاو

لە کۆنە زیندانیەکەوە بۆ بێ تاوانترین زیندانی

رەنگە زانیبێتت، دیرۆکنووسەکە کەوتە ڕێ. بە دوای نەوارە کۆنەکاندا رۆیی. منیش نەوارە تازەکانم پاراستوون و لە بەرم گرتوونەتەوە و خەمی بزربوونیانت نەبێ. خەمیماڵەکەشت نەبێ. ناوە ناوە دەچم و گوڵ و درەختەکان ئاودەدەم.

لە بارەی باخچەکەتەوە شتێک دەڵێم، بە خەونی خەیاڵی مەخوێنەوە. چۆنی دەڵێم ئەوهایە. گوڵەکان شێوەی ئەستێرەیان گرتووە. لە تاریکایی دەدرەوشێنەوە. هەر من نا، هەر کێ سەر بەو حەوشەدا دابگرێ، دەڵێ:

ئەوە چیە، ئەو ماڵە ئەستێرەی لێ رژاوە؟

ژنەکانی دراوسێ دەڵێن:

ئەو ماڵە هەمیشە مانگەشەوە.

هەندێکیان لەو درەوشانەوەیە ترسان و باریانکرد. لەو بارەیەوە چیدی ناڵێم کە بەربووی بە چاوی خۆت ئەستێرەکانی ماڵێت دەبینی.

وا دەبینم لەو ماوەیە گۆرانی گەورە بەرێوەیە. پایتەختی خوێن شلۆقە. هەر دیتت، وەرگەڕا. لەگینە هەینێ لە بارەی هەندێ لە ئەستێرەکان بە زانیاری زێتر بکەوین. برادەرەکەش رۆژانە دەچێتە ئاقارێ و بست بست بە دوای گۆڕی ئەستێرەدا دەگەڕێ و دەڵێ:

دیتنەوە یان مردن لە رێی دیتنەوە.

ژنی ئەستێرەداریش کەوتۆتە گەڕان. زیندان زیندانی رووخاوی عێراق دەگەڕێ. ئێ ئەوە خوایە جێماوێکی ئەستێرەداری دەستکەوێ. چاوەڕێم بێتەوە. تا نەوارەکانی بدەمێ و ئەو درێژە بە چیرۆکەکە بدات. ماڵەکەشت بەو دەسپێرم.

هەستدەکەم ئەگەر لێرە بمێنمەوە، بە دەردی تۆ دەچم.

***

له میرغەزەبی دوێنێوە بۆ تۆ

سڵاو

چیدی ناتوانم سەردانت بکەم و لەو دیوی شیشەکانەوە بتبینم. لە دوا سەردان پاسەوانێک کە سەردەمی منیش لەوێ پاسەوان بوو، لە هاتنە دەرێ هەستمکرد ناسیمیەوە. بە پڕتاو خۆم بزرکرد و نەیگرتم. جاروبار سەر لە ئێواران رێم دەکەوێتە کۆڵانی جاران. لە نێوان ماڵی ئێوە و ماڵی پیری پەنهانزان، کۆنە ماڵی ئێمە بزرە و نایبینمەوە. هەر دوو ماڵ هەمیشە مانگەشەوە، دەبینم ئەستێرەکەی تۆ و پیری پەنهانزان دەبینم.

رەنگە بیستبێتت دوێنێ ئەو دەمە، بەغدا کە لە پەیکەرێک خۆی گرمۆڵە کردبوو، بە شێوەیەک لووتبەرزیی شکا، ئیدی نابێتەوە بەغدا. من جگە لە گەڕان لە دوای ئەستێرە، دیتنەوەی ئەبوو عەلاشم

کەوتە سەر. ئەگەر بیبینمەوە و بیهێنمە قسە، تیشکی ئەستێرەکان جوانتر دەردەکەون.

سبەی بەرە و ئەوێ دەڕۆم، تا دێمەوە تۆ لە ماڵێ بە!

****

لە کۆنە مەلاوە بۆ زیندانیی دوای ئازادی

سلاوی ئەستێرەکان

ئەو مەلایەی فەتوای کوشتنی پیاوی ناو ئایەتان، ئەستێرەکەی ئێمەی دا، وەک جاری جاران و پتریش دەستی دەڕوات. فەقییەکانی خۆی کە ئێستا دوازدە جەهلن، بە شاری وەرکردوون. ئەو فەقێیانە فەتوای وا دەدەن، شافیعی شەرمەزاردەکەن، ئەها:

تیزاب بۆ لاقڕووتان، شیر بۆ ملی ئارەقخۆران، گوللە بۆ ناو دەمی کۆمۆنیستان، زیندان بۆ رۆژوونەگران، مل پەڕاندن بۆ نوێژنەکەران...

مەلای فەتواچی پاسەپۆرتی دنیای لە گیرفانە. بە ئاسماندا ئەو سەر و سەری زەوی دەکات. بە ریشی فەتواوە دێ و دەچێ. لەو رۆژانە لە بارەی پیاوی ناو ئایەتانەوە گوتبووی:

هەر کەسێ کتێبەکەی بخوێنێتەوە، ئۆباڵ بەو ملە خوێنی حەڵاڵە.

سێزدەی زیندانی، چ بە دنیا بڵێم، تۆی خستۆتە زیندانێ و مەلای گۆڕین و فەقێکانیشی لەو خەڵکە بەرداوە! لەبیرت بێت، ماڵتان ئێستا مانگەشەوە، مانگەشەوێک چ مانگێک بە ئاسمان و زەویی نەبەخشیوە.

هیوام ئازادیتە.

٢٣

ئەورِۆ دەبێتە یازدە ساڵی خشت، بە تاوانێک زیندانیم ئەستێرەکان چەند دەستیان تێدابووە، منیش هەر هێندە. زیندان نەیهێشت بە دوای چیرۆکی ئەستێرەکاندا بچم و بگەمە ئەو جێیەی دەبوو بگەمێ. بەڵام لێرەش، لە سەر دیوارەکانی زیندانیش چەند تیشکێکی پیری پەنهانزانم دیتەوە و رەنگە شتێک بخەنە سەر چیرۆکەکە.

لەو هۆدەیەی تەنیشتم پیاوێک هەیە لە سەردەمی هەڵهاتنی ئەستێرە زەردەکەوە تا ئێستا پێیەکی لە دەرێیە، پێیەک لە زیندان. سەربردەی ئەستێرە زەردەکە، یان بڵێم کچە فەلەی لە پیری پەنهانزانەوە بیستووە و بۆی گێرامەوە. منیش وا بۆتانی دەنێرم، با بە دەنگی ژنی ئەستێرەدار بکەوێتە سەر نەواری دیرۆکی ئەستێران:

گۆتمە شوفێر:

بە دوای ئەو پەلە هەورە سپیەدا برۆ.

گۆتی:

کابرا تۆ شێتی؟!

گۆتم:

شێت نیم، هەورەکە ناچێتەوە ڕێیەک، ترومبێلی پێدا نەڕوات.

شوفێر بە نابەدڵی کەوتە دوای هەوری سپی.

من دڵنیابووم هەورەکە هەوری ناو خەونێیە و دەمباتەوە لای کچە فەلە. ئەو ڕۆژە ئاسمان هەوراوی بوو، بەڵام من پەلە هەوری خۆم دەناسیەوە. سپی سپی دەتگوت پۆلە کۆتری سپیە بە ئاسمانەوە. نەوی نەوی، لە هەندێ جێ زگی لە عەرد دەخشاند. بڕۆ بڕۆ، بە ڕێی قیڕ و قوڕ و بەردا بڕۆ، گۆتمە شوفێر:

چاوێکت لە سەر پەلە هەور بێ، لە هەوراز و نشێوان، لە پێچ و دەوران، بە تیسکێ ئاماژە دەدا.

هەور وای دەکرد، ڕێک وەک ناو خەونەکە تیسکێکی لە شێوەی قۆچی کێوی لێدەبۆوە و بۆ شوفێر دەبووە هێمای ڕێوبان. لە سەر ئاواییەک

هەور راوەستا. تێگەیشتم کێشە چیە. ڕێی ترۆمبێل نەما.

ماڵاوا شوفێر.

دابەزیم، بە ئاماژە گۆتمە هەور:

کام ڕێ؟

هەور نەرم نەرم کەوتە ڕێ، بە سێبەری هەوردا هەڵگەڕام و داگەڕام و دەمەو ئێوارە، ئێوارەیەکی تەڕوتووش، لە ئاواییەک ناوێکی وەک قومری پێوە بوو، هەور نەما. تەواو، نیشانەی دیدارە، دیداری کچە فەلە.

لە دوورەوە ناسیمەوە. پێشتر جاری دوو دیتبووم، بەڵام پتر بە دیتنی ناو خەونەکە ناسیمەوە. هەوبوو ئەستێرە زەردەکە بوو، لە فیشەکان زەرد زەرد دەچۆوە. دەبوو قسەی لەگەڵ بکەم. هەرچۆنێک بوو خۆم لێی نزیککردەوە و ڕێک قسەی ناو خەونەکەم پێگوتەوە:

ئەوشۆ نەچیە چ ڕێ، شۆڕش بۆسەی بۆت داناوەتەوە.

ئەستێرەی زەرد بە شێتم تێگەیشت و بە پێکەنینێکی پڕ درەوشانەوە گوتی:

سوپاس مامە، زار هەڵێنە هەر شتێکت دەوێ سەر چاوم.

زۆر هەوڵم دا، شتێک لە خەونەکەشم بۆی گێڕایەوە. ئەو بە پێکەنینەوە رۆیی. شەو گوێم لەو تەقانە بوو کە بە ئەستێرەی زەردیانەوە نا. بە پڕە پڕە ئەوێم بەجێهێشت، ترسام کەسێ گوێی لە قسەکانی نێوان من و کچە فەلە بووبێت.

لەبیرمەکەن، سەربردەی ئەستێرەی زەردیش لەبیرمەکەن.

دیتنەوە و خوێندنەوەی هێل و وێنەی سەر دیوارەکان چاوی گورگی دەوێ. تێکەڵ و پێکەڵن و لە سەر ئێکن. نووسین لە سەر نووسین، وێنە لە سەر وێنە، لە سەردەمی مەلیکەوە بە کۆماری و کوودەتاوە وەرە تا دەگەیتە ئێستا. ئێستای کەس نازانی چی، ئێستای من کە نازانم بڵێم بڕووخێ و کێ و بژی کێ! نازانم لە سەر دیواری زیندانێ چ بنووسم. ئەگەر بیستویەک ساڵ لەمەوبەر با، سەردەمی ئەستێرەدار و پیری پەنهانزان و کوڕە

زیندانی و ئەوانە با، دەمزانی. بەڵام ئێستا لە خۆم سەر لێشێواوێ.

یازدە ساڵە لە سەر دیواری زیندانێ جێ دەستی زیندانییان دەخوێنمەوە. بۆتە کتێبێکی وەک خۆم زیندانی. کتێبێک بە مەستی نەبێت نانووسرێتەوە. یازدە ساڵە بەزۆر بەڕۆژووم. بەڵام هێندەی لە چیرۆکی ئەستێران دەکاتەوە، ئەگەر بە زمانی دیواریش بێت دەبێت بگاتە دەرێی زیندان و لە دوورەوە لەگەڵ چیرۆکەکەی گرێدەدەمەوە:

لەو ژوورەی ئەبوو نەجم قامچیی راوەشاند و لە سەر پشتی پیری پەنهانزانەوە چەند ئەستێرەیەک خۆیان دا بەرێ. ئەوەتا ئەستێرەی ورد ورد، لە مێروولە وردتر بە سەر دیواردا روو لە دەرگا رێچکەیان بەستووە. تا هێندەی چاویلکە لە چاوتی نزیکنەکەیتەوە لە رێچکەی مێروولە دەچێ. بەڵام لە نزیکبوونەوەدا مێروولەی چی! ئەوە رێچکەی پیتە، پیت پیت دەیخوێنمەوە:

من ئەو پیاوەم ساڵی جارێک دڵم دەتریوێنێ، چیرۆکی من لێرە دوایی نایێ، دەگاتەوە...

ڕێچکەی وشە لە بن دەرگا دوایی دێ. سەرێ و خواری دەگەڕێم، بای نەداوەتەوە. هەر دەبێ سووڕابێتەوە دیوەکەی ئەودیو. ڕێگەم نادەن سەر بەودیودا بگرم. نەمزانی دەگاتەوە کوێ.

ئەو ژوورەش پیدەچێ جێی ئەستێرەدار بووبێت. ئەوەتا نەخشی خۆی لە سەر دیوارەکە کێشاوە. دەیناسمەوە، لە نامەی ژنەکەیەوە دەیناسمەوە.

ئەوەتا دەستەکانی پڕن لە ئەستێرە وەک چوکلێت بە سەر بووکدا بکات، وا دەکات و دەکەوینە بن ئەستێرەوە. دەیانناسمەوە و قسانیش دەکەن. هەموو لە درەوشانەوە ئەستێرەن. بەڵام لە شێوە، شێوەی جیاجیا دەگرن و لە دەنگیش هەر یەکەو دەنگێک. ئەوە کوڕەکەی غەزاڵی چاو ئەستێرەیە. هەر هێندەی گۆمکە خەنجەرە. هەڵبەز و دابەز دەکات. بەر لەوەی لە پەنجەرەکەوە ئاودیو بێ:

شا لە کوژانەوەی منەوە درەوشایەوە.

ئەوە کوڕەکەی عەبابەیلێ، لە شێوەی قازیبازاڕ خۆ دەردەخات، لە ئاودیوبووندا، گوتی:

ئاوابوونی من، لە سیروان بپرسن.

ئەوە لاوکبێژەکەیە، شـێوەی قەوانـی بەر تیشـکی ڕۆژی وەرگرتووە و دەبریسکێتەوە، چاوم دادەخەم، هاتە بن گوێم:

بەندێ ڕۆمیا بەندەکێ گرانە.

چاوم هەڵێنا، نەمابوو.

دەیانناسمەوە یەک یەک ئەستێرەکان دەناسمەوە، دوا داود هات، لە شێوەی پەڕەسێلکەیەکی گڕدار بە بێدەنگی لە پەنجەرەکەوە ئاودیو بوو.

کــوڕە ئــاڵایش وەک ئەوەی لە فــڕۆکەوە خــۆ هەڵـداتە خـوارێ، لە بەر دەمـم کەوتەوە، تیشـکێکی بەو لاو بەم لادا گێـــڕا و لە شـــێوەی ئـــاڵایەکی لوولـدراو خـۆی لـوودا و هێشـتا نیـوەی لەو دیـوەی پەنجەرەکە بوو پرسی:

سەر لە ئێواران منیش لە ئاسمانی قەلاتێ دەبینی؟

ئەها سەرگەردانی خەندەی بـایی، لە شـێوەی دوو لێوی ئامادە بۆ ماچ یـان گـوڵێکی تـازە پشـکوتوو، لە سـەر دەسـتی ئەسـتێرەدارەوە بـۆ سـەر دیـوارەکە، لەوێـوە پەڕ پەڕ تیشـکان داوێ. تیشـکەکان لە سـەر شیشـــەی پەنـــجەرەکە ئـــاوازی ئەی ڕەقیـــب

دەنووسـنەوە. دەبیـنم و دەبیسـتم، ئاوازەکەیـان گوتەوە و ئاودیوبوون و نەمان.

کـچە فەلە، ئێـوە بڵـێن ئەسـتێرەی زەرد، بە دوای خەنـدەی باییـدا کەوتە سـەما و درەوشـایەوە، سیوەیلانە پێکەنی و گوتی:

شۆڕش بە دەستی خۆی منی ڕژاند.

ئەسـتێرەی زەرد لە ئاودیوبوونـدا، شـتێکی گـوت، تێینەگەیشتم.

لە درەوشـانەوەی یەکەم پیـاوی نـاو ئایەتـانم ناسیەوە. لە هەر تیشکێکی بە خەتـی شکستە ناوی سـوورەتێک خـۆ نیشـاندەدات. پیـاوی نـاو ئایەتـان تەواوێک لە ژوورەکە تیشکی دایەوە و تا بزر نەبوو هیچی نەگۆ:

لە سـەر دیـوارەکە بە خـوێنی خـۆم نـاوی بکوژەکەمم نووسیوە .

پیـری پەنهـانزان دوای هەمـووان لە نـاو لەپـی ئەستێرەدارەوە خۆی هەڵدا و لە بن دەست و پێم نیشتەوە. سـەرەتا ڕێک لە قەڵات دەچوو. قەڵاتی بە قەد ژمارەی ئەستێرەکانی گچکەکراوە، هەر هێندەی

هێلکەی حاجیلەقلەقی لێمابۆوە. لەپڕ وێنەی ئاگری گەمە پڕووشکی دا. ترسام بسووتێم، چاوم داخست و خۆم دا بن دیوارێ. کەوتمە نزا، کاتێ چاوم کردەوە، دیتم خۆی کۆدەکاتەوە، شێوەی قەلاتەکەی گرتەوە و گوتی:

لەو رۆژانە دێمەوە.

لەو ژوورە من و ئەستێرەدارێ بێ ئەستێرە بە تەنێ ماینەوە. ئەوجا ئەمن لەبیرمچوو بڵێم لە یەکەمەوە تا دوا ئەستێرە، حەپەسابووم، زمانم بەسترا، ئەوا ئێستا زمانم گەڕا:

تۆ بۆ ئەو ئەستێرانەت بەرەللا کرد؟

دیتم بە بێدەنگی گچکە بۆوە، هێندەی گوڵەستێرەیەکی لێمایەوە. لە ناو پەنجەرە ئاوڕیدایەوە:

لەو تەنیشتە چاوەڕێتدەکەن. ئاگات لە ژنەکەم بێت.

دەستم گەیاندە شیشەی پەنجەرە، بانگی میرغەزەبێکم کرد. بە راوەشاندنی قامچی وەلامی

دامەوە. سەری سێ پەنجەم خوێنیان تێزا. کشامەوە و میرغەزەب گوتی:

چەند رۆژێکت ماوە، شێت مەبە.

هەوکە لەو جێیە راوەستاوم کە پێش بیست و یەک ساڵ پیری پەنهانزانی لێ راکشابوو. لێرەوە بە لاوک و ئەی رەقیبەوە، لە بن چاودێریی ئەبوو عەلا و ئەبوو نەجم و ئەو ئەبووانە سەربردەی ئەستێرانی دەگێڕایەوە. ئێستا تینووی لاوکم، زۆر تینوو. بۆ لاوکێ هەر تاوانێ با نەشمکردبێ، پێیلێدەنێم و دەڵێم من بووم. هاتە سەرم بانگی میرغەزەب بکەم، زاریشم هەڵێنا، بەڵام دەنگی پیری پەنهانزان زارمی بەست. دەنگی ئەو پیاوە نەگۆڕاوە وەکو رۆژی پێش گرتنەکەی ماوە:

بگە قەلاتێ ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە.

ماندووم، لە ترازم، لە سەر لادیوارێکی خشت لە سەر تیی بڵند راکشاوم. نازانم بە کام دیودا دەکەوم، کام دیویش لە مەرگ نزیکترە.

من ماڵاوا، تەواوکردنی چیرۆکەکە لە سەر ئێوە و ژنی ئەستێرەدارە.

٢٤

دوای دوا نـامه دەبـوو دوای دوو رۆژ ئازادبێـت، کەچی هەڕەشەی بکوژی برادەری ئەستێرەدار دوو ساڵی بۆ درێژکردەوە. بە دادوەری گوتبوو:

تا منی لەبیرمابێت، دەبێت لە زیندان بێت.

دوای سێزدە سـاڵ زینـدانی لە نـاوی جێ و شـت، هەر قەڵات قەڵاتیتـی. وەک بڵێـی تەنـێ ئەو نـاوەی لەبیرمـابێ. دەمەو ئێـوارەی سـێزدەی سـێی دوو هەزار و هەشـتە. لە سـەر قەڵاتـێ روو لە زینـدان دانیشتووین. من بە دەنگگرێک و پاشۆلی هەواڵەوە، ئەویش چاوی لە ئاسمان بڕیوە و چ ناڵێ. من دەڵێم:

ئەبـوو نەجـم ئەوەی ژنەکەتـی دزی، بە گـۆڕەکە کەوتـۆتەوە. بە قـووچەکە بەرد نیشـانی کـردووە. تـا جێیەکە سیمبەند نەکراوە با بگەینێ.

ئەو چاو لە ئاسمان ناکاتەوە و چ ناڵێ.

من دەڵێم:

خۆی لێرە نەماوە، بە دوای ئەبوو عەلادا چۆتە شام و لە بارەی پیاوی ناو ئایەتانەوە هەواڵی نوێ دەهێنێتەوە.

ئەو چاوی بە ئاسمانەوە و قڕوقەپ.

من دەڵێم:

جوگرافیاناس لە رێیە، دوو نەواری پیری پەنهانزانی دۆزیوەتەوە. لە گینە ببێتە دەستپێکی بەشی دووەمی چیرۆکەکەم.

ئەو چاوی لە ئاسمانە و دەڵێی بیستن و گۆکردنی لە دەستداوە.

من دەڵێم:

دەنگۆیەک هەیە، گوایە پیری پەنهانزان پەیدابۆتەوە.

ئەو چاو لە ئاسمان ناکاتەوە و مێش مێوانی نیە.

من دەڵێم:

سێزده ساڵه چاوەڕێتم، هێنده چاوەڕێی ئەستێرەدارم نەکرد.

ئەو چاوی به ئاسمانەوه و چۆته ئاسمانی نایەتەوه.

تاریک داهات، من دەڵێم:

نەوارەکه به بێدەنگی پڕبۆوه، به رستەیەک کۆتایی بەو چیرۆکه بهێنه.

ئەو جوولەیەکی تێدەکەوێ، به شوێن چاویدا پەنجه بۆ ئاسمان درێژدەکات و دەڵێ:

+ ئەستێرەکان، ئەستێرەکان، دەرکەوتن.

– کوا؟ من نایانبینم.

+ بڕوانه جێی پەنجەم.

چەندی دەڕوانم هیچ نابینم، دەست دەخاته سەر شانم، رادەچڵەکێم، نەرم شانم دەگوشێ، دەڵێ:

چاوت له چاوم نزیکبکەوه و تەماشاکه.

وای لەو هەموو ئەستێرەیە، لە کاکێشان روونتر و درەوشاوەتر، من پێشتریٚ ئەستێرەی وام نەدیتبوون، ئەها ناویان دەڵێ:

ئەوەی پێشی پێشەوە، پیاوی ناو ئایەتانە، جوان لێی بڕوانە دەیناسیەوە؟

ئای، دەڵێی شێوەی ئەوی گرت! چەند لەو وێنەیە دەچێ کە ئەستێرەدار نیشانی دام، شانم دەگوشێ و دەڵێ:

ئەوەی تەنیشتی، لای راستی، کوڕی غەزاڵی چاو ئەستێرەیە، دوای وی دوا داودە.

ئەستێرەکان لە دوای پیاوی ناو ئایەتانەوە دەبوونە سێ ریز، ناوی هەر کامیان دەڵێ، رێک شێوەی ئەو دەگرن، منداڵانە پێدەکەنێ و دەڵێ:

دەستی چەپ، سەرگەردانی خەندەی بایی، دوای وی، کوڕی عەبابەیلێ، دوای وی لاوکبێژە. ئەها ئەوەی دوای دوا داودیش ئەها شێوەی پەڕەشووت دەدات، ئەوە کوڕە ئاڵایە. ئەوانەی دواوە باش دیار نین، با نزیکتر بکەونەوە، ئەها، ئەوەی لە سەر هەموویانەوە زەرد دەچێتەوە، ئەستێرە زەردەکەیە، کچە فەلەیە...

له سەر قەڵاتەوە چ دەبینم! ئەوانە چۆن گەیشتنە ئاسمان و بوونە ئەستێرە، توند شانم رادەتەکێنێ و هەستدەکەم ئێمەش دەبینە ئەستێرە.

بەر لەوەی پۆلیسەکە تێمانبخورێ و لە ئەستێرانمان بکات و بەشی یەکەمی چیرۆکی ئەستێرەی قەڵاتێ بنی بێ، سێزدە، سێزدە ئەستێرەی پێناساندم:

ببینە، ببینە، ئەوەی بنەوە، وەک بڵێی هەمووانی لە سەر شانی خۆی راگرتووە و دەیهەوێ لێرە لە سەر قەڵاتێ رایانگرێ، نایناسیەوە کێیە؟

ناسیمەوە، پیری پەنهانزان بوو.

کەریم دەشتی:
لێتان ناشارمەوە کەم ڕۆمانی کوردیم خوێندۆتەوە، هێندە پەنهان ئامێزو پڕ لە گێڕانەوەی وردی هەزار شوێن و جێگا بێت، زنجیرەی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا زۆر سەرنج ڕاکێشە، گێڕانەوە لە ناو گێڕانەوەیە، خەونە لەناو خەون کە دەکرێ بڵێین ئاوایە؛
ڕۆماننووس لە زاری ئەبوو نەجمەوە بابەتەکان دەگێڕێتەوە، ئەبوو نەجم لە زاری پیری پەنهانزان بابەتەکان دەگێڕێتەوە، پیری پەنهانزان لە زاری پاڵەوانەکانی ناو یادستانی خۆی بابەتەکان دەگێڕێتەوە، هەموو کاراکتەرەکانی ناو ژووری ڕۆمانەکەش گێڕانەوەی گێرانەوەکان دەور دەکەنەوە. ئەمانە هەمووی لە یەک کات و لە یەک ساتدا ڕوودەدەن و سەدەیەک لە مێژوو دەخایەنێ، ئەوەشیان لە ڕێگای سەدان قەرتاڵە لە وشەی ناوازە و دەگمەنەوە، ڕۆمانەکە چنینبەند دەکەن، بە شێوەی بونیاتێکی ئەندازەیی و میعماری نوسراوەتەوە کە ئێستەتیکای دەقەکە دەنەخشێنێ، ئەوانەی کە باسیشی دەکەم بەسە بۆ ئەوەی بە ڕۆمانێک بڵێین زۆر جوانە، دەتوانم بڵێم بە قەد ڕۆمانی (الغرانیق المبکره)ی ئیتماتۆف و (میاه الربیع)ی تورگنیف و (آهوی من)ی دەولەتئابادی لەززەتم لێ وەرگرتووە.
ئەم ڕۆمانە شایەنی خوێندنەوەیەکی قووڵە کە پارچەیەک لە مێژووی بەسەرهاتەکان دەکات بە نموونەی ژیانی یەک سەدەی میللەتێک.

ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین
Mem u zin cultural center
memuzin20@gmail
Mem u zin